ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژماره ٧٧٤ ▪ چوارشەممە ٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٢٠ مەی ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا

## کەماڵ کەریمی: ئامادەیی تەواومان بۆ یەکگرتنەوە هەیە

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا ڕایگەیاند ئەگەر ئیرادەی یەکبوون هەبێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیە.

کەماڵ کەریمی ڕایگەیاند کە پرسی یەککگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات لە هەموو سالانی ڕابردوودا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگ بووە و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەردەوامی بە خەمییەوە بووە بۆوەی بتوانێ بە ئەنجامی بگەیەنێ. بەڕێزیان ئاشکرای کرد کە لە دوو ساڵی ڕابردوودا دوو جار لەگەڵ شاندی حدکا



دانیشتن کراوە بۆوەی ڕێگەیەک بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان بدۆزینەوە، بەڵام تا ئێستا وەڵاممان لە هاوڕێیانی حدکاوە پێ نەگەیشتوە.

(وردەکاریی زیاتر لە لاپەڕەی ٣ دا بخوێنەوە)

# ئیرادە بۆ یەکبوون هەبێ، ئێمە ئامادەین

سەروتار

## بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟

کەماڵ کەریمی

تەمەنی کاملی مرۆڤێک، یان تەمەنی چەند جیلی نەتەوەیەک، تەمەنی حیزبێکە کە هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە لەگەڵ زۆرترین و گەورەترین دوژمنکارییەکان بەرەوروو بووەتەوە. ئەم دوژمنکارییانە لە دوای دروستبوونی ئەم حیزبەوە نەک بۆ بەرگرتن لە گەشەکردنی، بەڵکوو ڕاست بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەیەک بووە کە داهاتوو و وەدیهێنانی ئامانجەکانی لە بوون و بەرەوپێش چوونی ئەم حیزبەدا دیتۆتەوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەم ساڵ بەرەو تێپەڕکردنی ٧٥ ساڵەی تەمەنی هەنگاو دەنێ، هەر بە دوای دەرکەوتنی لە سیاسەتی ئاشکرای نەتەوەی کورد لە ناوچەدا، دامەزرانی کۆماری کوردستانی کردە دیارییەکی مێژوویی بۆ نەتەوەی کورد. دیارییەک کە تەمەن کورتی و تێکشکان و لە دەستچوونی وەدیهێنەران و ڕێبەرانی نەتەنیا بە فەرامۆشییان نەسپارد، بەڵکوو بووەتە مایەی شانازیپێکردنی ئەم نەتەوە بندەستە لە نێو گەلان و کۆڕوکۆمەڵی دوور و نزیکدا. شتێک کە لە نێو گەلانی بێدەوڵەتدا کەم بینراوە و یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەم لە دایکبوونە سیاسییە بوو، ڕێکخستنی پێوەندییەکی نەتەوەیی لە نێو هەموو پێکهاتەکانی ئەو بەشە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بوو کە کەوتە ژێر نفووز و کاریگەریی فکری و ئیداریی ئەم حیزبەوە. ئەم پێکهاتانە بە دوور لە جیاوازیی ئایینی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و...

درێژە لە لاپەڕەی ٢



## نان بە نرخی ژیان

لە کاتێکدا کۆرۆنا هەموو وڵاتانی بە خۆیانەوە سەرقاڵ کردوە و لە حاڵێکدا کە دەوڵەتان هەرکام بەپێی بەرنامە و توانای خۆیان لە هەوڵی کەمکردنەوە لە کێشە و گرفتی هاووڵاتیانی خۆیان و پێڕاگەیشتنی مادی بەوان بۆ تێپەڕین لەو قۆناغە سەختەن، بەڵام کۆماری ئیسلامیی ئێران لە کوردستان هەروا خەڵک دەکوژێ.

بە پێی بانکی زانیاریی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم ٢٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. لەو ٢٢ کاسبکارە ١٢ کەسیان کوژراون و ١٠ کۆڵبەریش بریندار بوون. کۆڵبەرانی کورد کەسانی بێکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستانن کە لە ڕووی هەژاری وبێدەرەتانی و نەبوونی هیچ کار و پرۆژەیەکی وەبەرهێنان لە کوردستان بەناچار بۆ بژیوی ژیانی بنەماڵەکانیان ڕوویان لە کۆڵبەری کردوە.

کوژران و برینداربوونی ٢٢ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لە حاڵێکدایە کە لە ساڵی ڕابردووشدا (١٣٩٨ی هەتاوی) ٢٤٠ کۆڵبەر لە کورستان بەهۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لە دەست دابوو و بریندار ببوون. لەو ٢٤٠ کەسە ٧٣ کەسیان کوژراون و ١٦٧ کەسیش بریندار بوون.

هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی بە بیانووی پێبوونی کاڵای قاچاغ کۆڵبەرانی کورد دەدەنە بەر دەستڕێژی چەکەکانیان، لە حاڵێکدا بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان و توێژینەوەکانی مەجلیسی شووڕای ئیسلامی سەتا ٩٥ی باری قاچاغ بە بڕی ٣٦ میلیارد دۆلار لە ڕێگەی بەندەر، دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکان فرۆکەخانە و ئێسکەلە ڕەسمییەکانەوە هاوردەی وڵات دەکرێن.

لە دوو مانگی سەرەتای ئەمساڵدا لانیکەم ١٣ بەندکراوی کورد لە دار دراون و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم لانیکەم ٦٦ کەسیان بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی و ئەندامەتی یان هاوکاریکردنی حیزبێکی کوردیی دژبەری کۆماری ئیسلامی دەستبەسەر کردوە و زیندانییەکی سیاسیی کوردیش سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە.

لەو ٦٦ کەسەی لە ماوەی ئەم دوو مانگەی سەرەتای ساڵدا گیراون، ٢١ کەسیان دادگایی و سزای لە ٣ مانگ هەتا ٢٥ ساڵ بەندکرانیان (سەرجەم ١٥٣٥ مانگ) بەسەردا سەپاوە.

**حیزبی دێموکرات و خێڵی ناحەزانی**
سمایل شەرەفی
ل (٢)

**ماشینی ئاشتی و حیکمەتی کوردەناموسی**
ڕێبوار کەریمی
ل (٥)

**ناسیونالیزمی ئێرانی و گوتاری ڕەگەزپەرەستانەی فارسی_شیعی**
دیمانە: ڕەحمان سەلیمی
ل (٦و٧)

**خامنەیی، ماندووی ململانێ و دۆڕاوی هاوکێشەکان**
مادح ئەحمەدی
ل (٨)

**لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی**
و: مەنسوور مروەتی
ل (١٠)

درێژەی سەروتار

## بۆچی حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانج؟

...بیروباوەڕەوە لە یەک ڕیزدا ئەویش ڕیزی خەبات بۆ گەیشتن بە ئامانجە نەتەوەییەکانیان بۆ بەرگری لە مافە نەتەوەییەکانیان شانیان وە شانی یەک دا. لەو دەمەوە دروستبوونی بیری هاوخەباتی وەک باوەڕێک بووەتە هەوێنی بیر و سیاسەتی حیزبی دێموکرات و هەتا ئێستاش ئەم باوەڕە سەرەڕای هەموو دوژمنکارییەک و بەربەست دروستکردنێک یارمەتیدەر بووە بۆ هەوڵی پاراستنی یەکڕیزی نەتەوەیی کە ئاواتی هەموو تێکۆشەرێکی کوردە.

لەم ٧٥ ساڵەدا ئەوەی دوژمنی قەستەسەری کورد چ دەسەڵاتە پاشایەتییەکەی و چ کۆماری لە چەشنی ئیسلامییەکەشی لە ئێران لە دەستیان هات بە حیزبی دێموکراتیان کرد. لەو چەند دەیەدا بە لە سێدارەدان و تێرۆری ڕێبەرانی بگرە هەتا گرتن و ئێعدامی بە کۆمەڵ و شەهیدکردن و نیشاندانی تەرمی شەهیدەکان و شەڕفرۆشتن لە ئاستێکی گشتیدا، سیاسەتی بەکردەیی دەسەڵاتخوازانی پاوانخوازی ئێران بووە کە بەداخەوە زۆرجار بەشێک لە چەپ و کومۆنیستەکانیش جا چ کەوتبێتنە بەرەی دەسەڵات یا لە دژی بووبن، لەگەڵ ئەم سیاسەتە هاوئاهەنگ بوون. کەم نەبوون ئەوانەی کە لەنێوبردنی حیزبی دێموکراتیان وەک قۆناغی سەرەتا بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی دادەنا و خەباتی نەتەوەییان بە بیری کۆنەپەرەستانە و بەرهەڵست بۆ خەباتی چینایەتی ناودەبرد، با ئێستاش بە خشکە بایاندابێتەوە. بەڵام حیزبی دێموکرات بە پشتبەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان ئەو خەڵکەی کە لە هەلومەرجی سەختی خەبات بۆ ڕزگاری تەنیا پشت و پەنای حیزب و پێشمەرگەکانی بوون و بە تەحەمولی بەرپرسانەی و بۆ پێداگری لەسەر پەیامەکەی دامەزرێنەری حیزب بۆ پاراستنی یەکڕیزی و هاوخەباتی لە نێوان هەموو چین و توێژەکان و بیروباوەڕە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئەم قۆناغانەی تێپەڕ کرد. بەڵام بۆ هەر جارناجارە حیزبی دێموکرات دەکرێتە ئامانجی هێرش و تیروتوانجی کەسانێک کە خۆیشیان بە هەر بیروبۆچوونێکەوە وەک کورد بەشێکن لەو جەستەی کە دوژمن دەیەوێ ئاگری تێبەردا، جێگەی هەڵوێستە کردنە.

ئەوەی دەبیندرێ لە دوای زیاتر لە ٧ دەیە خەبات، ئەم حیزبە کە خەڵکی کوردستان بە حیزبی قازی، قاسملوو، شەرەفکەندی دەناسن بووەتە خاوەنی پێگەیەک کە لەگەڵ هەر کەموکورتییەک کە هەیبێ بووەتە جێکەی متمانەی خەڵک. خەڵکی کوردستان ئێستا دامەزرێنەری ئەم حیزبە پێشەوای نەمر قازی محەممەد، وەک ڕەمزی نەتەوەیی خۆیان دەناسن و دوکتور قاسملوو بە ڕێبەری سیاسی و بیر و بۆچوونەکانی بە ڕێنیشاندەری ڕێی خەبات بۆ ئازادی دەزانن. ئێستا ئیتر ئەو سەردەمە نەماوە کە کەف و کوڵی هەستی هێندێک گەنجی ساویلکە هەڵخرێندرێ و بە تۆمەتی کۆنەپەرستیی حیزبی قازی و، سازشکاری و تەسلیمتەڵەبیی! قاسملوو بتوانرێ بە تیغ لێدان لە ڕەگی داکوتاوی ئەم حیزبە زیانێک بە بزووتنەوەی کورد بگەیەنرێ. ئەوەی بۆ حیزبی دێموکرات گرینگە بەرەوپێش بردنی خەبات لەسەر ڕێچکەی ڕێبازی ئەم دوو پیاوە مەزنەی کوردە کە هەتا ئێستا توانیویەتی دڵخۆشی لای خەڵک بهێڵێتەوە و هومێدێکیان بە داهاتوو بمێنێ. بۆیە هیچکات و لە هیچ سەردەمێکدا ناساندنی ڕێبەرانی ئەم حیزبە بە کۆنەپەرست و سازشکار و ئیسلاحتەڵەب و خۆبەدەستەوەدەر کە هەمووی بە مەبەستی لێدانی حیزبی دێموکرات بووە، نەیتوانیوە کار بکاتە سەر ڕەوتی خەباتی سیاسی و پێداگری ئەم حیزبە لە سەر مافە نەتەوەیی و کۆمەڵایەتییەکانی خەڵکی کوردستان و هۆکاری زیاتربوونی خۆشەویستی و متمانەی خەڵک بۆ حیزبی دێموکراتیش دەگەڕێتەوە بۆ متمانەبەخۆبوونی تێکۆشەرانی ئەم حیزبە.

لەکۆتاییدا ئەوەی بیر و بەرنامەی حیزبی دێموکرات بە ئێمە دەڵێ ئەوەیە کە، خەبات لە پێناو ئازادیی نەتەوەیەکدا پێویستی بە یەکریزی نەتەوەیی و خۆشکردنی ڕێگەی هاوخەباتی هەموو خەڵکی کوردستانە بە هەموو بیروباوەڕێکی جیاوازاوە ئەوەش بە دڵگەورەیی دێموکراتانە دەکرێ. دابەشکردنی نەتەوەی کورد بەسەر من و ئەودا نە تەنیا قازانجی بۆ کورد نەبووە، بەڵکوو دەتوانێ زیانی گەورەتریش بە ڕەوتی خەبات و داهاتوومان بگەیەنێ. چاوخشاندنەوە بە مێژوودا بۆ ئەوەندە باشە کە ئەو دەرسەی لێوەربگرین کە تووشی هەڵەکانی ڕابردوو نەبینەوە.

# حیزبی دێموکرات و خێڵی ناحەزانی



سمایل شەڕەفی

حیزبی دێموکراتی کوردستان بە درێژایی ئەم نیزیک لە ٧٥ ساڵەی تەمەنی کە لەلایەن دەسەڵاتی دژبە کوردی ناوەندگەرای ئێرانی (بە هەردوو ڕێژیمی پاشایەتی و ئیسلامی)ـیەوە بە شێوەی جۆراوجۆر لێی دراوە و هەوڵی لاوازکردن و تەنانەت سڕینەوەشی دراوە، لەسەر ئاستی نێوخۆیی بزووتنەوەی کوردستانیش، بێبەش نەبووە لە تیری هەلپەرستان، نەیاران و ڕکەبەرانی. هەر لە سەرەتای دامەزرانیەوە بە تاوانی هەڵگرتنی بیروباوەڕی نوێخوازی و تەسلیمنەبوون بەرامبەر بە مەیلی دەسەڵاتی خێڵەکی و دووڕاگرتنی سیاسەت لە باوەڕە سواو و نەریتیی کۆمەڵگە کە بە درێژایی چەند سەد ساڵ جووڵانەوەکانی کوردیان تووشی شکست کرد، لە لایەن بەشێک لە فێئۆدال و سەرۆک عەشیرەکانەوە دژایەتیی کرا. پشتتێکردنی بەشێکی ئەم چینە لە کۆماری کوردستان و پێشەوا قازی محەممەد و دەستتێکەڵکردنی ژێربەژێریان لەگەڵ کاربەدەستانی تاران و خیانەتکردنیان لە حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمار و پێشەوای شەهید، یەکێک لە هۆکارە هەرە کاریگەرەکانی تێکچوونی ئەم دەسکەوتە مێژوویی و نەتەوەییە بوو.

ئەم حیزبە کە بە دەرسوەرگرتن لە ئەزموونی بزووتنەوەکانی پێش خۆی، ڕوانینێکی سەردەمیانەی لە شێوازی خەبات و نێوەرۆکی داخوازییەکانی و فەرهەنگی کاری هاوبەشی ڕێکخراوەیی هێنایە نێو بزووتنەوەی کورستانەوە، لە درێژەدان بەم ڕێگایە و کارکردن بۆ جێخستنی ئەم تێفکرین و شێوازە نوێیە، بێنەیار و دژبەر نەبووە. لە قۆناغێکی هەرە هەستیاری خەباتی ئەم حیزبەدا و دوای پشتڕاستنکردنەوە لەژێر کارەساتی ڕووخانی کۆماری کوردستان و لەسێدارەدرانی پێشەوای سەرکۆمار و گیرانی بە سەدان کەس لە ئەندامانی، لە هەر دوو ئاستی ئێرانی و نێوخۆیی نێو بزووتنەوەی کورددا هەوڵی لە پاشکۆدا هێشتنەوەی ئەم حیزبە و دژایەتیی گەورە بوونەوەی و سەربەخۆ بوونی دراوە. ئەگەر لە لایەک ڕێبەرانی حیزبی توودە هەموو هەوڵێکیان دەدا ئەم حیزبە کە ڕێبەری بزووتنەوەیەکی سەربەخۆی نەتەوایەتی و دامەزرێنەری کۆماری کوردستان بوو، لە بازنەی لقێکی چووکەی حیزبی توودەدا بیهێڵنەوە، لە ئاستی شۆڕشی کوردستانیشدا هەبوون کەسان و لایەنگەلێک کە بە گوشار خستنە سەر بەشێک لە ڕێبەرانی ئەم حیزبە، چاوی دیتنی دامەزرێنەری کۆماری کوردستانیان نەبوو و هەوڵی لە پاشکۆ ڕاگرتنی ئەم حیزبەیان دەدا.

گومان لەوەدا نییە کە خۆبەدەستەوەنەدان و بووژانەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لەسەر پێیخۆ ڕاگرتنی هەروا ئاسان و بێهەزینە نەبوو. تەنیا ئیرادەیەکی شۆڕشگێڕانەی لێبڕاو بوو کە توانی ئەم شکۆیە بۆ حیزبی دێموکرات بگەڕێنێتەوە.

ئەوانەی لەم شەڕەدا بەرامبەر بە ڕێبەرانی ژیر و پێشمەرگە قارەمانەکانی ئەم حیزبە و بە گشتیی پشتیوانانی ڕاستەقینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، تووشی شکان و ناکامی هاتن، لە قۆناغێکی دیکەی ئەم حیزبەدا، ژەهری کۆنەقینی خۆیان بە حیزبی دێموکرات ڕشت و بە درز خستنە نێو ڕیزەکانی ئەم حیزبە هەر لە یەکەم ساڵەکانی دوای شۆڕشی ١٣٥٧ـدا کە میللەتەکەمان خۆی بۆ قۆناغێکی دیکە لە خەبات ئامادە دەکرد، ئاژاوەیان نایەوە. هەر لەم پێوەندییەدا نەیارانی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی خەڵکی کوردستان لە ئێران لە هاوپەیمانییەکی ناپیرۆزدا شەڕیان دژ بە حیزبی دێموکرات ڕاگەیاند.

سەرەڕای هەڵگرتنی هەموو ئەم زام و برینە بەژان و نەفرەت لێکراوانە، حیزبی دێموکرات بە پشتبەستن بە ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، گرتنە پێشی سیاسەتێکی دروست، بەرەنگاریی ڕەوای هێزی پێشمەرگە و باوەڕمەندبوون بە ڕەوا بوونی داخوازییە نەتەوەییەکانی خەڵکی کوردستان، زۆری هەوڵ دا کە لە ڕێگەی ئاشتیخوازانەوە قەزیەی کورد لەگەڵ تاران چارەسەر بکا. بەڵام بەداخەوە ئەگەر لە لایەک ڕێژیمی تازە بە دەسەڵاتگەیشتووی کۆماری ئیسلامیی ئێران هیچ باوەڕێکی بە چارەسەری ئاشتییانەی ئەم پرسە نەبوو، لە لایەکی دیکەشەوە هەر لەسەر ئاستی نێوخۆی کوردستان، کەم نەبوون ئەو هێز و لایەنانەی کە تەنیا بۆ دژایەتی لەگەڵ حیزبی دێموکرات و ترس لە پێگەی جەماوەریی ئەم حیزبە و لێهاتوویی و خۆشەویستیی ڕێبەرانی، دژایەتیی گوتار و ڕێکاری نەتەوەیی و ئاشتیخوازانەی ئەم حیزبەیان دەکرد. ئەوان کە تا ئێستاش بەداخەوە چاویان بەرایی دیتنی پێگەی مێژوویی و نفووزی جەماوەریی ئەم حیزبە نادات، بە ناوهێنان و پێناسەکردنی بزووتنەوەی نەتەوەیی و ناسیۆنالیستیی کورد بە "کۆنەپەرستی" و، بە "دواکەوتوو"زانینی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان، لەژێر ناوی جۆراوجۆری نامۆ و نارەسەن بە تێفکرینی خەباتی خەڵکی کوردستان، دژایەتیی حیزبی دێموکراتیان کرد. ئەو تەیف و لایەنانەی کە ئێستا و لەم ساڵانەی دواییدا ١٨٠ دەرەجە لە باوەڕ و تێڕوانینەکانی خۆیان وەرسووڕان، بۆ ماوەی نزیک بە ١٠ ساڵ، لەژێرکارتێکەریی کۆمەڵە کەسێکی گۆشکراو بە بیری تەواویەتخوازی ناوەندگەرای ئێران، شەڕێکی ناموبارەکیی نێوخۆییان بەسەر بزووتنەوەی کوردستاندا سەپاند. ئەویش ڕاست لە قۆناغێکدا کە زۆرێک لە شار و ناوچەکانی کوردستان لەژێر کۆنترۆڵی هێزی پێشمەرگەدا بوو و دەکرا _ئەگەر هاوکاری و یەکیەتییەکی بەکردەوە هەبا، یان لانیکەم ئەم شەڕە نێوخۆییە نەبا_ ڕەوتی خەبات بە ئاراستەیەکی دیکە و دڵخوازدا چووبا.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە زۆر جار بە چاوێکی ڕەخنەگرانەوە سەیری ڕابردووی خۆی کردوە و هەموو ئەم دژایەتییانەی بەرامبەری کراوە لێک داوەتەوە، بەردەوام هەوڵی ئەوە بووە کە؛ وێڕای نەفرەت کردن لە هەموو شەڕێکی خۆبەخۆ و چاوپۆشی لە هەموو ئەو هەوڵانەی بەرامبەری کراوە، وەک هەمیشە باسی لە یەکیەتی و یەکگرتوویی نێوماڵی کورد و حیزبە سیاسییەکانی کوردستان کردوە. بە تایبەت لەم ساڵانەی دواییدا پێداگری لەسەر ئاشتەوایی نێوان ڕەوت و جەریانە سیاسییەکانی کوردستان بۆتە بەشێک لە گوتار و کردەوەی ئەم حیزبە. بە خۆشییەوە هەر وەک چاوەڕوان دەکرا ئەم باوەڕ و تێڕوانینەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ زەروورەتەکانی خەباتی ئێستای میللەتەکەمان و حیزبە سیاسییەکان، لە لایەن خەڵکی کوردستان و زۆرێک لە حیزبەکانەوە پێشوازیی بەرچاوی لێ کراوە و تەنانەت بە کردەوەش هێندێک دەسکەوتی بەرچاوی وەک سازبوونی هاوپێوەندیی نێوان حیزبەکانی لێ پێک هاتوە. بەڵام بەداخەوە ماوەیەکە کۆمەڵێک کەس و لایەن، هەر کەسە و بە شێواز و مێتۆدێکی جیاواز، جۆرێک لە هێرشی سیستماتیکی تەبلیغییان دژبە حیزبی دێموکراتی کوردستان و مێژوو و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە دەست پێکردوە کە لە نێوەرۆکدا هەر هەموویان "بای کۆن بەباکردن"ـە.

لەم پەلاماردانانەدا لە لایەک بە پەنابردن بۆ بڵاوکردنەوەی بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی پێوەندیدار بە قۆناغە پڕ لە ژان و خەسارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان، هەوڵ دەدەن ڕابردووی ئەم حیزبە، ڕێبەران و کەسایەتییەکانی خەوشدار بکەن. لە لایەکی دیکەوە هەر جارەو بە بیانوویەک کە ئێستا باسێکی مێژوویی بەڕێز کاک خالید عەزیزی، سکرتێری گشتیی حیزبیان لەسەر کاریگەریی ڕەوتە ڕادیکاڵەکانی کوردستان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی دوو کەسایەتیی مەزهەبیی کورد کردۆتە بیانوو بۆ هێرش بۆ سەر حیزبی دێموکرات و کەسایەتییەکانی ئەم حیزبە. لە تەواوی ئەو لێدوان و نووسینانەدا هەموو هەوڵەکە ئەوەیە کە جارێکی دیکە کۆنەقینی خۆیان بە حیزبی دێموکرات بڕێژن کە ئەوەیان شتێکی تازە نییە و عادەتمان پێ کردوە. بەڵام ئەوەی لێرەدا زۆر گرینگە وڵامی ئەو پرسیارەیە؛ بۆ لە ماوەی بەتایبەت ئەم چەند ساڵەدا ئەم هێرشانە بۆ سەر حیزبی دێموکرات دەستی پێکردۆتەوە؟!

بە سەرنجدان بەو ڕووداوانەی لەم چەند ساڵەدا لە نێوخۆی وڵاتەوە هاتوونە ئاراوە و پێوەندیی ڕاستەوخۆیان بە ڕەفتاری سیاسی، فەرهەنگی، کۆمەڵایەتی و بە گشتی جەماوەریی خەڵکەوە هەیە، دەرکەوتوە و سەلمێندراوە کە جێگە و پێگەی حیزبی دێموکرات لە ئاستێکی بەرزی جەماوەریدایە. سەلمێندراوە کە ڕێبەرانی شەهیدی ئەم حیزبە؛ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی، تەنانەت بۆ نەسڵی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان هێما و سەمبولی خەبات و نەتەوەن، سەلمێندراوە کە کۆماری کوردستانی ٧٤ ساڵ پێش لە ئێستا، نە تەنیا لە یادەوەرییەکاندا چەسپاوە بەڵکوو بۆ نەسڵی نوێی کۆمەڵگەی کوردستان ئیلهامبەخشی دووبارەبوونەوەیەتی. سەلمێندرا کە حیزبی دێموکرات، قەڵای لەگیراننەهاتووی ئیرادەی نەتەوەیەکی مافخوازە کە مووشەکە مۆدێرنەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە تاران، توانای بە بەچۆکدا هێنانی نییە. ٢١ی خەرمانانی ١٣٩٧ ئەو ڕاستییەی سەلماند کە حیزبی دێموکرات وەک هەمیشە -سەرەڕای هەموو ئەو گیروگرفت و کەمایەسییانەی کە هەیەتی- ڕێبەری بزووتنەوەی میللی-دێموکراتیکی کوردستانە.

ئەم ڕاستانەی سەرەوە وڵامی ڕاستەقینەی ئەو پرسیارەیە، نەیارانی حیزبی دێموکرات توانای دیتن و قبووڵکردنی ئەم واقعیەتانەیان نییە؛ بۆیە لە کۆتاییدا ماوەتەوە بڵێین:

١) مێژووی پڕ لە سەروەری و شانازیی حیزبی دێموکرات کە بەشێک لە ماهییەت و کەسایەتیی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی خەڵکی کوردستانە، نە تەنیا بە کۆمەڵێک لێدوان و نووسینی بێبنەما خەوشدار ناکرێت، بەڵکوو بە ئەمانەتەوە ڕێنیشاندەری ڕێگا و ڕێبازی داهاتووی بزووتنەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە.

٢) بێڕێزی و سووکایەتیکردن بە ڕێبەران و کەسایەتییە ناسراو و شوێندانەرەکانی بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستان بە گشتی و حیزبی دێموکرات، بە تایبەت ڕێبەرانی شەهیدمان؛ پێشەوا قازی محەممەد، دوکتور عەبدولڕەحمان قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی -کە بەشێکە لە هەوڵی دوژمنکارانەی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران- مەحکوومە.

٣) هەوڵدان بۆ نانەوەی ناکۆکی لە نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێز و لایەنەکانی دیکەی کوردستان چ لە ڕۆژهەڵات و چ لە بەشەکانی دیکەی کوردستان، لە ڕێگای هەڵدانەوەی لاپەڕە ماوەبەسەرچووەکانی مێژوو، جیا لە خزمەتکردن بە ئامانج و مەبەستی دوژمنانی خەڵکی کوردستان، ناو و مەبەستێکی دیکەی نییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە پێگەیەکی نەتەوەیی و جەماوەری هەیە، هەروەک لە ڕابردوودا نیشانی داوە، جێی هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستانە و شکۆی ئەم حیزبە ڕیشەی لە باوەڕ و ئیرادەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستاندایە.

***



کوردستان
● ژمارە: ٧٧٤
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٢٠ی مەی ٢٠٢٠

# زانستی شەڕ لە پێشەوەی چەکی پێشکەوتوو

**چەک و تێکنۆلۆژیی نیزامی بەو ڕادەیە کە لە مەیدانی شەڕ بەدژی دوژمن یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتن، بەو ڕادەیەش پێویستیان بە لێزانی و شێوازی کەلک لێوەرگرتن هەیە، بەڵام مێژووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەندامانی ئەو هێزانە بە تایبەتی لە چەکە پێشکەوتووەکاندا هیچ شارەزاییەکیان نییە و، لە کاتی پێویستدا ناتوانن لە نێوان هێزەکانیان لە کاتی مانۆڕ یا مەیدانی شەڕدا ئەو هەماهەنگییە پێک بێنن و، بەو ڕابردووەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هەیانە دەتوانین بڵێین لە هەر هەڵەیەکیاندا کارەساتێکی ئینسانی دەخولقێ**


عومەر باڵەکی

لەم ڕۆژانەدا بەهۆی تەقەی مووشەکیی پاپۆری نیزامیی جەماران لە بەلەمێکی نیزامیی ئەرتەشی ئێران بە ناوی "کنارک"، ١٩ کەس کوژران و ١٥ کەسی دیکەش بریندار بوون. ئەوە لە حاڵێکدا ڕووی داوە کە جیهان سەرقاڵی بەربەرەکانی لەگەڵ ڤیرووسی کرۆنایە، کە کاریگەریی لەسەر هەموو جومگە سیاسی، کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ئەم ڕۆژانەی جیهان داناوە و، لەم کاتەدا تاقیکردنەوەی مووشەک زۆر ناپێویست دەنوێنێ؛ مەگەر ئەوەی شتی وا هەر لە کۆماری ئیسلامی چاوەڕوان بکرێ.

ئەم ڕووداوە سەرەڕای ئەوەی کە خەساری ماڵی و گیانیی زۆری هەبوو، بەڵام بەهۆی ئاڵۆزیی لە ڕادە بەدەری دۆخی جیهان و بە تایبەت ناوچە و، ئاساییبوونی ڕوودانی ئەم هەڵە نیزامییانە و ئەگەری دووپات بوونەوەشیان، ڕەنگە تەنیا وەک هەواڵێک گرینگیی پێ بدرێ. بەڵام لە ڕوانگەیەکی دیکەوە ئەم بابەتە گرینگیی تایبەتی هەیە و وەبیرهێنەوەی بەردانەوەی فڕۆکەی ئۆکراینییە کە ئەویش هەر بەهۆی مووشەکەکانی سپای پاسدارانەوە بوو.

پرسیار ئەمەیە بۆچی هێزی سپای پاسداران لە ماوەی تەنیا چوار مانگدا دوو کارەساتی لەم چەشنەی خولقاند؟ ئایا ناکارامەیی پێرسێنێلی نیزامییە یا سیستمی ڕێکخستنی ئەو هێزانە کەموکورتیی تێدایە؟ بۆ ڕوونکردنەوەی وڵامی ئەو پرسیارانە و گەلێک پرسیاری دیکە پێویستە سووکە ئاوڕێک لە کارنامەی ئەم هێزانە بدەینەوە کە لە سەرەتای دامەزرانیانەوە بە دەیان کارەساتی وایان خولقاندوە و، زۆر جار خەساری مرۆیی و مادیی ئەو ڕووداوانە -بە پێی سەرچاوەکانی سەردەمی شەڕی هەشت ساڵە- زۆر زیاتر لە بەرەی شەڕ لەگەڵ دوژمنیان بووە.

لێرەدا ئاماژە بە چەند نموونەیەک دەکەین، کە پێمانوایە ئەم تەقە لەخۆ کردنانە لە ئاستی هەڵە و نەزانین تێثەڕیوە و تەنانەت دەکرێ مەبەستی کوشتن و لابردنی جیابیرانی تێدا بێ.

ئەگەر چاو بە مێژووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامییدا بخشێنین پڕە لە کارەساتی سەیر وسەمەرەی لەم چەشنە، بۆ نموونە لە ٢٧ـی ڕەزبەری ١٣٥٩ی هەتاوی فڕۆکەیەکی جۆری فانتۆمی ئێران لە ئاوەکانی کەنداوی فارس، تەقە لە کەشتی بچووکی شەڕکەری ئێرانی بە ناوی "مهران" دەکا کە لە ئاکامدا نوقم دەبێ و ٣١ کەس لە پێرسێنێلەکەی دەکوژرێن. هەر لەو کاتەدا کەشتییەکی شەڕکەری دیکەی ئێرانی بە ناوی "تیران" دەیهەوێ یارمەتیی کەشتیی "مهران" بدا کە ئەویش دەکەوێتە بەر هێرشی مووشەکیی فڕۆکەیەکی دیکە و لە ئاکامدا لەکار دەکەوێ.

لە ١٥ی گەلاوێژی ٦٦ـیشدا فڕۆکەیەکی ئێف ٥ لە حاڵێکدا لە عەمەلیاتی شناسایی لە قووڵایی خاکی عێراقەوە دەگەڕێتەوە، دەکەوێتە بەر ئاوری دژە ئاسمانیی سپای ئێران و لە ناوچەی سەردەشت بەردەبێتەوە و فڕۆکەوانەکەشی بە ناوی عەباس بابایی دەکوژرێ. حاڵەتێکی دیکە بەربوونەوەی فڕۆکەی سی_١٣٠ کە هەڵگری فەرماندە پلەبەرزە نیزامییەکان بوو کە لە ٧ـی ڕەزبەری ١٣٦٠ـدا بە هۆی مووشەکی دژە ئاسمانیی هێزەکانی ئێران بەربووەوە کە هەڵگری کەسانێک لە پلەی وەزیر و فەرماندەهیی ئەرشەدی سپای پاسداران بوو، هەرچەند ئەو کات دەزگای ڕاگەیاندنی کۆماری ئیسلامی بەربوونەوەی ئەو فڕۆکەی هێنا بەسەر هێزە عێراقییەکاندا، بەڵام هێندێک لە فەرماندە نیزامییەکانی ئێران لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە ئەو فڕۆکەیە بە هۆی تەقەی هێزە خۆییەکان بووە و لە ساڵانی دواییدا ئەو ڕاستییە ئاشکرا بوو، بەڵام کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی دەنگیان لێوە نەهێنا.

هەروەها فڕۆکەیەکی شەڕکەری ئێف ١٤ کە بە قسەی فەرماندە نیزامییەکانی ئێران لەو کاتدا یەکێک لە باشترین فڕۆکەکان بوو، بۆ بەڕێوەبردنی عەمەلیاتی نیزامی لە ڕێکەوتی ١٢ی گەلاوێژی ١٣٦٦ بە هۆی مووشەکی دژە فڕۆکە لە لایەن هێزەکانی ئێرانەوە خرایە خوارەوە. خاڵە سەرنجڕاکێشەکە ئەوەیە لە مێژووی نووسراوی شەڕی ئێران و عێراقدا زۆر کەم بەر چاو دەکەوێ باسێک لە هەڵە و کەموکورتی کرابێ.

ئەم ڕووداوانە ڕەنگە لە هەر شوێنێکی دنیا ڕوو بدەن و کەسانی سڤیلیش ببنە قوربانیی شەڕ، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرینگە دوو بابەتە: یەکەم چۆن بتوانرێ ئەم ڕووداوانە بگاتە کەمترین ڕادە و دووهەم لێکۆڵینەوەی ڕوون و ئاشکرا بکرێ لەسەر چۆنیەتیی ڕوو دانەکەی. چونکە کەسوکاری کوژراوەکان لە هۆکارەکان دەپرسن و کەمترین خواستی ئەوان زانینی چۆنیەتیی پێشهاتەکەیە. ئایا هەر تەنیا هەڵەیەک بووە و یا دەستی ئەنقەستی تێدا بووە؟ ئەگەر هەڵە بووە دەسەڵاتداران چ ڕێکارێک دەگرنە بەر بۆ ڕێگری لە دووپات بوونەوەی ئەو جۆرە ڕووداوانە. بەڵام دەبینین لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بە تەنیشت ئەو ڕووداوانەدا تێپەڕیون و هیچ ڕوونکردنەوەیەکی ئاشکرایان نەبووە و هەوڵیان داوە بە جۆرێک لە جۆرەکان ئەو ڕووداوانە پەردەپۆش بکەن، لە حاڵێکدا کە هەم تەلەفاتی گیانی هەم زیانی ماڵییان هەبووە و تەنانەت کەسانی ئاگادار ئەگەر بێدەنگ نەبوون بە جۆرێک لە جۆرەکان بێدەنگیان کردوون. بۆ نموونە دەتوانین باس لە پەروەندەی بەربوونەوەی فڕۆکەی ئۆکراینی بکەین کە هەتا ئێستا کۆماری ئیسلامی هیچ ڕوونکردنەوەیەکی مەحکەمە پەسەندی ڕوو بە بیروڕای گشتی نەداوە و؛ تەنانەت هەتا ئێستا لە دانی سەندووقی ڕەش بە وڵاتانی حەقدار لەو پەروەندەیەدا خۆی بواردوە.

دەوڵەت و دەسەڵاتداریی بەرپرس لە ڕوودانی ڕووداوی لەم چەشنەدا یەکەم کارێک کە دەیکەن ئەوەیە کە چۆنیەتیی ڕووداوەکان بە شێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆیان باس دەکەن بۆ ئەوەی متمانە لەدەست نەدەن و، لە هەمان کاتدا هەوڵ دەدەن لە هۆکاری خولقانی ڕووداوەکە بکۆڵنەوە و بیکەن بە تەجروبە بۆ ئەوە پێشگیری بکەن لە دووپات بوونەوەی.

وێدەچێ دەسەڵاتی تاران ڕووداوی ئەم جارەش پەردەپۆش بکا، بەڵام دەبێ گەلانی ئێران ئەو ڕاستییە بزانن کە ئەگەر ئەم ڕووداوە بە ئاقارێکی دیکەدا ڕۆیشتبایە ڕەنگە کارەساتی گەورەی بۆ گەلانی ئێران بە دواوە بوایە، چونکە بە هۆی سیاسەتە هەڵە و توندئاژۆکانی دەسەڵاتدارانی ئەم وڵاتە، ئەو ناوچەیە بۆتە ناوچەیەکی بە تەواوی نیزامی و ئاوەکانی دەریای عەمان و کەنداوی فارس پڕە لە کەشتیی گەورەی نیزامیی دەوڵەتی ئەمریکا و هاوپەیمانانی و، هەر وەکی پێشتر باسمان کرد ئەگەر ئەو مووشەک پێوەنانە بە هەڵەش بووبێ ڕووی لە یەکێک لەو کەشتییانە کردبایە، دەیتوانی ببێتە هۆکار و پڕیشکی ئاوری شەڕێکی ماڵوێرانکەرکە لەو نێوەدا هەر خەڵکی ئێرانن زەرەرمەندی ڕاستەقینە دەبن.



ئەم ڕاستییانە زیاتر لە بیرەوەریی فەرماندەکان و کەسانێک کەوا شایەدی ئەو ڕووداوانە بوون بەرچاو دەکەوێ. ئەمەش خۆی سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە کە دەسەڵاتدارانی نیزامیی کۆماری ئیسلامی کەسانی بەرپرس و وڵامدەر نین و هەموو کات بە شاردنەوەی ڕاستییەکان هەوڵیان داوە، خۆیان لە بەرپرسیارەتی بدزنەوە بۆ ئەوەی ئامانجی سەرەکییان کە پاراستنی نیزامە خەوش هەڵنەگرێ.

ئەگەر بمانهەوێ باس لە هەموو ئەو ڕووداوانە بکەین کە بە هۆی تەقەی هێزە خۆییەکان لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا ڕووی داوە، دەبێ پێرستێکی دوور و درێژ ئامادە بکرێ کە لە توانای ئەم نووسینەدا نییە، بەڵام لە هەمان کاتدا ئەگەر وا دابنێین چەند نموونەی دوایی کە باس کرا لە کاتی شەڕدا بووە و، ئەگەری ڕوودانی ڕووداوی لەم چەشنە زۆرە؛ کە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ ڕادەی زانیاریی فەرماندەیانی نیزامی لە زانستی شەڕ و بە ئاگاییان لە شێوەی بەکارهێنانی چەک و تەقەمەنی لە کاتی خۆی و شوێنی خۆیدا. بەڵام دوایین نموونەکان خۆ لە کاتی شەڕدا نییە و پاساوێک هەڵناگرێ بێجگە لە ئاستی نزمی زانیاریی نیزامیی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی.

چەک و تێکنۆلۆژیی نیزامی بەو ڕادەیە کە لە مەیدانی شەڕ بەدژی دوژمن یارمەتیدەرن بۆ سەرکەوتن، بەو ڕادەیەش پێویستیان بە لێزانی و شێوازی کەلک لێوەرگرتن هەیە، بەڵام مێژووی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێ کە ئەندامانی ئەو هێزانە بە تایبەتی لە چەکە پێشکەوتووەکاندا هیچ شارەزاییەکیان نییە و، لە کاتی پێویستدا ناتوانن لە نێوان هێزەکانیان لە کاتی مانۆڕ یا مەیدانی شەڕدا ئەو هەماهەنگییە پێک بێنن و، بەو ڕابردووەی هێزە نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی هەیانە دەتوانین بڵێین لە هەر هەڵەیەکیاندا کارەساتێکی ئینسانی دەخولقێ.

بۆیە دنیا لەسەری کۆکە کە کۆماری ئیسلامی دەستی بە چەکی ناوکی ڕانەگا، چونکە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی مانەوەی دەسەڵاتی خۆیان لە شێواندنی ناوچە و دنیادا دەبینن، هەناردە کردنی شۆڕش و دەستێوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە تەواوکەری پێناسەی شەڕەنگێزی ئەو نیزامەیە و لەو حاڵەتەدا ئەگەر ئەو جۆرە چەکانە لە دەستی کەسانی بەرپرس و ئەرکوەخۆگردا نەبێ هەڕەشەیەکی گەورە دەبێ بۆ سەر ئاسایشی جیهان و دەوڵەتان.

## کەماڵ کەریمی: ئامادەیی تەواومان بۆ یەکگرتنەوە هەیە



کەماڵ کەریمی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە پێوەندی لەگەڵ پرسی یەکگرتنەوەی دێموکراتەکاندا ڕایگەیاند ئەگەر ئیرادەی یەکبوون هەبێ، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئامادەیە.

کەماڵ کەریمی کە بەرپرسی هەیئەتی وتووێژی حیزبی دێموکرات بۆ پرسی یەکگرتنەوەیە، لە وتووێژێکدا لەگەڵ تۆڕی میدیایی "ڕووداو" ڕایگەیاند کە پرسی یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات لە هەموو ساڵانی ڕابردوودا بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان گرینگ بووە و دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەبەردەوامی بەخەمیەوە بووە بۆوەی بتوانێ بە ئەنجامی بگەیەنێ.

بەرپرسی شاندی دانوستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەگەڵ حدکا ڕایگەیاند ئەگەر ئیرادەیەکی پتەو بۆ یەکبوونەوە هەبێ، دەکرێ بنچینەیەکی قایمی داڕێژراو بۆ یەکیەتیی ڕیزەکانی حیزب و بەردەوامی خەباتی سیاسیی حیزبەکەمان دابندرێ. چاوەڕوانی بەرحەقی خەڵک و ئەزموونەکانی ڕابردوو پێمان دەڵێن کە دەبێ بە دەستنیشانکردنی هۆکارە سەرەکییەکانی دابڕان، بناغەیەکی پتەو بۆ دروستکردنەوەی حیزبی دێموکراتی یەکگرتوو دابنێین.

کەماڵ کەریمی لە پێوەندی لەگەڵ کاتی دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان ڕایگەیاند کە پرسی دەستپێکردنەوەی وتووێژەکان هەم زەروورەتی خەباتی سیاسی و هەم ئەرکی سەرشانی دێموکراتەکانە. ئێمە هەم دوای کۆنگرەی ١٦ی حدکا و هەم دوای کۆنگرەی ١٧ حیزبی دێموکراتی کوردستان سەردانی حدکا و شەخسی کاک مستەفا هیجری، لێپرسراوی گشتیی حدکامان کردوە و ئەو باسانەمان لەو کۆبوونەوانەدا کردوە و ئامادەیی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان بۆ ئەو بابەتە گرینگە ڕاگەیاندوە، ئێمە ئامادەیی تەواومان بۆ ئەو ئەرکە هەیە، بەڵام هەتا ئێستا لەلایەن هاوڕێیانی حدکاوە وەڵاممان بۆ نەهاتۆتەوە.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەی وتووێژەکەیدا نەیشاردەوە کە پێکهاتەی نوێی حدکا هۆکاری کەوتنەوەی ساردیوسڕی لە دانیشتنەکانی یەکگرتنەوەدا بووە، بەڵام ئەگەر دوو لایەن بە ئیرادە و شێلگیرییەوە و بە لەبەرچاوگرتنی وەڵامدانەوە بەو ئەرکە مێژووییە بێنە پێشێ، دەکرێ ئەم کۆسپەش لەسەر ڕێی یەکبوونەوە هەڵبگیرێ. بەڕێزیان پێی لەسەر ئەوە داگرت زەروورەتی مێژوویی، گۆڕانکارییەکان لە ناوچە و ئێران و پێویستیی پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە یەکخستنی وزەی خەباتگێڕیی هێزە سیاسییەکان دەخوازێ کە دوو لایەنی حیزبی دێموکرات زیاتر لەوەندەی تا ئێستا بیریان لێکردۆتەوە بە خەمی یەکگرتنەوە بن. ئێمە پێمانوایە داهاتووی حیزبی دێموکرات لە مەیدانی سیاسیی کوردستان و ئێراندا بەستراوەتەوە بە یەکگرتنەوەی دوو لایەنی دێموکرات.

ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە بەشی کۆتایی وتووێژەکەیدا ڕایگەیاند کە حیزبی دێموکراتی کوردستان "نا"ی بۆ هیچ کارێکی کردەنیی هاوبەش لەگەڵ حدکا لەپێناو هاوکاری و یەکگرتنەوەدا نییە و پێمانوایە ئەگەر بتوانین یادی یوبیلی ئەڵماسی حیزبی دێموکرات لە ٢٥ی گەلاوێژدا پێکەوە بگرین، کارێکی زۆر باشمان کردوە.

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لەنێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی بە مەبەستی زیادکردنی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە)

## (٢٢_٤)



دیلان هەردی

لەساڵی ١٣٦٨دا خومەینی دەستی کرد بە پرۆسەی پێداچوونەوە بە قانوونی بنەڕەتی و دارشتنەوەی پلەبەندیی دەسەڵاتەکان و نوێکردنەوەی ڕۆڵی وەلی فەقیە بۆ ئەو مەبەستەش، هەر خۆی گرووپێکی بۆ پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی دیاری کرد. بۆ چارەسەری کێشەی نێوان دامەزراوە دەوڵەتییەکان، پۆستی سەرۆکوەزیران هەڵگیرا و دامەزراوەیەکیتر بە ناوی کۆڕی دیاریکردنی بەرژەوەندییەکانی نیزام (مجمع تشخیص مصلحت نظام) بۆ نێوبژیوانی لە نێوان مەجلیس و شوڕای نیگابان دروست کرا (بەپێی قانوونی بنەڕەتی، هیچ یاسایەک بەبێ ڕەزامەندیی شووڕای نیگابان پەسند ناکرێ و ناخرێتە بواری جێبەجێ کردنەوە). لەبارەی دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە لە پێداچوونەوەکەدا، هەموو دەسەڵاتە نەنووسراوە و کاریزماتیکییەکانی خومەینی لە کۆمەڵگەدا، بە فەرمی بوون بە پرەنسیپی سەرەکیی قانوونی بنەڕەتیی نوێ. لە ئەنجامدا، بە لابردنی پۆستی سەرۆکوەزیران، کێشەکانی پێشووی نێوان سەرکۆمار و سەرۆکوەزیران، گوازرانەوە بۆ کێشەی نێوان سەرکۆمار و وەلی فەقیە ئەو کێشانە لە دوای ساڵی ١٣٧٦ـــەوە بەڕوونی دەرکەوتن، کاتێک محەممەد خاتەمی بوو بە سەرکۆماری ئێران و بۆ ئەنجامدانی هەندێک گۆڕانکاری بچووک، خۆی لە بەرامبەر بەربەستێکی گەورەی وەکوو وەلی فەقیەدا بینییەوە.

لە قانوونی بنەڕەتیی نوێدا، وەلی فەقیە ڕۆڵی سەرەکی لەنێو هەموو دامەزراوە دەوڵەتییەکاندا دەگێڕێ. ئەگەر لە قانوونی بنەڕەتیی پێشووتردا، مەرجەع بوون یەکێک لە مەرجە سەرەکییەکانی وەلی فەقیە بوو بۆ وەدەستگرتنی ئەو پۆستە گرنگە، لە قانوونی بنەڕەتیی نوێدا ئەو مەرجە وەلا نرا (مادەی ١٠٩). یەکێک لە هۆکارەکانی وەلانانی ئەو مەرجە سەرەکییە ئەوە بوو کە، تەنیا مەرجەعی دوای خومەینی بۆ وەرگرتنی پۆستی وەلی فەقیە، ئایەتوڵڵا مونتەزری بوو کە نوسخەیەکی میانەڕەوتری لە ویلایەتی فەقیە پێشنیار دەکرد، بەڵام بەهۆی ڕەخنەکانی لە خومەینی و لە سەرکوتی نارازیان لە لایەن ناوەندی دەسەڵاتەوە، پەراوێز خرا و لە ماڵەکەی خۆیدا زیندانی کرا. لەبەر ئەوەی دوای مونتەزری هیچ مەرجەعێک کاندیدی پۆستی ڕێبەری نەبوو، تەنیا ڕێگەچارە ئەوە بوو کە گۆڕانکاری لە مادەی ١٠٩دا بکرێ و مەرجی مەرجەعبوون لە قانوونی بنەرەتیدا لا ببرێ. هەمووی ئەو ڕووداوانە لە کاتێکدا ڕووی دەدا کە عەلی خامەنەیی سەرکۆمار و عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی سەرۆکی مەجلیس بوو. بەپێی ئەو ڤیدیۆیەی کە ساڵی ٢٠١٨ لە کۆبوونەوەی نهێنیی کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری) بەر لە ڕێفراندۆمی پێداچوونەوەی قانوونی بنەڕەتی لە ٦ی گەلاوێژی ١٣٦٨دا بڵاو بوویەوە، عەلی خامنەیی بە شێوەیەکی کاتی و تا ئەنجامدانی ڕێفراندۆم لە لایەن کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری وەکوو ڕێبەر دیاری دەکرێ، لەبەر ئەوەی ناوبراو هەموو مەرجەکانی بوون بە ڕێبەری تێدا نەبووە. لە کۆبوونەوەکەدا بەشێکی زۆر لە بەشداربووان دژایەتیی خۆیان بۆ کاندیدبوونی خامنەیی ڕادەگەیەنن، چونکە پێیان‌وایە خامنەیی لە پلەبەندیی ئایینی شیعەدا خاوەن ڕای تایبەت بە خۆی نییە. لە کۆبوونەوەکەدا، عەلی خامنەیی پێی‌وایە ئەگەر ببێ بە ڕێبەر، دەسەڵاتەکانی زۆر کەمن و بۆ وەرگرتنی ئەو پۆستە پێویستە دەسەڵاتەکانی لە بواری یاساییەوە زیاد بکرێن. هەر بۆیە، لە کۆبوونەوەکەدا دەڵێ: ”هەندێک لە ئەندامان لەو کۆبوونەوەیەدا ڕێبەربوونی من پەسند ناکەن، کەوابوو چلۆن ببمە ڕێبەر، کاتێک خەڵکانێک منیان لە لا پەسند نەبێ و گوێم لێ نەگرن؟“. ڕەفسەنجانی، جێگری سەرۆکی کۆڕەکە کە لە کۆبوونەوەکەدا ڕۆڵی سەرۆکی دەگێڕا، دەڵێ: خامنەیی دەتوانێ لە داهاتوودا خۆی پێ بگەیەنێ و ببێ بە کەسێکی لێهاتوو. بە سێناریۆیەکی پێشتر پلان بۆ دارێژراو و زیرەکیی ڕەفسەنجانی لە کۆبوونەوەکەدا، خامنەیی وەکوو ڕێبەری کاتیی کۆماری ئیسلامی دەستنیشان دەکرێ. کۆبوونەوەی کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری بۆ دووبارە دەستنیشانکردنەوەی خامنەیی وەکوو ڕێبەری هەتاهەتایی، مانگێک دواتر و چەند ڕۆژێک دوای ئەوە بەسترا کە گۆڕانکاری لە دەستووردا بە قازانجی وەلی فەقیە و زیادکردنی دەسەڵاتەکانی کرا و بە خستە ڕێفراندۆم پەسند کرا. ئەو ڕووداوانە نیشاندەری ئەوەن کە خامنەیی و ڕەفسەنجانی هاوکات لەگەڵ گۆڕانکارییەکان لە دەستووردا بە قازانجی وەلی فەقیە خۆیان سەرۆکایەتیی کۆمار و مەجلیس‌یان لە دەستدا بوو و بەربەستێکی ئەوتۆیان لە پێش نەبوو بۆ ئەوەی خامنەیی ببێ بە ڕێبەرێک کە دەسەڵاتی تەواوی بە سەر هەموو شتێکدا هەبێ، هەر بۆیەش خامنەیی ڕێبەربوون بە شێوەی پێشوتری لە لا پەسند نەبوو تا ئەو کاتەی گۆڕانکارییەکان لە بەرژەوەندی ئەودا کران (هەر لەو مانگەدا ڕەفسەنجانی بوو بە سەرکۆماری ئێران).

بە گوێرەی بەدواداچوونێک کە لە لایەن موحسێن کەدیوەر، مامۆستای زانستە ئیسلامییەکانەوە کراوە، هەندێک لە بەشداربووانی کۆبوونەوەی کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری، لە سەر ئەو بڕوایەن کە خامنەیی بەپێی پلان و سێناریۆیەک لە لایەن ڕەفسەنجانییەوە، وەکوو ڕێبەری کۆماری ئیسلامی بە سەر خەڵکدا سەپێندرا. مشتومڕ لە سەر چۆنیەتیی دەستنیشانکردنی خامنەیی بۆ پۆستی ڕێبەری، تا ئێستاش بەردەوامە و زۆر جار لایەنە ناکۆکەکانی نێو کۆماری ئیسلامی وەکوو ئامرازێک لە دژی یەکتر بە کاری دەهێنن، بۆ نموونە ٢٠ی بەفرانباری ١٣٩٧، حەسەن ڕووحانی لە نێو قسەکانیدا ئاماژەی بەوە کرد کە ”بەبێ ڕەفسەنجانی کەس نەیدەزانی بۆ دەستنیشانکردنی پۆستی ڕێبەری چ شتێک ڕووی دەدا“. ئەوەیکە شایانی باسە لە پێداچوونەوەی دەستورر لە ساڵی ١٣٦٨دا، ناڕوونیی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکانە. دارشتنەوەیک کە لەودا دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە بە شێوەیەکی یاسایی و فەرمی بە سەر هەموو دامەزراوەیەکی دەوڵەتی و نادەوڵەتیدا سەپێندراوە.

### جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان بە ناڕوونی

بەپێی مادەی ٥٧ی قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، دەسەڵاتی ئایینی لە لایەن وەلی فەقیەوە نوێنەرایەتیی دەکرێ و لە سەرووی هەر سێ دەسەڵاتی یاسادانان، جێبەجێکردن‌و دادوەرییە.

”مادەی ٥٧ [جیا کردنەوەی دەسەڵاتەکان]: دەسەڵاتەکان لە کۆماری ئیسلامیدا ئەوانەن: دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێ‌کردن و دەسەڵاتی دادوەری کە لە ژێر دەسەڵاتی وەلی فەقیە و ڕێبەرایەتیی ئوممەت*، سازگار لەگەڵ مادەکانی دیکەی دەستووردا کار دەکەن. ئەو دەسەڵاتانە هەر کامیان لە بەرامبەر ئەوانیتردا سەربەخۆیە.“




### دەسەڵاتی ئایینی

دوو سەرچاوەی دەسەڵاتی ئایینی لە کۆماری ئیسلامیدا، وەلی فەقیە و کۆڕی شارەزایانی ڕێبەرین. بەپێی قانوونی بنەڕەتی، وەلی فەقیە یان ڕێبەر لەژێر چاودێریی کۆڕی شارەزایان‌دایە و لە ئەگەری مردن یان ناکارابوونی ڕێبەر، کەسێکی دیکە لە لایەن کۆڕی شارەزایانەوە بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان دەکرێ.

### ئـ. کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری (مجلس خبرگان رهبری)

کۆڕی شارەزایانی ڕێبەری دامەزراوەیەکی ئایینییە کە ساڵی ١٣٦٢ دامەزراوە و لە کۆمەڵێک فەقیە پێک هاتوە. ئەرکی سەرەکیی ئەو دامەزراوەیە دەستنیشانکردن و لابردنی ڕێبەری کۆماری ئیسلامییە. دوای شۆڕشی ١٣٥٧، ئەو دامەزراوەیە وەکوو کۆڕی دامەزرێنەران هاتە کایەوە، بەڵام هەر زوو لە لایەن خومەینییەوە دژایەتی کرا، چونکە پێی‌وابوو کە کۆڕی دامەزرێنەران دامەزراوەیەکی ڕۆژئاواییە نەک ئیسلامی. بە پێی مادەی ١١١ی قانوونی بنەرەتی، کۆڕی شارەزایان سەربەخۆترین دامەزراوەی وڵاتە، چونکە هەر خۆی یاسا و ڕێساکانی خۆی پەسند دەکا. ئەگەر وەلی فەقیە یەکێک لە مەرجەکانی ئاماژەپێکراو لە مادەکانی ٥و ١٠٩ی قانوونی بنەرەتی پێشێل بکا، لە پۆستەکەی دوور دەخرێتەوە. ئەندامانی کۆڕی شارەزایان لە ٨٨ کەس پێکهاتوون و لە لایەن خەڵکەوە هەڵدەبژێردرێن. (بەپێی ئامارەکان، بە کەمترین ڕێژەی بەشداری خەڵک ناسراوە). کاندیدەکان دەبێ لە لایەن شوڕای نیگابانەوە کە خۆی لەژێر کۆنترۆڵی وەلی فەقیە دایە، پەسند بکرێن. کەوابوو، ڕێبەری ئێستا کاندیدەکانی کۆڕی شارەزایان دەستنیشان دەکا. کورسییەکانی کۆڕی شارەزایان بەپێی پارێزگا و بەپێی ڕێژەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەک دابەش کراون (یەک کورسی بۆ نیزیکەی میلیۆنێک کەس). کۆڕی شارەزایان هەر شەش مانگ جارێک کۆبوونەوەیەکی نهێنی دەگرێ و لە گرنگترین چالاکییەکانی، ئامادە کردنی لیستەیەک لەو کەسانەیە، کە لە ئەگەری مردنی ڕێبەری ئێستا یان لە سەر کار لادرانی، شیاوی بوون بە ڕێبەرن. تا ئێستا هیچ ڕێبەرێک لە سەر کار لا نەدراوە و لە بەر ئەوەش کە هەموو کۆبوونەوەکان بە نهێنی بەڕێوە دەچن، تا ئێستا هیچکام لە بڕیارەکان و کردەوەکانی ڕێبەر بەئاشکرا لێپرسینەوەیان لێ نەکراوە. هەر چەندە بە شێوەی تیۆری، ژنانیش (مجتهده) شیاوی بوون بە ئەندامی کۆڕی شارەزایانن، بەڵام بە بیانووی ئەوەی مەرجەکانی فەقیە بوونیان تێدا نییە، بەردەوام لە لایەن شورای نیگابانەوە ڕەت دەکرێنەوە.

***

* ئوممەت بە تەواوی کۆمەڵگەی موسوڵمانان دەگوترێ و سنوورەکانی دەوڵەت لە بەرچاو ناگرێ.

# هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان



ئامانج زیبایی

لە دوای ڕووداوەکەی 11 سێپتامبر و هێرشی ئامریکا بۆ سەر حکوومەتی تاڵیبان لە ئەفغانستان و ڕوخانی ئەم حکوومەتە، بەشێک لە هێز و لایەنگران و فەرماندە و بەرپرسانی تالیبان کە نەیانتوانیبوو بگەنە سنووری پاکستان، پەنایان بۆ کۆماری ئیسلامیی ئێران هێنا. ئەوان لە ژێر سێبەری ئێراندا بۆ جارێکی دی خۆیان ڕێک خستەوە و ئامادەی ڕووبەڕووبوونەوە بوون لەگەڵ حکوومەتی تازە بەدەسەڵاتگەیشتووی ئەفغانستان.

ڕێژیمی ئێران لەوکاتدا هەر هەمان سەربازگە و حەشارگانەی سەردەمانێک بۆ لێدانی تاڵیبان دابووی بە هاوپەیمانیی باکوور و دژبەرانی دیکەی، ئەمجارەیان خستیە بەر دەستی هێزەکانی تاڵیبان. لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشی: ”بۆچی کۆماری ئیسلامی کە دژی تالیبان و ئەلقاعیدە بوو، دوایە پەنای دان و هاوکاریی لۆجێستیکی و دارایی کردن؟“

هۆکاری سەرەکیی ئەم هاوکارییە دەگەرێتەوە بۆ ئەو ترسەی کە دەسەڵاتدارانی ئێرانی لەوەیان هەبوو کە تاڵیبان ببێتە هاوپەیمانی جوندوڵلا. هۆکارێکی دیکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاڵیبان لە بەرەی شەڕ دژی هێزەکانی هاوپەیمانان بە ڕێبەریی ئامریکا بوو و، ئێرانیش بەپێی ستراتیژیی خۆی تاڵیبانی بۆ ئامانج و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە ناوچەکەدا بەسوود دەزانی.

خاڵی گرینگ لە هەمبەر پاڵپشتیی کۆماری ئیسلامی ئێران لە تاقمی تالیبان _بەپێی بەڵگەنامەکانی ویکی‌لیکس_ هەر ئەم خاڵە بوو کە ئامانجی تالیبان لە شەڕ دژی هێزەکانی هاوپەیمان هەر تەنیا دەرکردنی ئامریکا نەبوو لە ئەفغانستان، بەڵکوو کردنەوەی تۆڵەئەستێنی لە دژی ئەمریکا بوو لە هەر شوێنێک بۆیان لوابا؛ بۆیە ئێران بیری لەوە نەدەکردەوە کە ڕۆژێک تالیبان و ئەمریکا پێکەوە بکەونە دانوستانەوە. بەڵام ئەم هاوکێشەیە دوای دەستبەسەرکرانی ”مەلا عەبدولغەنی بەرادەر“ سەرکردەی ئەم ڕێکخراوەیە و هاتنە سەر کاری مەلا ئەختەر محەممەد مەنسوور، گۆڕانێکی بەرچاوی بە خۆیەوە بینی و بە شێوەیەکی بەرچاو دانوستان لەگەڵ ئامریکا، ناتۆ و عەرەبستانی سعوودی دەست پێکرا. پاشان کە مەلا ئەختەر جارێکی دیکە پلانە سەربازییەکانی خۆی لە دژی هێزەکانی ئەمریکا خستە گەڕ، لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاوە کرایە ئامانج و کوژرا.

هەر لە سەرەتای ئاشکرابوونی پێوەندیی نێوان کۆماری ئیسلامی و تالیبان دیار بوو کە ئێران بەتەمایە ڕۆڵی سەرەکی ببینێ لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا. چوار دەیە ئەزموونی سیاسەتی دەرەوەی ئێران پێمان دەڵێن ئێران لە ئەفغانستان و ئەو وڵاتانەی دراوسێی کە مەیلی مەیلەو ڕۆژئاوایان بووە، هەموو بەرنامەکانی تێکدانی سەقامگیری و نانەوەی بشێوی بووە. پێوەندییەکانی ئێران لەگەڵ تالیبانیش بۆ تەڕاتێنی زیاتری خۆی لەم وڵاتە و سەپاندنی هێژمونیی خۆی بوو.

هەڵوێستی ئێران بەرامبەر بە پرۆسەی ئاشتی لە ئەفغانستان لێڵ و ناروون بوو. ساڵی ٢٠١٠ بەئاشکرا دژایەتیی پرۆسەی دانوستانەکانی ئاشتیی دەکرد و ساڵی ٢٠١١ وەرسووڕایەوە و پشتیوانیی لێکرد، تەنانەت بەڕەمی ڕایگەیاند کە ئامادەیە خانەخوێی دانیشتنەکان بێ! خاڵی هەڵوێستە کردن لە سەر ئەم بابەتە ئەوەیە کە هەم مەلا ئەختەر مەنسوور، سەرۆکی تالیبان دوای گەرانەوەی لە ئێران بە فرۆکەیەکی بێ فرۆکەوانی ئامریکا کوژرا و، هەم بورهانەدین ڕەبانی، سەرۆکی پرۆسەی وتووێژەکانی ئاشتیی ئەفغانستان دوای سەردانی ئێران و لە ڕێگای گەرانەوەیدا بۆ ئەفغانستان بە دەستی چەکدارانی تالیبان کوژرا.

ساڵی 2013 دا و دوای کرانەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی تالیبان لە وڵاتی قەتەر، کۆماری ئیسلامیی ئێران بە ڕەسمی دژایەتی خۆی لەگەڵ هەموو جۆرە پێوەندی و دانوستانێکی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی نێوان تالیبان و ئامریکا دەربڕی و وەزارەتی دەرەوەی ئێران لەم پێوەندییەدا ڕاگەیەندراوێکیشی بڵاو کردەوە.

دژایەتیی ئێران لەگەڵ کردنەوەی دەفتەری نوێنەرایەتیی تالیبان لە قەتەر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لەمەودوا ڕێکخراوی تالیبان خاوەن ئادرەسێکی دیار دەبێ بۆ دانوستانەکان چ لەگەڵ ئامریکا یان دەوڵەتی ناوەندیی ئەفغانستان، ئەم بارودۆخەش لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی ئێران لە ناوچەدا یەک ناگرێتەوە، بەڵام ئەم ئادرەسە نوێیەی تاڵیبان کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار کرد کە سەرەڕای پێناخۆشبوونی دان بە ئەمری واقیعدا بنێ و پێوەندییەکانی ئێران و ئەم ڕێکخراوەیەش پێی نایە قۆناغێکی نوێوە.

حەوتوویەک دوای دانووستانی نێوان تاڵیبان، ئامریکا، عەرەبستان و ئیمارەتی یەکگرتووی عەرەبی، عەلی شەمخانی، نوێنەری ڕێبەری ئێران خۆی گەیاندە کابول و بەئاشکرا پێوەندیی شاراوەی نێوان ئێران و تاڵێبانی لەقاو دا و؛ پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە ئەم پێوەندییانە بەردەوام و گەرموگوڕتر دەبن. ئامانج لەم سەردانەی شەمخانی گەیاندنی ئەو پەیامەی ئێران بە بەرپرسانی ئامریکایی و ئەفغانی بوو کە دەبێ ڕۆڵی کۆماری ئیسلامیش لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا لە بەر چاو بگیرێ و ئێرانیش بەشێک بێ لە دانووستانەکان. دوای سەردانەکەی شەمخانی شاندێکی تاڵیبانیش لە قەتەر ڕا سەردانی کۆماری ئیسلامیی کرد و دوای ئەم سەردانە بوو کە زەریف، وەزیری دەرەوی ئێران بەکاناڵی NDTV))ی ڕایگەیاند کە ناکرێ تاڵیبان لە دەوڵەتی داهاتووی ئەفغانستاندا ڕۆڵی نەبێ و بەشداری حکومەت نەبێ!

ئێران بۆ دەستێوەردانی زەق و ئاشکرای خۆی لە کاروباری ئەفغانستان‌دا چەند هۆکارێک دەبینێ. یەکەم، نەرمی‌نواندنی حامید کەرزای لە بەرامبەر سەرەڕۆیی و خۆسەپاندنی بەشێنەیی ئێران، کار گەیشتە ئەو جێیەی کە شەمخانی، ڕاوێژکاری خامنەیی لە پێتەختی ئەفغانستاندا بوێرێ بەئاشکرا باس لە پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان بکا. دووهەم، هاوپەیمانیی باکوور کە سەردەمانێک ئێران پشتیوانیی ڕەهای لێدەکرد و تەنانەت کووژراوەکانی بە شەهیدی موجاهید ناو دەبرد _ بۆ نموونە ئەحمەدشا مەسعوود کە بنێرەکانی ئێستاش لە تاران هەڵدەواسرێن_ لە دوای ڕووخانی تالیبان بەرەو لاوازی و لە نێوچوون دەرۆیشت و ئێران بۆ ئەوەی بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی سەلماندبا کە هەر لە لوبنان و سووریە و یەمەندا ئەکتەری سەرەکی نییە، بەڵکوو لە ئەفغانستانیش دەستی باڵای هەیە؛ هاوکاریی تاڵیبانی کردوە و ئەو پێوەندییانەی بۆ ئەم ڕۆژانە ڕاگرتوە. ئەگەرچی لە ڕوانگەی ئیدۆلۆژییەوە تاڵیبان لە عەڕەبستان و ئیمارات نیزیکە و ئێران ئەمەشی پشتگوێ نەخستوە. خاڵێکی تری ئەم بابەتە کە زیاتر بۆ ئێران گرینگە ...

درێژە لە لاپەڕەی ٨

# ماشینی ئاشتی و حیکمەتی کوردەناموسی





ڕێبوار کەریمی

ڕێک هەفتەیەک پێش لە ئێستا، ڕۆژی ٩ی مانگ، بەرەبەیانێکی زوو، خۆری ژیانێکی شکۆمەند، ئاوا بوو. پرۆفیسۆر تیمۆ هۆنکێلا، ئەو زانا بلیمەتە فینلاندییەی بواری تێکنۆلۆژیی هۆشی دەستکرد، کە سێ ساڵ بوو لەگەڵ شێرپەنجەی مێشک بەربەرەکانێی دەکرد، دواجار لە کەنار ئاوەکانی شاری هێلسینکیی فینلاند، بۆ هەمیشە چاوەکانی لێک نان. تەوسی تاڵی مەرگی پرۆفیسۆر هۆنکێلا هەر ئەوە نەبوو کە زانایەکی گەشەپێدەری مێشکی دەستکرد بۆخۆی بە شێرپەنجەی مێشک کۆچی دوایی کرد، تەوسی تاڵتر ئەوە بوو کە لە دنیای سەرقاڵی باسی کۆرۆنادا، تەنانەت ڕۆژنامەیەکی بەربەرینی وەک هێلسینگین سانۆماتی فینلاندیش نەپرژایە سەر بڵاوکردنەوەی هەواڵی کۆچە هەتاهەتاییەکەی. ئەوە لە کاتێکدا ئەندێشەکانی ئەو زانا مەزنە، لەوانەیە ڕۆژێک لە ڕۆژان، زۆر لە کۆرۆنا و وانە گورچکبڕەکانی، زیاتر ئاڵوگۆڕ بەسەر دنیای ئادەمیزادی داهاتووی گیرۆدەی تووناوتوونەکانی ''هۆشی دەستکرد''دا بهێنێ.

بەڵام پرۆفیسۆر هۆنکێلا کێ بوو و چی کرد؟ ساڵی ٢٠١٧ بوو کە چیرۆکی ئەم زانا مەزنە کەوتە سەر زاران. ئەو دەم ڕۆژنامە فینلاندییەکان هەواڵی پرۆفیسۆرێکیان بڵاو کردەوە کە بە ئەزموونی سێ ساڵ کارکردن لە بواری تێکنۆلۆژیی هۆشی دەستکردەوە، دەستی کردوە بە گەشەپێدانی بیرۆکەیەکی مەزن، ئەویش داهێنانی ''ماشینی ئاشتی'' (peace machine)! ئەوەی ئەم هەواڵەی کردە شتێکی دڵتەزێن ئەوە بوو کە هێشتا هۆنکێلا نەپرژابووە سەر نووسینەوەی بیرۆکەکانی کە پزیشکان لوویەکی لێپیسکردووی شێرپەنجەیان لە مێشکیدا، دۆزییەوە. یەکەم نەشتەرگەریی سەرکەوتوو بڕێک تەمەنی بۆ هۆنکێلا گێڕایەوە، بەڵام هەر زوو بینایی چاوەکانی لەدەست دا و تەنانەت وردەوردە پەنجەکانیشی بڕستی نووسینیان لێ بڕا.

بەم شێوەیە، بڵاوبوونەوەی هەواڵی دڵتەزێنی دۆخی تەندروستیی ئەو زانا بلیمەتە، خەڵکی خۆبەخشی فینلاندی خستە ژاروژەنگەوە. کەمپەینێکی مەزن ڕێک خرا و لە ماوەیەکی کەمدا پارەیەکی چاک کۆ کرایەوە تا دەستەیەک کەسی زانا و بەتوانا بکەونە هەرەوەزی هاوکاری لەگەڵ پرۆفیسۆرە نەخۆشەکەمان، تا بەڵکوو بیرۆکەی مەزنی ماشینی ئاشتی، هەر چۆنێک بووە لە مێشکە شێرپەنجەلێدراوەکەی پرۆفیسۆری نەخۆشەوە بگوازرێتەوە سەر کاغەز. دەستوبردی تیمی هاوکاران گوڵی دا و بەخۆشییەوە لە ماوەی کەمتر لە ساڵێکدا کتێبێک کەوتە بازاڕەکانی فینلاندەوە کە لەسەر بەرگەکەی نووسرابوو: ماشینی ئاشتی – وەسیەتنامەی لێکۆڵەرێکی هۆشی دەستکرد. ئەم کتێبە بوو بە پرفرۆشترین کتێبی مێژووی وەشانگەی Gaudeamus لە فینلاند. بەڵام "ماشینی ئاشتی"یەکەی پرۆفیسۆر هۆنکێلا چییە و بڕیار وایە چی بکا؟

## لە هۆشی دەستکردەوە بۆ ماشینی ئاشتی

وەک دەزانین لە ئێستاوە ''هۆشی دەستکرد'' خەریکە دەخزێتە نێو هەموو کەلێن و کەلەبەرێکی ژیانی گشتی و تایبەتیمان. ڕۆباتەکان، مۆبایلەکانمان، ئەو ئەپانەی بەکاریان دەهێنین، ئەو پەیجانەی دەیانکەینەوە، گووگڵ مەپ، دەزگاکانی سیخوڕی و چاودێری و ... ڕۆژانە کەلک لە هۆشی دەستکرد وەردەگرن. هۆشی دەستکرد بە بەرنامەیەکی کۆمپیوتەری دەگوترێ کە توانایی جێبەجێکردنی کردەوەی ''هۆشمەندانە''ی هەیە. هۆشی دەستکرد دەتوانێ زۆر کارئاسانیش بۆ مرۆڤ بکا، بەڵام زۆر لە زانایان هەر لە ئێستاوە کەوتوونەتە هۆشداریدان لەسەر ئاخر و عاقیبەتی دنیایەک کە تێیدا هۆشی دەستکرد بەسەر ڕیالیتەی ئینسانییدا باڵادەست بێ. زاڵبوونی دەستکردەکانی مرۆڤ بەسەر خودی مرۆڤدا، دەشێ ئاکامی زۆر چاوەڕواننەکراو و ترسناکی لێ بکەوێتەوە.

یوال نووح هەراریی مێژووزان، لە یەکێ لە دوا نووسینەکانیدا باس لە ''تۆتالیتاریزمێکی نوێ'' لە دنیای دوای کۆرۆنا دەکا، کە بەهۆی کەلکوەرگرتن لە هۆشی دەستکرد و بە بیانووی پارێزگاری لە تەندروستیی مرۆڤەکان پڕۆڤە دەکرێ. ڤلادیمیر پووتینی سەرۆککۆماری ڕووسیە بەڕاشکاوی ڕایگەیاندوە؛ حاکمی داهاتووی دنیا ئەو لایەنەیە کە براوەی پەرەپێدانی هۆشی دەستکرد (لە بواری چەکدارییدا) دەبێ. پێشبینییەکان لەمانەش تاریکترن: ستیڤ وازنیاک، کە یەکێ لە دامەزرێنەرانی کۆمپانیای ئەپڵە، پێشبینیی ڕۆژگارێکی تاریک دەکا کە مرۆڤایەتی بۆخۆی وەک ئاژەڵی ماڵیکراوی دەستەمۆی بەردەستی ئامێرەکانی لێ دێ. ستیڤان هاوکینگی فیزیاوانیش لە بەڕێوەبوونی ئەو ڕۆژگارانە ئاگادارمان دەکاتەوە کە ڕەوتی خۆپەرەپێدان و خۆبەرهەمهێنانەوەی هۆشی دەستکرد لە داهاتوودا، بەتەواوەتی ئادەمیزاد تەریک دەخاتەوە. هەڵبەت هەشن ئەوانەی بڕوایان بە پەراوێزکەوتنی مرۆڤ نییە. بۆ وێنە نووح هەراری پێیوایە، ئەوەی پەراوێز دەکەوێ، مرۆڤ لە فۆڕمی هەنووکەییدایە و، ئەوەی جێی دەگرێتەوە ئاوێتەیەکە (hy-brid) لە مرۆڤ و هۆشی دەستکرد. وا دیارە ئەندازیاری ''ماشینی ئاشتی''، لە




وێنە: میکانیزمی نیشکردنی ماشینی ناشتی و پرۆسەی دانوستانی واتاکان

هەموو ئەوانەی ناویان هات گەشبینانەتر دەڕوانێتە ئایندەی هۆشی دەستکرد. ئەو پێ لەسەر عاملیەتی ئینسانی لەمەڕ شێوەی مامەڵە لەگەڵ ''ماشینی ئاشتی'' دادەگرێت.

پرۆفیسۆر هۆنکێلا دەڵێ: ''من دەمەوێ ئاسۆیەکی ڕوون بەرەو داهاتوو وێنا بکەم و لە نێو تاریکستانی کارەساتەکانی ئەم سەردەمەدا [...] چرایەک پێ بکەم''. هۆنکێلا دەڵێ: ''ئێمە لە سەردەمی ئامێرە ژیرەکان نزیک دەبینەوە. بە یارمەتیی ماشینەکانی ئاشتی، مرۆڤ دەتوانێ لە سنوورەکانی بیرکردنەوەی وشیارانەی خۆی واوەتر بچێ''. گەشبینیی پرۆفسیۆر هۆنکێلا حاشاهەڵنەگرە؛ ماشینی ئاشتی هەوڵێکی بەرزەفڕانەیە بەرامبەر شەڕەنگێزییەکانی ئادەمیزاد. پڕۆژەی ماشینی ئاشتی، هەوڵێکی خەونئامێزە بۆ ئەوەی، لەو جێیەدا کە هۆشی مرۆڤ دۆش دادەمێنێ، هۆشی دەستکرد بۆی تێهەڵێنێتەوە و یارمەتی بە کرانەوەی گرێی کێشەکان بدا. بە گوێرەی لێکدانەوەی پرۆفیسۆر هۆنکێلا، ماشینی ئاشتی ئامێرێک دەبێ کە پشتبەستوو بە هۆشی دەستکرد، یارمەتی بە پێکهێنانی ئاشتی و چارەسەری کێشەکانی نێوان مرۆڤەکان دەکا.

ڕەنگە ئەم بیرۆکەیە سەرەتا بڕێک سەیر بێتە بەرچاو؛ گەلۆ ناکۆکییەکانی نێوان مرۆڤەکان، کاتێک بە خۆیان چارەسەر نەبێ، چۆن بە مەکینەی دەستکردی مرۆڤ چارە دەکرێ؟! بۆ تێگەیشتن لە وڵامی ئەم پرسیارە دەبێ لەگەڵ مێکانیزمی کارکردنی ''ماشینی ئاشتی'' ئاشنا ببین. پرۆفیسۆر هۆنکێلا لە گریمانەیەکی ڕوونەوە دەست پێدەکا: "هۆی سەرەکیی کێشەکان لەیەکنەگەیشتنە." ئەو دەڵێ: ''کاتێک تێگگەیشتنە چەوتەکان بژار دەکرێن، ئاشتی پێش دەکەوێ''. واتە، ئەو پێیوایە مرۆڤەکان بۆیە بەکێشە دێن، چونکە خراپ لە یەکتر تێدەگەن یان مانای خراپ بە وتە و کردەی یەکتر دەبەخشن. لێرەوە، ئامانجی سەرەکیی ماشینی ئاشتی، لە گوێن هۆنێکێلا، دەبێتە سێ شت: بردنەسەری ئاستی لێکگەیشتنی مرۆڤەکان، بەرگرتن بە هەڵچوونی تۆفانی هەستەکی لە نێو جڤاکەکاندا و دواجار؛ پێشڤەبردنی دادپەروەری بە یارمەتیی تێکنۆلۆژی.

خاڵی هەستیار لێرەدا ئەوەیە کە؛ ماشینی ئاشتی، ئاشتی بۆ مرۆڤ ناهێنێ بەڵکوو یارمەتیدەری دەبێ بۆ وەدیهێنانی ئاشتی.

## مێکانیزمی مەکینەی ئاشتی

بەردی بناغەی مێکانیزمی ماشینی ئاشتییەکەی پرۆفیسۆر هۆنکێلا تیۆری ''کۆمەڵە ناڕوونەکان''ە (fuzzy sets)، کە لە بنەڕەتدا داهێنانی ماتماتیکزانی مەزنی بەڕەگەز ئازەربایجانی، لوتفەلیی عەسکەرزادەیە. ''لۆژیکی ناڕوونی'' فۆرمێکی لێکدانەوەیە کە لە تیۆریی ''کۆمەڵە ناڕوونەکان'' وەرگیراوە. بەگوێرەی ''لۆژیکی ناڕوونی''، بەهای ڕاستەقینە پێویست ناکا کتومت سفر (هەڵە) یاخود یەک (دروست) بێت، بەڵکوو دەتوانێ سفر، یەک یاخود هەر بەهایەکی دیکە لە نێوانی سفر و یەکدا بێت. تیۆریی ''کۆمەڵە ناڕوونەکان'' و لەویشەوە ''لۆژیکی ناڕوونی'' ڕێی بۆ پاڕادیمێکی نوێ لە هۆشی دەستکرددا کردۆتەوە. لە بەستێنی شیکارییە کۆمپیوتەرییەکاندا، پشتبەستن بە تیۆری ''کۆمەڵە ناڕوونەکان'' یارمەتیدەرە بۆ دەربازبوون لە پۆلێنکردنە ڕەقوتەقەکانی داتا و دیاردەکان. ئەمەش دەرفەتێکی گەورەیە بۆ ماشینی ئاشتی، چونکە ئاشکرایە، پۆلێنبەندییە وشکەکان وێنای ڕاستەقینەی پرس و بابەتەکان نیشان نادەن.

ئەو دیاردەیەی سەرەوە، لە واتاناسیی زمانی دا (linguistic seman-tics)، لە بەستێنی تیۆری ''نموونەی سەرەتایی''دا (prototype) باسی لێوەکراوە. مەسەلە ئەوەیە کە چەمک و وشەکان لە کۆنتێکست و بەستێنی بەکارهێنانی جیاجیادا گۆڕانکاری بە سەر ماناکانیاندا دێت. بۆوێنە چەمکێکی وەک ''یەکسانی'' دەشێ چەندین مانای لێ هەڵبگوازرێ؛ بۆ یەکێ یەکسانیی ڕەگەزی بێت، بۆ یەکێ یەکسانیی کۆمەڵایەتی، بۆ یەکێ نەتەوەیی، چینایەتی و تاد. بە هەمان شێوە، زۆر چەمکی وەک بەختەوەری، ئازادی، دادپەروەری و تاد. دەشێ گەلێک ڕاڤە هەڵبگرن. بەڵام چۆن دەکرێ شێوازێکی هاوچوون بۆ ڕاڤەی دەربڕینێکی دیاریکراو ببینینەوە؟

لێرەدا چەمکی بنچینەیی بیرۆکەی ''ماشینی ئاشتی'' دێتە گۆڕێ: ''دانوستانی نێوان واتاکان'' (negoti-ation of meaning). لەم بەستێنەدا فرمانی (negotiate) کە مانای وتووێژ یان دانوستان دەگەیەنێت، ئەرکێکی بنەڕەتیی دەکەوێتە ئەستۆ. بە گوێرەی ئایدیای ماشینی ئاشتی، وتووێژکاران بەهۆی ئەو ئالگۆریتمانەوە کە لە مەکینەکەدا دەگونجێندرێن، بەشێوەیەک ئاراستەدەکرێن کە ''دانوستان'' لەسەر نێوەرۆک و واتای وشە و پەیڤەکان بکەنە بنەمای وەدیهێنانی دۆخی تێگەیشتن لە هەڵوێست و ڕوانگەی لایەنی بەرامبەر.

لە نەخشەی بنچینەیی ماشینی ئاشتیدا سێ کۆڵەکەی سەرەکی بۆ کرداری مەکینەکە لەبەرچاوگیراون: چالاکیی جڤاکەکان، هەستەکان و هەروەها زمان و کارلێک. هەر کۆڵەکەیەکیش لە سێ پاژ پێک دێت، کە پێکەوە قۆناغەکانی پرۆسەکە دەگرنەخۆ. بۆ وێنە کۆڵەکەی زمان و کارلێک لەسەر ئەم پاژانە بنیات دەنرێ: یەکەم، ئامرازی شیکەرەوەی نێوەرۆک، دووهەم، مەکینەکانی وەرگێڕان و سێهەم، مەکینەکانی ئەنجامدەری گفتوگۆی واتاکان. هەڵبەت وەنەبێ هیچیەک لەو پاژانە ئێستا تەواو تەیار و ئامادە بن. لەڕاستیدا زۆربەیان هێشتا لە ئاستی ئایدیادا دان و دەبێ جیاجیا کاریان لەسەر بکرێت. لە زۆربواردا پێویست بە دامەزراندنی دەیتابەیس هەیە. لە هەر بوارێکیشدا دەشێ ڕێیەکی پڕ هەوراز و نشێو لەبەر زانایان بێت. بەوەشەوە هۆکار زۆرن بۆ دڵخۆشی. بە تایبەتی ڕەوتی گەشەی ماشینی وەرگێڕان نموونەیەکی دڵخۆشکەرە: هەڵکشانی خێرای کوالیتیی وەرگێڕان بە زمانە باوەکانی دنیا لە ماشینی وەرگێڕانی گووگڵدا، تەنیا لە ماوەی چەند ساڵێکی کەمدا، دەری دەخا کە ڕەوتی پێشکەوتنەکان یەکجار بەرچاوڕوونکەرن.

بەڵام ئێمە هێشتاش نازانین، بۆ وێنە، پرۆسەی لێکگەیشتن لە هاوپێوەندیی نێوان مرۆڤەکاندا، چۆن دەکرێ بە شێوەی مێکانیکی سازبکرێتەوە؟

## ماشینی ئاشتی و ئاستەنگەکانی بەردەم

ئایا ماشینی ئاشتی دەتوانێ لە نێوبژیوانێکی سروشتی واتە مرۆڤ، کاراتر مرۆڤەکان تێک بگەیەنێ؟ لە تیۆرییدا ڕەنگە وەڵامی ئەم پرسیارە پۆزەتیڤ بێ، هیچ نەبێ بە دوو هۆ: ماشینی ئاشتی دەشێ بە شێوەی بێبرانەوە داتا لەخۆیدا کۆبکاتەوە و بەخێرایی تاوتوێیان بکا، واتە دەتوانێ زۆر لە توانایی هۆشەکیی مرۆڤی زەنگینتر و بەگوڕتر گرێکان بکاتەوە. خاڵێکی گرینگی دیکەش ئەوەیە کە ماشینی ئاشتی، بە پێچەوانەی مرۆڤ، ناکەوێتە ژێر کاریگەریی فاکتەرە لاوەکییەکانی وەک هەست و سۆز. بۆ وێنە، بەزەیی بە کەسدا نایێتەوە یان عاشقی چاوی هیچ لایەنێک نابێ. لە هەمووشی گرینگتر ئەوەی کە؛ هیچ بابەتێک بۆ ماشینی ئاشتی ''مەسەلەیەکی حەیسیەتی'' نابێ. تووڕەیی و هەڵچوون لێکدانەوەکانی ماشینی ئاشتی ناشەمزێنێ. هەموو ئەمانەش لەکاتێکدا کە، هیچ نەبێ لە بیرۆکەی ماشینی ئاشتیی پرۆفیسۆر هۆنکێلادا، میانەڕەوی و دادپەروەری دوو پرێنسیپی بنچینەیی دانوستانان.

هەڵبەت خاڵێک کە دەبێ لە بەرچاومان بێ، ئەوەیە کە ''ماشینی ئاشتی'' جارێ تەنیا ئایدیایەکە و بەس. بەڵام ئایدیایەک کە بەدڵنیاییەوە شیاوی ئەوەیە کاری لەسەر بکرێ، جا گریمان جارێ هیچ بەرچاوڕوونییەکیش لە بارەی قەوارە و کاتی سازبوونی لە ئارادا نەبێ. مەسەلە ئەوەیە کە باس لە ''ماشینی ئاشتی'' تەنیا باس لە یەک پرۆژەی زەبەلاح نییە، بەڵکوو باس لە دەیان و بگرە سەدان نەرمامێر و وردەبەشە کە دواجار گەشەپێدان و پێکگونجانی هەموویان دەتوانێ نێوەرۆکی ''ماشینی ئاشتی'' پێک بێنێ. لێرەوە، ڕەنگە هێشتا زوو بێ بۆ باس لەسەر سروشتی کۆتایی ماشینەکە، چ جای پێشبینیی قەوارەی کاریگەرییەکانی. کۆسپەکانی سەر ڕێی ماشینی ئاشتی زۆرن، بەڵام ختووکەی دەرەفەتسازییەکانیشی کەم نین.

هۆشی دەستکرد پشت بە لێکدانەوەی لۆژیکی و ئالگۆریتمە خاوەن حیساب و کیتابەکان دەبەستێ. یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی هۆشی دەستکرد ئەوەیە کە، بەبێ ئەوەی داتای ئامانجداری پێ بدرێ، بۆ خۆی داتا بەردەستەکان کۆ دەکاتەوە و لە درێژخایەندا ڕێکوپێکیان دەکا و ئالگۆریتمێکیان لێ پێک دێنێ. گەلۆ، بڵێی هۆشی دەستکردی ئەودیو ماشینەکانی ئاشتیی داهاتوو بتوانن چوارچێوەیەکی ماناداری لە فاکتەرەکانی ئەو دیو چاوبەیەکتر هەڵنەهاتنەکان و یەکتربوغزاندنە بێماناکانی مرۆڤی دنیای ئێمە هەڵبهێنجن؟ تۆ بڵێی هۆشی دەستکرد بتوانێ لۆژیکی ئەودیو ''شەڕەزرتانێی هابیل و قابیل''ەکانی مێژووی ئێمە بخوێنێتەوە و ئالگۆریتمێک بۆ تێگەیاندنی مرۆڤی وێکنەحەواوەی کورد بدۆزێتەوە؟ ماشینی ئاشتی چۆن دەتوانێ، لە کوردستانی ئێمەدا، دوو لایەن لێک نزیک بکاتەوە کە ڕەنگە خۆیشیان بزانن ''خێری گشتی'' لە چیدایە، کەچی فاکتەری ''خۆخۆری'' هەق و ناهەقیان لەبیر بباتەوە و؛ پێچەقێنی و عینادی نەهێڵێ مل بۆ چارەسەری لۆژیکی بدەن؟ ماشینی ئاشتی چۆن سەر لە حیکمەتی ''کوردەناموسی'' دەردێنێ؟! چۆن لە ژینجیهانیی ئەو لایەنە ڕکابەرانە تێدەگا کە وەکوو کابرای دێزە حەز بە نەمانی خۆیان و زیانی ساحەبیان دەکەن؟!

***

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دیکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# شانازیی ئەندامەتی لە حیزبەکەی قاسملوودا



دارا بەگزادە

دارا بەگزادەم، لەدایکبووی ساڵی ١٣٥١ لە ئالانی سەردەشت.

لە ڕێکەوتی ٢٢ی پووشپەڕی ١٣٦٨ کە هاوکات بوو لەگەڵ شەهیدبوونی دوکتور قاسملوو لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم لە لایەن سیخوڕێکی ئیتلاعات ئاشکرا بووین و بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات لە سەردەشت یەک بە یەکمان دەسبەسەر کراین. بردمانیان بۆ «خانەی معلم» کە ئەو کات گرتووخانەی ئیتلاعات بوو. پاش دوو مانگ ئەشکەنجە و لێپرسینەوە بە هۆی مەلا ئەحمەدی (گاگەش) بە کەفالەت ئازاد کرام.

جاری دووەم و هەر بە تۆمەتی پێشوو لە خاکەلێوەی ٧٢ دەسبەسەر کرامەوە. ئەم جار بۆ ماوەی دوو ساڵ لە زیندانی دەریای ورمێ بووم. هەموو جۆرە ئەشکەنجەیەکیان بە مەبەستی ئێعتراف وەرگرتن لەسەرم تاقی کردەوە، بەڵام هیچ کات نەیانتوانی بەو مەبەستەیان بگەن. لە دوای ئەوە لە دادگای ورمێ حوکمی ئێعدامم بەسەردا سەپا، بەڵام پارێزەرەکەم بەڵێنی دا کە حوکمەکە دەشکێنێ.

لە زینداندا هەرچەندە کە ڕۆژەکان بە ناخۆشترین شێوە و بە درەنگی تێپەڕ دەبوو، ملاقات و چاوپێکەوتنەکانمان تەنیا بە شێوەی تەلەفوونی بوو، هەواخۆرییمان کەم بوو، بەڵام ئێمەش بۆ دژایەتیکردن لەگەڵ ئەو دۆخە دەبوو بە شتگەلێکەوە خۆمان سەرقاڵ بکەین تا بتوانین باشتر بەرگە بگرین. لە زیندان باشگای وەرزشیی لێ بوو، زۆربەی کاتەکانی ڕۆژانەم لەوێ تێپەڕ دەکرد؛ هەم سەرقاڵییەک بوو و هەمیش پاراستنی سڵامەتیی خۆت لە شوێنێکی گشتی وەک زینداندا زۆر پێویستە. بێجگە لەوەش کتێب خوێندنەوە یەکێکی تر لەو کارانە بوو کە هەم مایەی ئارامشی فکری بوو هەمیش ئاستی زانیاریی کەسەکەی دەچووە سەرێ و ئەمەش کاریگەریی ئەرێنیی لەسەر کەسایەتیی ئەو کەسە لە زینداندا هەبوو.

ئەو هاوڕێیانەی کە لە زیندان پێکەوە بووین نێوانمان زۆر خۆش بوو، بەڕاستی دەتوانم بڵێم لەو بێکەسییەدا بۆ یەکتر کەس و کار بووین و ئەگەر ئەم هاودڵییانە نەبووایە بێگومان تەحەممولی ئەو هەمووە گوشار و زەختە دەروونییە زۆر ئەستەم دەبوو. ئەو هاوڕێیانەی کە سیاسی بووین زۆر ئاگامان لە یەکتر بوو و، شەوانە قسەی خۆش و کۆبوونەوەی چەند کەسییمان دەبوو و هەتا کاتی کوژاندنەوەی برقەکان لە دەوری یەک گوێگری بیرەوەریی یەکتر دەبووین. یەکێک لەو هاوڕێیانەی کە زۆر نێوانم لەگەڵی خۆش بوو و هەمیشە و هەتا هەتایە یادی لە دڵمدا زیندووە، کوڕێکی مەهابادی بوو بە ناوی سیاوەش دەباغی کە بەداخەوە دواتر و پاش چوونە دەرەوەی لە زیندان هەر لە شاری مەهاباد شەهید بوو.

یەکێکی تر لەو کەسایەتییانەی زیندان کە هەمیشە لە بیرمە کەسێک بوو بە ناوی ڕەحمان سینگشێر کە قەڵافەت و هەیبەتێکی ترسێنەری هەبوو و هەموو زیندانییەکان لێی دەترسان، بەڵام ئەوەی کە خۆشەویستی کردبوو لە نێو ئێمەدا ئەوە بوو کە دژ بە کاربەدەستانی زیندان بوو و بەرەوڕوویان دەبووەوە. جارێکی لەگەڵ ئەفسەر نیگابان کێشەیان بۆ دروست بوو و لەگەڵ یەکتر بە شەڕ هاتن و دواییش حەوت پاسەوانی دیکەش بە هانای ئەفسەر نیگابانەوە هاتن، بەڵام ڕەحمان سینگ شێر هەر هەموویانی بەزاند و لێدانێکی چاکی لێدان. هەرچەند لە کۆتاییدا بە ١٢ کەس گرتیان و بەستیانەوە بەڵام بوێرییەکەی لە بەرچاوی خەڵک بەرجەستە بوو.

لەو ماوەیەدا سێ جار دادگایی کرام. ئێوارەیەک لە بڵیندگۆی زیندانەوە ناوم خوێندراوە کە بچمە لای ئەفسەر نیگابان؛ دڵەڕاوکێیەکی زۆرم بوو و دەترسام و هەر لە دڵی خۆمدا دەمکوت بڵێی چی ڕووی دابێ؟! ئەفسەر نیگابان پێی وتم دەبێ بتبەین بۆ دادگا، کاتەکەی درەنگ بوو. کە چووین دادگا تەقریبەن داخرابوو بەڵام ئەو دادوەرەی ئێمە کارمان پێی بوو لەوێ بوو. کاخەز و قەڵەمێکی پێدام و کوتی ئیمزای بکە، کوتم هەتا نەیخوێنمەوە ئیمزای ناکەم. کە خوێندمەوە حوکمەکەم لە ئێعدامەوە بۆ دوو ساڵ و شەش مانگ شکابوو. بڕوام نەدەکرد. خێرا ئیمزام کرد، ترسی ئەوەم لێ نیشتبوو پەشیمان ببنەوە، بۆیە مەجالم نەدا و بە ئیمزاکراوی پێم دانەوە.

کە چوومەوە زیندان هەموو هاوڕێیانم لەوێ چاوەڕوان بوون و بە سەرسووڕمان و بە دڵەڕاوکێوە پرسیاریان دەکرد کە بەم ئێوارەیە چییان پێ گوتووی؟ ئەمنیش زەردەیەکم هاتێ و کوتم پارێزەرەکەم حوکمەکەی بۆ شکاندم؛ هەموو سەریان سووڕ مابوو و بڕوایان بەو شتە پێ ئەستەم بوو. هەرچەند ئێمە بنەماڵەیەکی هەژار بووین بەڵام برە پووڵێکی زۆرمان بەو پارێزەرە دا و، هەموو هەوڵێک درا بۆ ئەوەی بە پارەیەکی زۆرتیش بێ ڕزگار بم لەو حوکمە.

پاش ئازادییەکەم کە چوومەوە سەردەشت، زۆر کەسی نیشتمانپەروەر و دڵسۆزی کورد و پرسی نەتەوایەتی دەهاتنە سەردانم و دڵگەرمیان دەکردم بە بیر و باوەڕەکانمان. لە دوای چەند مانگێک کە هەر ترسی دیسانەوە گیرانم لێ نیشتبوو، ڕۆژێکی لە لایەن حەفازەت ئیتلاعاتەوە هەڕەشەی توندم لێ کرا و منیش بەبێ ئەوەی سەردانی ئەوان بکەم، ڕاستەوخۆ ڕووم لە باشووری کوردستان کرد و هەتا ئێستاش لێرە ماومەتەوە و وەک ئەندامێکی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە خزمەت نیشتمانەکەم دام.

# ناسیۆنالیزمی ئێرانی، شۆڕشی مەشرووتە و سەرهەڵدانی گوتاری ڕەگەزپەرەستانەی فارسی_شیعی

(٢_١)

دیمانە: ڕەحمان سەلیمی

ناسیۆنالیزمی ئێرانی یەک لەو باسە گرینگانەیە کە ماوەی زیاتر لە سەدەیەکە لە لایەن ڕووناکبیران و مێژوونووسانی فارس و تورک (ئازەری) بانگەشەی بۆ دەکرێ و بنەما فکری و گوتارییەکانی ئەو ناسیۆنالیزمە هەموو ڕەگەزەکانی توندئاژۆیی و ڕەگەزپەرستیی تێدا بەدی دەکرێ. هەوڵی ئاسیمیلەکردن و سڕینەوە و گۆڕینی دێمۆگرافیی نەتەوە نافارس و پێکهاتە ناشیعەکان لە سەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی مۆدێڕن لە ئێراندا دەستی پێ کردوە و تا ئێستاش بەردەوامە. "کوردکانال" وتووێژێکی لەگەڵ دوکتور ئەحمەد محەممەدپوور پێک هێناوە کە ڕۆژنامەی "کوردستان" بەهۆی گرینگیی بابەتەکەوە بڵاوی دەکاتەوە. دوکتور محەممەدپوور دوکتورای سۆسیۆلۆژی و هەروەها دوکتورای ئەنترۆپۆلۆژیی هەیە و میتۆدناس و توێژەرە لە بواری مێژووی هاوچەرخی ئێران، بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی "ماساچۆسێت"ی ئەمریکا.

**دوکتور با بەو پرسیارە دەست پێبکەین، ئەو بەستێنە فکریانە چین کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەسەر بنیات نراون؟ ئایا ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەرهەمی جۆرێک لە زەروورەتە لە کۆمەڵگەی ئێراندا یان دژکردەوەیەکە بە ناسیۆنالیزمی دەوروبەر وەک عەرەب و تورک؟**

پرسیارێکی زۆر بەجێیە. لە واقعدا زۆربەی



ڕووناکبیران و مێژوونووسانی فارس و شیعە کە بە گشتی ئێمە لێرە پێیان دەڵێین ئێرانی، وەک چەمکێک ئاوا پێکیان دەبەستینەوە بۆ ئەوەی باسەکەمان ئیدامە بدەین، پێیانوایە دەبێ ئەو تەسویرە، ئەو شێوازە لە نەشنالیزمی ئێرانی پێناسە بکەن کە جەنابیشت ئاماژەت پێ فەرموو، نەشنالیزمی ئێرانی بەرهەمی ڕووبەڕووبوونەوە یان کاریگەریوەرگرتن لە نەشنالیزمی ڕۆژئاوایە. بەڵام لە واقعدا وەختێک ئێمە دەگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکان کە جەنابت پرسیارەکەت پێموابێ هەر ئەوەیە، نەشنالیزمی ئێرانی ئەوەندەی کە ڕیشەی لە ڕۆژئاوادا هەیە دوو هێندەو سێ هێندە ڕیشەی لە ڕۆژهەڵاتدا هەیە، ئێستا ئەو بوارەی لێک دەدەینەوە. بەهۆی ئەوەی کە مێژوونووسان و ڕووناکبیرانی ئێرانی دەیانەوێ تشخص بکرێنەوە بۆ گوتاری ناشنالیستی ئێرانی و ئەوی لە بەرامبەر ڕۆژئاوا دابنێن، وەختێک باس لە ناشنالیزمی ئێرانی دەکەن. بەڵام ئەو جۆرەی کە ڕووناکبیرانی ئێرانی باسی دەکەن، لە شۆڕشی مەشرووتە دەست پێدەکەن، نەک ئەوەی کە پێشتر باس ناکرێ. بەڵام شۆڕشی مەشرووتە وەک سەرەتایەک بۆ گوتاری ناشنالیستی ئێرانی باس دەکرێ و پێیانوایە کە ئێران وەک نەتەوە وەکو خەڵکانێک کە بۆ چەند هەزار ساڵ پێکەوە ژیاون و ناسنامەیەکی یەکە و بێ وێنە و یەکگرتووشیان ساز کردوە بۆ چەندین هەزار ساڵ، دیارە مەبەستیان سێ هەزار ساڵە بە تایبەت لە دەورانی هەخامەنشیانەوە. ئەگەر بمانەوێ کاتێکی تایبەت نێو بەرین لەو سێ هەزار ساڵەدا ئەو هۆویەتی ئێرانییە هەبووە، ئەو هۆویەتە یەکگرتووە هەبووە. ئەوان دەڵێن لە سەردەمی مەشرووتەدا ئەو هەلە هەڵدەسووڕێ کە ئێرانییەکان ئاگامەند ببنەوە لە خۆیان و هەوڵ بدەن بەرەو ئەوەی کە ناسنامەیەکی مۆدێڕن ساز کەن. بەڵام ئەوەی ئایا گوتاری ناشنالیستیی ئێرانی ڕیشەی لە ڕۆژئاوادا هەیە، بەو شێوەیە نییە؟

بەهۆی ئەوەی کە کاتێک ئێمە هەڵدەگەڕێینەوە بۆ سەرەتایەکەی، دەبینین کە بەشێکی زۆر لە ناشنالیزمی ئێرانی، لەو کەسانەی لەبارەی ناشنالیزمی ئێرانی قسان دەکەن کاریگەرییان وەرگرتوە لەو ئاڵوگۆڕانەی لە عوسمانی دەگوزەرا لەوکاتدا، بە تایبەت لە تەنزیماتی عوسمانی، ئەو چاکسازییانەی ناویان لێنابوو تەنزیمات لە سەردەمی عوسمانیدا. هاوکات شۆڕشی مەشرووتەش کە چەند ساڵ دوای تەنزیماتی عوسمانی لە ئێران جێبەجێ دەکرێ. ئەوە یەکەمین بوارە کە ناشنالیزمی ئێرانی و قاجارەکان بە گشتی چاویان لە ئیمپراتۆری عوسمانییە، چاویان لەو ئاڵوگۆڕەیە کە لەوێدا دەکرێ لە بواری پەروەردە، لە بواری زمان، لە بواری ئاڵوگۆڕی کۆمەڵایەتی.

لایەنێکی دیکەی گوتاری ناشنالیزمی ئێرانی کاریگەری لە سیستەمی بەڕێوەبەرایەتی و سیاسیی ڕووسیە وەردەگرێ. ڕووسیە وەک وڵاتێکی بەتوانا کە دەتوانێ لە بەرامبەر هێزە ئورووپاییەکاندا ڕاوەستێ، دەتوانێ پارێزگاری لەخۆی بکا. ئەوەش هاندەرێکە بۆ ئەوەی کە گوتاری ناشنالیستیی ئێرانی ڕووی تێبکا.

**بەڵام بۆچی ئێران ڕووی لە ئیمپڕاتۆری عوسمانی و ئێمپڕاتۆری ڕووسیەیە؟**

بەهۆی ئەوەی کە ئێران هەر لە کۆتاییەکانی دەورەی سەفەوی و بەتایبەت دەورەی قاجارڕا ببووە گۆڕەپانێک بۆ بەرژەوەندیی سیاسی و دەستێوەردانی سیاسی و ئابووریی وڵاتە ڕۆژئاواییەکان بە تایبەت ئینگلیس و فەڕانسەی ئەوکات. بەهۆی ئەوەی ساختاری سیاسیی ئێران لە دەورانی قاجار ساختارێکی زۆر لاواز بوو، لەڕووی سیاسی و ئابوورییەوە فاسد بوو، لەڕووی مودیریەتییەوە لاواز بوو. ئێران لە کۆتاییەکانی دەورەی قاجار بەشێکی زۆر لە زەوییەکانی خۆی لەدەست دا، کە ئێمە زیاتر دوو قەرارداد دەبینین کە مێژوونووسانی فارس پێیان دەڵێین قەراردادی نەنگینی گوڵستان و تورکەمانچای. بەڵام لە واقعدا ئەوانە دوو نموونەن لەو قەراردادنەی قاجارەکان ئیمزای دەکەن و تێیدا خاکی ئێرانی ئەو سەردەمە لەدەست دەدەن. ئەگەر سەیری نەخشەی ئێرانی ئەو سەردەمە بکەین زیاتر لە ٩ یان ١٠ قەرارداد ئیمزا دەکرێ و هەر جارە و لەتێک لە ئێران دەپچڕێ. هەر بۆیە کۆمەڵێک لە ڕووناکبیران و دەوڵەتمەدارانی قاجار لەودەمیدا لە فکری ئەوەدا بوون کە ئێمە چۆن دەتوانین دەوڵەتێکی پێشکەوتوو و ساختارێکی مودیریەتیی بەهێز دروست بکەین کە پارێزگاری لە خۆمان بکەین. هەر بۆیە مەسەلەن لە سەردەمی ئەمیرکەبیردا "دارالفنون" ساز دەکرێ، ئامانج ئەوەیە کە عولوومی نیزامی و ئەندازیاری و قەزایی و پزیشکی تەدوین بکرێ. چونکە ئەو باوەڕە هەبوو کە چیدیکە بە زانستی سوننەتی ناتوانرێ لە بەرامبەر مەسەلەن ئیمپڕاتۆری ڕووسیەدا ڕاوەستن.

ئەگەر ڕوونتر بێمە سەر پرسیارەکەی جەنابت، شۆڕشی مەشرووتە لەواقعدا بۆ دروستکردنی هۆویەتی میللیی ئێرانی نەبوو ئەو جۆرەی کە مێژوونووسان و ڕووناکبیرانی فارس باسی دەکەن، بەڵکوو بە قەولی خودی بەشێک لە ڕووناکبیرانی فارس وەک کاتووزیان بۆ ئەوە بوو کە حکوومەتی قانوون دابمەزرێ، بۆ دروستکردنی یاسا بوو، بۆ دروستکردنی ساختارێکی مودیرییەتیی بەهێز بوو، بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی بەهێز بوو. باشترین سەنەد بۆ ئەوەی شۆڕشی مەشرووتە بۆ چ مەبەستێک بوو، لە قانوونی ئەساسیی مەشرووتەدایە. وەختێک تەماشای دەکەین لەوێدا هیچ باس لە زمانی ڕەسمی، باس لە هۆویەتی میللی، باس لە ئاسیمیلاسیۆن یان باس لە دەوڵەت وەکوو چەمکێکی مۆدێڕن ناکرێ. بەڵکوو تەنیا باسەکە لە سەر ئەوەیە کە چۆن بتوانن دەسەڵاتی بێسنووری پادشایەتیی قاجار کورت بکەنەوە و مەشرووتەی بکەن، لە عەینی حاڵدا مەشرووعە بێ تا ڕادەیەک، چونکە ئێران کۆمەڵگەیەکی شیعەیە. لە هیچ جێگایەکی قانوونی ئەساسیی مەشرووتەدا ئێمە باسێک نابینین سەبارەت بەوەی کە ئێران وەکوو یەک دانە هۆویەتی میللی یەکە و مێژوویی سەیر بکرێ. جا ئەوە لە دەورانی مەشرووتەدا یانی لە ١٩٠٦ تا ١٩١١ دایە کە ڕەوتێک لە نێوخۆی مەشرووتەدا دەست پێدەکا کە دەیەوێ هەوڵی دروستکردنی دەوڵەتی قانوون و مودیرییەتێکی بەدەسەڵات لە ئێراندا ئەو جۆرەی کە هەدەفی مەشرووتە بوو بگوازێتەوە و بیکاتە گوتارێکی ناشنالیستی، گوتارێکی ئاسیمیلاسۆنی، کە دواتر ئەوەی ئەوڕۆی لێ بکەوێتەوە.

**زۆر جار باسی ئەوە دەکرێ کە ڕەگێکی ئەو ناسیۆنالیزمە دەتوانین لە سەفەویەدا ببینین، مەسەلەن باس لەوە دەکرێ سەفەویەکان بۆ ئەوەی لە بەرامبەر عوسمانیەکاندا خۆیان جیا بکەنەوە، مەزهەبی شیعەیان ڕەسمی کرد و لاقێکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە سەر ئەو بنەما شیعیە دامەزراوە، دەکرێ بڵێین پێیەکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی دەگەڕێتەوە بۆ سەفەویە؟**

بەڵێ بێگومان، بە هەر حاڵ سەفەویەکان ئەوکات کە ئێران لە وڵاتێکی سوننی دەکەن بە وڵاتێکی شیعی سێ پشک داندرا، یان دەبوو خەڵک ببنە شیعە، یان دەبوو بکوژرابایەن یان ئێرانیان جێ هێشتبا. هەر لە سەرەتاوە هۆویەتی شیعی لە بەرامبەر هۆویەتی سوننیی عوسمانی داندرا. بەڵام ئەوەمان لەبیر بێ ئێستا کە ئێمە "تشیع" بە شێوەیەکی مۆدێڕن پێناسە دەکەین وەک مەزهەب و وەک بنەمایەک بۆ ناشنالیزم، هێشتا زۆر زووە کە ئێمە لە دەورەی سەفەوی بە چاویلکەیەکی ئەوڕۆیی تەماشای مەزهەبی شیعە بکەین وەک مەزهەب، وەک بنەمایەک بۆ ناشنالیزمی ئێرانی. بەڵام وەک عەرزم کردی لە دەورانی مەشرووتە کە سەردەمی ئەوەیە کە دەیانەوێ دەوڵەتی قانوون دابنێن، باشترین کەسیش بۆ ئەوەی کە ئێمە پشتی پێ ببەستین خودی "مالکوم خان"ە کە پێی دەڵێن باوکی مەشرووتە و ئەو بە گوزارش و نووسراوەکانی لە هەموو بوارێکەوە جێگای پشت پێبەستنە، ئەوەیە کە هەدەف تەنیا دروستکردنی دەوڵەتی قانوونە، هەدەف دروستکردنی هیچ گوتارێکی ناشنالیستی نییە. خۆی مالکۆم خان لە ١٩٠٨، لە سەردەمی شۆڕشی مەشرووتە ڕۆژنامەیەک بەناوی "قانون" لە لەندەن دەردەکا. لەو سەردەمدا کەسانێک وەک ئاخوندزادە و کرمانی گوتاری مەشرووتە بەرەو گوتاری ناشنالیزم دەبەن. بۆ نموونە ئاخوندزادە کە سەردانی قەفقاز دەکا، بەهەر حاڵ ئەو ئازەری زمانە و هاتوچۆی عوسمانی دەکا و باسی ئیستاندارد کردنی زمانی دەکا، باسی وەرگرتنی ئەو ستراکچێرە زمانییە دەکا. بۆ نموونە مالکوم خان موخالفەتی لەگەڵ دەکا، چونکە پێیوایە ئەسڵەن کێشە زمان نییە، کێشە ئەوەیە کە بتوانن حکوومەتێک دابنێن کە لە بەرامبەر دەستدرێژیی ڕووسیە و ئینگلستان خۆ ڕاگرێ.

لە ١٩٠٦ تا ١٩١١ ئێمە ئەو تەوەرانەمان هەیە، بەڵام ئەوە لە ١٩١١ تا ١٩٢٥ە کە ئەو پانتا مێژووییەیە کە لەوێدا گوتاری ناشنالیزم دروست دەکرێ. لەوێ دایە کە گوتاری مەشرووتە دەگوازرێتەوە و دەبێتە گوتارێکی ناشنالیستی و ڕەگەزپەرستانە و کۆمەڵێک ڕۆشنبیری ئێرانی بەتایبەت لە سەرەتادا میرزا فەتحعەلی خانی ئاخوندزادە و میرزا ئاغاخانی کرمانی، ئەوانە دەبنە نوێنەری ئەوەی کە ئێمە پێی دەڵێین

درێژە لە لاپەڕەی ٧

کوردستان
ژمارە: ٧٧٤
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٢٠ی مەی ٢٠٢٠

پرۆتۆناشنالیزم یان ناشنالیزمی سەرەتایی ئێرانی و لەوێدایە کە ئەو گوتارە خۆی لە بەرابەر دژایەتی لەگەڵ عەرەب و نیژادی سامی بەگشتی و تەنانەت لەگەڵ تورک و جوولەکەش (کە کەمتر باسی لێکراوە) دەبینێتەوە و دەیهەوێ تاریخێکی مەوهووم بۆ ئێران ساز بکا.

**ئەو ناسیۆنالیزمە و ئەو بنەمایانەی کە جەنابت ئاماژەت پێکردن لە لایەن کەسانێکەوە داڕێژراون کە بە ئاڵقەی بێرلین یان بازنەی بێرلین ناسراون، چ پەیوەندییەک هەیە لە نێوان بوونی تیۆریسینەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە بێرلینی ئاڵمان کە تەفەکوراتی نیژادپەرەستی و فەلسەفەی نیژادپەرستی تێیدا زۆر بەهێز بوو لەوکاتدا، لەگەڵ چەشنی تیۆریزە کردنی ناسیۆنالیزمی ئێرانی و گواستنەوەی جۆرێک لە ناسیۆنالیزمی تووڕە و هێرشبەر لە ئێراندا؟**

بەڵێ، بازنەی بێرلین لە ١٩١٥ دادەمەزرێ. بەڵام ساڵانی ١٩٠٥ تا ١٩١٥ ئەو دەساڵە زۆر موهیممە. ئەگەر ئیجازەم بدەی بە کورتی بڕێک باسی ئەوە بکەم و دوایی دێمە سەر ئەو بابەتە.

لە سەردەمی مەشرووتە کۆمەڵێک لە ڕووناکبیرانی مەشرووتە بەتایبەت ئاخوندزادە کە دوایە پێی دەڵێن "باوکی ناشنالیزمی ئێرانی" و ئاغاخانی کرمانی کە پێی دەڵێن "باوکی فەلسەفەی تاریخی ئێران"، ئەو دووانە گوتارێکی دژە عەرەب و دژە سامی دروست دەکەن. پێیانوایە کە هێرشی ئەعراب و هاتنیان بۆ ئێران ١٣-١٢ سەدە ئێرانی وەدوا خستووە لە وڵاتە ئوروپاییەکان، بۆیە هەموو هۆکاری دواکەوتنەکە دەخەنە پاڵ نیژادی عەرەب. جا مەسەلەکە لەوە دایە کە هەرگیز ناشنالیزمی عەرەب هەڕەشە نەبووە بۆ سەر فارس و ناشنالیزمی ئێرانی لانیکەم لەو سەردەمیدا. یانی کاتێک ئەعراب هێرشیان هێناوە بۆ ئێران، (ئێران وەکوو چەمک باس دەکەم نەک ئەوەی باوەڕم بە مەفهوومی ئێران هەبێ) هیچ وەختێکی کێشەیان نەبووە. بەڵام ئەوەمان لە بیر بێ کە کرمانی و ئاخوندزادە نازانن کە ئەو تاوانە بخەنە پاڵ کێ و لەخۆشیان ڕانابینن لەگەڵ دەوڵەتە ئوروپاییەکان بیکەنە کێشەیەکی گوتاری. بۆیە هەموو تاوانەکە دەخەنە پاڵ عەرەب. ئەو گوتارەی کە ئەو دوو ڕووناکبیرە دروستی دەکەن (ئەگەر بکرێ پێیان بڵێین ڕووناکبیر) گوتارێکی زۆر پڕ لە نەفرەت و پڕ لە نیژادپەرستی و ڕەگەزپەرستییە، بەجۆرێک کە خوێندنەوەی نووسراوە و کتێبەکانی ئەوانە بەڕاستی تاقەت و تەحەموولێکی تایبەتی دەوێ، تا ئەو جێگایەی کە ئاغاخانی کرمانی هەموو جۆرە نێونرکەی ناحەز و سێکشواڵ و نائاکاری و تەنانەت غەیرە بەشەری وەپاڵ عەرەبان دەدا. بۆ نموونە ئاغاخانی کرمانی دەڵێ لە حاڵێکدا عەرەب بۆ ئەندامی جنسیی پیاوان دەیان ناو و عینوانیان هەیە و دەیان ناویان هەیە بۆ وشتر بە تەرتیبی تەمەنی وشتر، زمانەکەیان ئەوەندە پتەوە بۆ شتی ئاوا، بەڵام بۆ فەلسەفە و بۆ زانست هیچ چەمکێکیان نییە. تا ئەو جێگایەی کەشوهەوای عەرەبستان بە جاهیلییەتی عەرەبەوە دەبەستێتەوە. جا سەیر ئەوەیە ئاغاخانی کرمانی کە تەواوی نووسراوەکانی پڕن لە نەفرەت، دەبێتە باوکی فەلسەفەی تاریخ لای ڕووناکبیرانی فارس. ئاخوندزادەش کە ئێستا پێی دەڵێن باوکی ناشنالیزمی ئێرانی، دەست دەکا بەوەی کە تاریخی پێش ئیسلامی ئێران ستایش بکا، مەدینەی فازلە لە دەورانی پێش ئیسلام دروست دەکا و ١٢ قەرن بەسەر تاریخی ئێراندا باز دەدا، هەر بۆیە پێی دەڵێن (بە قەولی ڕەزا زیا - ئیبراهیمی) "باوکی ناشنالیزمی لەجێ چوو" (Dislocated National-ism). بۆ پێی دەڵێن لەجێ چوو؟ لەبەر ئەوەی ١٢ قەرن لە بەر چاو ناگرێ، یانی دەورەی تەمەدونی ئیسلامی بە گشتی نابینێ و پێی دەڵێ دەورانی دواکەوتوویی و فەساد. ئێمە لەو کۆنتێکستەدا قسە دەکەین. ئەو شتانەی ئاخوندزادە و کرمانی باسی دەکەن ڕیشەی لە چیدایە؟ بۆ پێیانوایە کە ئێرانی پێش ئیسلام هێندە موهیممە؟ بۆ پێیانوایە زمانی فارسی هێندە موهیممە؟ بۆ پێیان وایە ڕەگەزی ئێرانی هێندە موهیممە؟

بەهۆی ئەویە کە لە قەرنی ١٧ و ١٨ بەولاوە زمانناسانی ئوروپایی و بەتایبەت ئاڵمانی باس لە خزمایەتیی بەینی زمانە هیندی و ئوروپاییەکان دەکەن. ئاڵمان خۆی وەک شارستانییەتی نێونجی و حائیل دەبینێ بەینی تەمەدونی ڕۆژئاواو ڕۆژهەڵات، و بیرمەندانی ئاڵمانی بەدوای ئەوەدا دەگەڕێن و پێیانوایە زمانی هیندی و ئوروپایی خاڵی زمانەوانی و هەروەها ڕەگەزناسانەی هاوبەشیان هەیە و برا نیژادییەکانیان لە ئێران و لە هیند دەژین و مەبەستیان ئەو میللەتانەیە کە لە ئێران و لە هیند دەژین. وشەی "فارس" و "ئێران" و "ویلایەتی فارس" هەمووی خزمەت دەکا بەوەی کە ئێران وەک فارس بە ئارییایی و برای نیژادیی خۆیان بناسێنن. ئەو جۆرە بیرکردنەوەیە کە ڕووناکبیران و مێژوونووسان و زمانناسانی ئاڵمانی بۆ ماوەی 200 بۆ 300 ساڵ دروستیان کردبوو، لەو سەردەمیدا لەگەڵ تیۆریی نیژادپەرستانەی داروین و لەگەڵ کۆلۆنیالیزمی ئوروپایی تێکەڵ دەبن و ئەو ئیجازەیە بە ناشنالیستە ئێرانییەکان دەدەن کە بڵێن خەتای ئیسلام و عەرەبە کە ئەوان لە برا پێشکەوتووەکانیان لە ئوروپا و ئاڵمان دوا کەوتوون.

**واتە ڕیشەی ئارییایی بوونەکە لە دژە سامیبوونی ڕووناکبیرە ئێرانییەکانەوە دێ؟**

> ڕووناکبیرانی مەشرووتە پێیانوایە هێرشی ئەعراب و هاتنیان بۆ ئێران ١٣-١٢ سەدە ئێرانی وەدوا خستووە لە وڵاتە ئوروپاییەکان، بۆیە هەموو هۆکاری دواکەوتنەکە دەخەنە پاڵ نیژادی عەرەب. جا مەسەلەکە لەوە دایە کە هەرگیز ناشنالیزمی عەرەب هەڕەشە نەبووە بۆ سەر فارس و ناشنالیزمی ئێرانی لانیکەم لەو سەردەمیدا. یانی کاتێک ئەعراب هێرشیان هێناوە بۆ ئێران، (ئێران وەکوو چەمک باس دەکەم نەک ئەوەی باوەڕم بە مەفهوومی ئێران هەبێ) هیچ وەختێکی کێشەیان نەبووە. بەڵام ئەوەمان لە بیر بێ کە کرمانی و ئاخوندزادە نازانن کە ئەو تاوانە بخەنە پاڵ کێ و لەخۆشیان ڕانابینن لەگەڵ دەوڵەتە ئوروپاییەکان بیکەنە کێشەیەکی گوتاری. بۆیە هەموو تاوانەکە دەخەنە پاڵ عەرەب.

لە ١٧٨٦ (ئەگەر لەبیرم بێ) "سێر ئێدوارد جۆنز" کە زمانناسە و لە هەمان کاتدا دیپلۆماتێکی ئینگلیسیشە، لە سەر زمانە هیندی و ئوروپاییەکان کار دەکا و هیندێک وشە و خاڵ و سەنتێکس و بواری زمانەوانیی هاوبەش لە نێوان زمانی سەنسکریتی و زمانە ئوروپاییەکان دەبینێتەوە، ئەوە دەبێتە بنەما بۆ مۆدێلی ئارییایی و نیژادیی زمان. با ئەوەش بڵێم سێر ئێدوارد جۆنز هیندێک خاڵی هاوبەشیش دەبینێتەوە لەنێو زمانەکانی سامی و زمانەکانی ئوروپاییدا. بەڵام بیرمەندانی ئاڵمان ئەو بەشەی نابینن و وەبەرچاوی ناگرن، واتە خاڵە هاوبەشەکانی هیندو ئوروپاییەکەی وەردەگرن و ئەوەی سامیەکەی وەلا دەنێن. مەبەستییان ئەوە بوو هەر لەسەرەتاوە خۆیان لە کۆڵ زمانە سامییەکان بکەنەوە (وڵاتە عەرەبییەکان هەر لەسەرەتاوە بەچاوی دواکەوتوو سەیریان دەکرا). بەهەرحاڵ بەتایبەت شلێگێل کە زمانناسێکی ئاڵمانیە چەمکی "ئارییایی" دروست دەکا. چەمکی ئارییایی لە زمانی سەنسکریتی "ئاری" و لە زمانی ئاڵمانی "ئێهر" بە مانای نەجابەت و ئەسالەت و ئیفتخارە. سەیر ئەوەیە خودی ئاغاخانی کرمانی ئەو چەمکەی لەوان وەردەگرێ، خۆ ئەسڵەن بۆخۆی فکری بۆ ئارییایی بوون و شتی وا نەچووە. دواتر ئەو چەمکە وردە وردە واتای نیژادی بەخۆوە دەگرێ. بیرمەندان و زمانناسانی ئاڵمانی بەتایبەت کتێبی زۆر دەنووسن لەبارەی ئەوەی بۆ نموونە ئێران لانکەی ئارییاییەکانە، ئێران سەرزەمینی ئارییاییەکانەو ئەنواعی کتێب کە بە زمانی ئاڵمانی نووسراوە و تەرجومە کراوەتەوە. ئەو وەختی ئێران دەبێتە سەرزەمینی ئارییایی، سەرزەمینی ئەو برا خوێنی و ڕەگەزییانەی کە بە هەر هۆکارێک بێ ئەوڕۆکە لە ئوروپا دوور کەوتوونەوە و بەجێ ماون.

> کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە مێژوو و فەرهەنگی ئەو ناوچەیە (کە ئێمە بە تەساموحەوە پێی دەڵێین ئێران) لە پلەی یەکەمدا دروستکراوی ڕۆژهەڵاتناسەکانە. دوای ئەوە ئێرانییەکان و بەتایبەت ئازەرییەکان بەشدارییەکی یەکجار زۆریان لە دروستکردنی ئەو گوتارەدا هەیە، بەتایبەت کە ئازەرییەکان _ کەنایانەوێ بەهیچ جۆر ناسنامەی خۆیان لەگەڵ عوسمانیی سوننی تێکەڵ بکەن_ گوتاری فارسی لە بەرامبەر ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا مەتڕەح دەکەن و جەخت لە سەر فارس بوون و شیعەبوون دەکەنەوە. بۆیە دەبینین کە زۆربەی نووسەرانی گۆڤاری کاوە بۆ نموونە خودی تەقیزادە تورکی ئازەرین. دوای ئەوە لە ژورناڵەکانی دیکەشدا ئەوە بەردەوام دەبێ. چونکە گۆڤاری کاوە 1922 کۆتایی پێدێ، گۆڤاری "ایرانشهر" دەردەچێ کە چەمکی تشیع دێنێتە مەیدان.

**دوکتور ئەحمەدپوور، پێشتر باسی ڕووناکبیرانی بازنەی بێرلینت کرد و گوتت ئەو بیرمەندانە بوون کە ناسیۆنالیزمی ئێرانیان تیۆریزە کردوە، بۆ لە بێرلین؟ دەتوانێ پەیوەندییەکی لەگەڵ نازیسم هەبێ؟**

پەیوەندییەکە ئەوە بوو کە وەک باسم کرد ئاڵمان لە سەدەی ١٧ و ١٨ بەولاوە خۆی وەک وڵاتێک ناسیبوو کە لەڕووی نیژادی و خوێنی و فەرهەنگی و زمانەوانیشەوە لەگەڵ ئێران نزیکایەتی هەیە کە سەرزەمینی ئارییاییە. دوای ئەوە بیرمەندانی ئاڵمانی وەکوو شپەنگلێر و پێش ئەویش نیچە و گۆتە و شۆپنهاوەر هەموویان باسی ئەوەیان کردبوو کە تەمەدونی ئوروپایی تەمەددونێکی فاسدە، تەمەدونێکی ڕوو بە زەواڵە و فەرهەنگی ئاڵمانی دەتوانێ تەمەددونی ئوروپایی و تەمەددونی جیهانی ڕزگار بکا. ئەو نووسراوە فەلسەفیانە بۆخۆیان زەمینەی نازیسم و زەمینەی بیرکردنەوەی نازیستی و ئەسالەتی فەرهەنگی ئاڵمانیان خۆش کردبوو. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە بۆچی بێرلین بوو بە شوێنگەی ناشنالیستەکانی ئێرانی؟

بەهەر حاڵ ئێمە لە دەورەی جەنگی جیهانیی یەکەم داین، ١٩١٤ تا ١٩١٧ جەنگ ڕووی داوە، ڕووناکبیرانی ئێرانی ئەوانەی کە ئیحساسی نزیکایەتیی نیژادی و فەرهەنگی لەگەڵ ئاڵمانییەکان دەکەن زۆریان لە ئاڵمان دەژین.

دەوڵەتی ئاڵمان "حەسەن تەقیزادە" دەعوەت دەکا بۆ ئەوەی بێ لە ئاڵمان سازمان یان گرووپێک دروست بکا بە ناوی گرووپی حیمایەت لە ئاڵمان لە جەنگی جیهانیی یەکەم، بۆ ئەوەی لە دژی ڕووسیە و ئینگلیس وتار بڵاو بکەنەوە، چونکە ئاڵمان لەگەڵ ئەو دوو وڵاتە لەشەڕدا بوو. بۆیە تەقیزادە کە بە ڕەچەڵەک ئازەریشە، ساڵی ١٩١٥ دەچێ لە بێرلین کۆمەڵێک لە بیرمەندانی فارس کۆ دەکاتەوە، (بۆ نموونە، حوسێن کازمزادە، محەممەدعەلی جەماڵزادە، مەحەمەدی قەزوینی) لە بێرلین گۆڤارێک دەردەکەن بە ناوی "کاوە"، کە لە لایەن ئاڵمانیەکان ساپۆرتی ماددی دەکرێ. ئەو گۆڤارە لە ١٩١٥ تا ١٩٢١ بڵاو دەبێتەوە. لە ١٩١٥ تا ١٩١٩ کە پێی دەڵێن دەورەی یەکەمی گۆڤاری کاوە، لەوێدا تەقیزادە و دەستەی نووسەرانی کاوە کاریان ئەوەیە کە لە دیفاع لە سۆسیال دێموکراسی لە ئاڵماندا بنووسن لە بەرابەر سۆڤیەتدا. زۆر گرینگە ئەوە بزانین لە مەسەلەی گۆڤاری کاوەدا هەر خودی ناوی کاوە بیرلێکراوەیە و لە سەر بنەمای سفارشاتی "ئۆسکارمان" (کە خۆی زمانناسێکە و خۆی بە پسپۆڕی زمانی کوردیش دەناسێنێ و کار لە سەر زمانی کوردی دەکا) تەنانەت لۆگۆی گۆڤارەکەشیان بۆ دیاری دەکا و لە ژمارەی (١)ی گۆڤارەکەدا دەڵێ بۆ کاوە؟ و بۆچی پەرچەمی کاوە؟ هەر لە سەرەتاوە ئوستوورەی کاوە و پەرچەمی کاوە بەو جۆرەی لە شاهنامەی فیردەوسی دا هاتوە، گرێ دەداتەوە بە ڕوحی ئێرانی گەری و ڕوحی ئارییایی گەری. دەورەی یەکەمی کاوەدا کە لە ١٩١٥ تا ١٩١٧ لە ژێر نەزەری ئۆسکارمانە و لە ١٩١٧ بەولاوە دەکەوێتە ژێر نەزەری "سێباستیەن بێک" و ئەوانە هێڵە گشتییەکان دیاری دەکەن. لە ١٩١٩ کە شەڕ بڕاوەتەوە و ئاڵمان شکستی خواردوە و تەسلیم بووە تا ساڵی ١٩٢١ دەورەی دووەمی گۆڤاری کاوە دەردەچێ. کە کاری ئەو دەورەیە دروستکردنی پلاتفۆڕمێکە، دروستکردنی پرۆپۆزاڵێکە بۆ دروستکردنی دەوڵەت_نەتەوەی فارسی لە ئێرانی ئەو سەردەمدا لەسەر بنەمای گوتاری نیژادی ئارییایی.

**ئەو بیرمەندانەی کە جەنابت ناوت هێنان و بەشێکی زۆریان ئازەرین، چۆن بیریان لەوە کردۆتەوە بەو چەمکەی کە نێویان لێ ناوە ئێران و لانیکەم لەوکاتدا زیاتر چەمکێکی وەهمی بووە تا واقعی، کۆمەڵگای فرەچەشنی ئێران هێمۆژێنیزە بکەن و هەموو ئەو جیاوازیانە بخەنە سەر ناسیۆنالیزمی ئێرانی؟ واتە چۆنیان بیر لە دروستکردنی ئێران کردۆتەوە؟**

لەواقعدا ناشنالیزمی ئێرانی ئەوجۆرەی کە جەنابت دەفەرمووی قەت ئێرانیەکان بۆخۆیان تیۆریزەیان نەکردوە. بۆ نموونە شۆڕشی مەشرووتە کە کرا ساڵی ١٩٠٥ تا ١٩١١ و بە هێرشەی ڕووسەکان بۆ شومالی ئێران شتەکە بڕایەوە و شکستی خوارد، هەر لەو سەردەمەدا لە ١٩١٠ دەبینین "ئێدوارد براون"ی ئینگلیسی لە کتێبەکەیدا شۆڕشی مەشرووتە بە شۆڕشی فارسی (Persian Revo-lution) ناو دەبا. واتە ڕۆژهەڵاتناسەکان و زۆرتر ئوروپاییەکان باسی ئەو مێژووە دەکەن. پێم گوتی لە سەدەی ١٧ تا سەدەی ١٩ دەیان کتێب هەیە لە سەر ئەوەی کە ئێران وەک سەرزەمینی ئارییایی، وەک وڵاتێک کە ناسنامەیکی نەتەویی یەکەی هەیە دەناسێندرێ و هویەتی بۆ ساز دەکرێ. کەسانێک وەکو ئێدوارد براون دێن شۆڕشی مەشرووتە دەکەنە شۆڕشی فارسی، لە حاڵێکدا کە فارس و تورک و لوڕیشی تێدا بەشدار بوون. دوای ئەوە لە سەرەتاکانی دەوڵەتی پەهلەویدا کۆمەڵێک موستەشریق وەک مینۆرسکی، گرانتۆسکی، گیرشمان، پیگۆلوسکایا، ڕیچارد فرای و ئارتور پۆپ مێژووی ئێران دەنووسنەوە. مێژوونووسی ئێرانیشمان هەیە لەو سەردەمەدا وەکو حەسەن پیرنیا، موجتەبا مینەوی، عەباس ئیقباڵ ئاشتیانی ئەوانەش دێن و دەقیقەن لەڕووی ئەو تێمپلێتە و هەر بەو شێوەیە مێژووی ئێران دەنووسنەوە. کێشەی سەرەکی ئەوەیە کە مێژوو و فەرهەنگی ئەو ناوچەیە (کە ئێمە بە تەساموحەوە پێی دەڵێین ئێران) لە پلەی یەکەمدا دروستکراوی ڕۆژهەڵاتناسەکانە. دوای ئەوە ئێرانییەکان و بەتایبەت ئازەریەکان بەشدارییەکی یەکجار زۆریان لە دروستکردنی ئەو گوتارەدا هەیە، بەتایبەت کە ئازەریەکان گوتاری فارسی لە بەرامبەر ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا مەتڕەح دەکەن و ئەوان جەخت لە سەر فارس بوون و شیعەبوون دەکەنەوە. بەهەر حاڵ نایانەوێ بەهیچ جۆر ناسنامەی خۆیان لەگەڵ عوسمانیی سوننی تێکەڵ بکەن. بۆیە دەبینین کە زۆربەی نووسەرانی گۆڤاری کاوە بۆ نموونە خودی تەقیزادە تورکی ئازەرین. دوای ئەوە لە ژورناڵەکانی دیکەشدا ئەوە بەردەوام دەبێ. چونکە گۆڤاری کاوە ١٩٢٢ کۆتایی پێدێ، گۆڤاری "ایرانشهر" دەردەچێ کە چەمکی تشیع دێنێتە مەیدان. دەستەی نووسەرانی کاوە تەنیا جەخت لەسەر زمان و میراتی فەرهەنگیی دەورەی پێش ئیسلام دەکاتەوە، بەتایبەت لەسەر زمان، لەسەر فیردەوسی و لەسەر ناسنامەی فەرهەنگی. ئەوە لە ١٩٢٢ بەولاوەیە کە "کاظم زادە" دێ لە بێرلین گۆڤاری "ئێرانشەهر یان ئێرانشار" دەردەکا و کار لەسەر زەقکردنەوەی تشیع دەکا. ئەو شیعەگەرێتیە وەسڵ دەکەن بە مێژووی ئێران، کە ئەوەش بۆخۆی چیرۆکی خۆی هەیە.

**(بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم دیمانەیە لە ژمارەی داهاتوودا بڵاو دەکرێتەوە.)**

---

دارسمە

دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

# سماندنی بیرۆکەی شەهادەتتەڵەبی و دوژمنی خەیاڵی

من وەک دارسمەیەکی ئەم سەردەمە لەبەر ئەوەی وازم لە دارسمین هێناوە، داوای لێبوردن لە جوجەڵەکانی خۆم و ئێوەش دەکەم. ئێستا هاتوومەتە سەر ئەم بڕوایە زۆر جار سماندنی شوێنی دیکە لە سماندن و کوتانی کۆترەی دارە ئەستوورەکان پێویستترە.

ژیان هەر سک ئاخنین نییە و ئێمەش پێویستمان بە هەڵکیشانی هەناسەیە و پێویستە هێندێک جاریش بنهەنگڵی کولتوور و لاڕوومەتی داب و نەریت و بناگوێی سیاسەت و هێندێک شوێنی دیکەش زۆر بەنەرمی و لەسەرخۆیی و بە پارێزەوە بسمین. زۆرجار سماندنی بە قەو و توند و جاروباریش سماندنی نەرم و نیان لە نانی شەویش پێویستترە.

سەدجاران بەو حەڵقەیەی کاتی دەزگیرانەتی پەنجەمان تێگرتوە و یان هەندێکتان بە تەمان پەنجەی تێبگرن، من دوژمنایەتی و دژایەتیم لەگەڵ هیچکەس و بۆچوون و بیروبڕوایەک نییە و هەمووتان بەڕێزن. تەنانەت خەیاڵە دەوڵەمەند و هەنێک جار ئەوانی پڕوپووچی ئێوەش لای من بەڕێزن.

دەبێ بڵێم لێرەدا، بە تایبەت لەم "دەق"ەی ئێستادا باس لە خەیاڵ کردنەوە یان "فانتازیا" بە مانای فڕینی بیر و دروستکردنی جهیان و ژیانێکی دوور لە واقیعی ئێستا ناکەم. مەبەست ئەو "خەیاڵ"ـە کورت و تێپەڕانەیە بەخێرایی لەگەڵ ژیانی ئاسایی تێکەڵ دەبن و خێرا مرۆڤ لێیان دوور دەکەوێتەوە و دەگەڕێتەوە سەر ژیانی ئاسایی. لێرەدا لەبەر ئەوەی ناچارم بۆ ڕێزگرتن لە کولتووری باو باسی هەندێک شتی خەیاڵی نەکەم و منیش بەشی خۆم لە قەپێلکی سانسۆڕدا بمێنمەوە و بێمە سەر باسی دوژمنی خەیاڵی.

دوژمنی خەیاڵی بەپێی ئەم پێناسەیەی بۆ خەیاڵی کورت مەودام کرد، ئەو دوژمنەیە بۆ چەند چرکەیەک لە دونیای حەقیقیدا دەیهێننە بەرچاوی خۆمان. دیارە لە کاتی شەڕی دەستەوئێخە دەگەڵ کەس یان کەسانێک، لە گەرمەی تێکهەڵچووندا دوژمنمان ڕاستەوخۆ لە بەرانبەرمانە و دەرفەتی خەیاڵکردنەوەمان پێ ناهێڵێ. لەکاتێکی ئاوادا یان بەسەر دوژمندا زاڵ دەبین و یان وەک پیر و پێشنیان فەرموویانە: "لاقە قوونێ خەلاس کە".

وەک لەم بەسەرهاتەی خوارەودا دەبنین، دوژمنی خەیاڵی تەنیا لەکاتی ڕاهێناناندا دەتوانێ بەرجستە بکرێ.

ئەم جۆرە دوژمنە خەیاڵییە لە مانۆڕی سەربازیی ٢١ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٩٩ی کۆچیی هەتاوی، لە لایەن هێزە دەریاییەکانی ئێرانەوە بەرجەستە کرا.

بۆ زیاتر قووڵبوونەوە بە نێو بابەتەکەدا پێویستە بە کورتی ئەو دوو پاپۆڕ یان کەشتییە بناسێنین کە لە کاتی دروستبوونی دوژمنی خەیاڵی لە دەریاکانی باشووری ئێراندا بەشداری مانۆڕ بوون. پاپۆڕەکانی "کۆنارەک" و "جەماران" لەو ڕۆژەدا بۆ خولقاندنی دوژمنی خەیاڵی پێشاندانی ئەم دوژمنە پیسە، دەوری سەرەکییان گێڕا. ئەوانەی ئاگاداری ڕووداوی کوژرانی ١٩ چەکداری سوپای پاسداران لە ٢١ی بانەمەڕدان، دەزانن لەم ڕۆژەدا کەشتیی "جەماران" بە مووشەک کەشتیی "کۆنارەک"ی پێکا و بە گوتەی بەرپرسانی سوپای ئێران، لە بەر ئەوەی لە نێو ئەو ئاوە سوێرەدا شەربەت دەست نەکەوت، ١٩ کەس سوێراوی شەهادەتی دەریای باشووریان نۆشی و ١٥ کەسیش لە هەوڵدان بۆ نۆشینی سوێراوەکە سەرنەکەوتن و بە برینداری گەیەنرانە نەخۆشخانەکان.

کەشتیی کونارەک ناوەکەی لە شاری "کونارەک"ی دامێنی خۆرئاوای پارێزگای سیستان و بەلووچستان وەرگیراوە و ناوی شارەکەش لە "کونار" واتە "تاوک"ی کوردی وەرگیراوە کە دارێکی کورتەباڵای خۆرسکی چیاکانی زاگرۆسە و بەرەکەی لە قەزوان گەورەتر و بیلامانێ نێوکی ڕقە و گۆشتە کەمەکەی کەمێک لە ئاردی سنجوو پتەوترە.

کەشتیی جەمارانیش بە ناوی "جەماران"ی تاران کراوە. جەمارانی تاران، گەڕەکێکە لەم شارە و سەر بە شارەوانی ناوچەی یەکی تارانە. دەگوترێ لە کۆنەوە ئیمامزادەیەک لەوێ نێژراوە، بەڵام ئێستا بە شوێنی نیشتەجێبوونی خومەینی ناسراوە.

کەشتیی "جەماران" و کەشتیی "کونارەک" لە ڕۆژی ٢١ی بانەمەڕ کە خەریکی ڕاهێنان واتە مانۆڕکردن بوون. لە پێڤاژۆی دروستکردنی دوژمنی خەیاڵیدا ناکۆکی دەکەوێتە نێوانیان و بە هۆی هاویشتنی مووشەکێک لە سەر کەشتیی جەمارانەوە بەرەو دوژمنی خەیاڵی، لە ئاکامدا کەشتیی کونارەک تەقییەوە و ٣٤ ئەفسەر و سەربازی ئێرانی بە کوژراو و بریندارەوە لە خوێن گەوزین.

دوای کوژرانی ١٩کەس بە دەستی دوژمنی خەیاڵی، پێڤاژۆی بەردەوامبوونی "شەهادەتتەڵەبی" سەری هەڵدایەوە. لە کاتێکدا دەرکەوت مووشەکەکە لە جەمارانەوە بەرەو دوژمنی خەیاڵی هاویشتراوە، دەرکەوت دوژمنی خەیاڵی ئەو مووشەکەی قۆستۆتەوە و لە تەپڵی سەری کونارەکی داوەتەوە.

ئەنجامەکانی ئەم لێکدانەوەیە:

چوار یەک: جارێ با لەبەرانبەر دوژمنی خەیاڵیدا ئەوندە سەربازە شەهید بن، بۆ شەڕی دوژمنی ڕاستەقینەش خوا کەریمە.

نیوەی: تاوکی خۆرسک بە جەمارانی دەستکرد ناوێرێ.

سێ چارەک: دوژمنی خەیاڵی زۆر نامەردانە دەست دەکاتەوە.

هەمووی: شەهادەتتەڵەبی بەردی بناغەی مانەوەیە.

***

# خامنەیی، ماندووی ململانێ و دۆڕاوی هاوکێشەکان



مادح ئەحمەدی

پەیامە کورت و پڕ واتاکەی خامنەیی لەمەڕ ئاشتیخوازبوونی ئیمامی دووەمی شیعەکان لە تویتێر، ڕاڤەی جۆراوجۆری لێکەوتەوە. لایەنگرانی گرێیان دا بە باوەڕی دینییەوە و لە خانەی ئیدئۆلۆژییدا تەفسیریان کرد و، لەم دەلاقەوە دەیانەوێ ئەگەر ئاڵوگۆڕێک لە سیاسەتی نێودەوڵەتیی ئێراندا دروست بێ، ئەمە بکەن بە پاساوێک بۆ ئەوەی کوڵی دڵی شەڕخوازانەی لایەنگرانی خۆیان دامرکێننەوە. بەپێچەوانەی ئەم هەڵێنجانە ئیدئۆلۆژیکە، ئەم تویتەی خامنەیی، لە لایەن دژبەرانی کۆماری ئیسلامی و چاودێرانی ڕووداوەکانی ئێران و ناوچەکە، وەک پاشەکشەیەکی کۆماری ئیسلامی لە بەرامبەر گوشارەکانی ئەمریکا لێک درایەوە.

بە سەرنجدان بەوەی کە کۆماری ئیسلامی لەسەر ئیدئۆلۆژی بنیات نراوە، کاربەدەستانی حکوومەت و لە سەرووی هەموانەوە خامنەیی، زۆر جار بۆ گەیاندنی مەبەستەکانیان لە زمان ئایینی کەلک وەردەگرن و لەم ڕێگاوە لانیکەم هەوڵ دەدەن قەناعەت بە لایەنگرانی خۆیان بهێنن. ئەوەی لەم نێوانەدا زیاتر جێی سەرنجە ئاماژەکانی پشت تویتەی خامنەییە کە وەک "نرمش قهرمانانە"ی دووەم دێتە ئەژمار.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ساڵی 2015، دەبینین ئەو کاتیش خامنەیی پەسنی سیاسەتەکانی ئیمامی دووەمی شیعەکانی کرد بە هێنانە ئارای چەمکی "نرمش قهرمانانە" دەستی گرووپی دانوستانکاری ئێرانی بۆ وتوویژ لەسەر دۆسییەی ناوکیی ئەو وڵاتە لەگەڵ ئەمریکا ئاوەڵا کرد و دوای ئەمەش بوو کە ڕەوتی دانوستانەکان خێرا چوونە پێشەوە و لە ئەنجامدا ڕێککەوتنی!! لێکەوتەوە. بە لە بەرچاو گرتنی ئەو دۆخەی ئێرانی تێکەوتوە، دەکرێ ئەمەش هەمان "نرمش قهرمانانە"ی دووەم بێ و پاشگەزبوونەوە بێ لەوەی کە نزیک ساڵێک لەمەوبەر ئامادە نەبوو لە ڕێگای سەرۆک وەزیرانی ژاپۆنەوە وڵامی پەیامی دۆناڵد ترامپ بداتەوە. ڕووداوەکانی چەند مانگی ڕابردوو و بە تایبەتی دوای کوشتنی قاسم سلێمانی دەری دەخەن ئێران دۆڕاوی هاوکێشەکانە لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست و بالانسی هێز لەدژی بەرژەوەندییەکانی ئێرانە، بە تایبەتی لە عێراق کە لە چەند مانگی ڕابردوودا ئاڵوگۆڕەکان تەواو پێچەوانەی ویستی ئێران بوون.

لە لایەکی دیکەوە، سەرهەڵدانی چەند پرسێکی دیکە کە هاوکات بوو لەگەڵ تویتەکەی خامنەیی، بەڵگەن بۆ ئەوەی بێژین کە کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامدا کۆڵی بە گوشارەکانی ئەمریکا دا و پەیامەکەی خامنەییش، بە واتای تەسلیم بوونی ئێران لە بەرامبەر ئەمریکادا بوو. هەروەها، نامەکەی وەزیری دەرەوەی ئێران بۆ سکرتێری گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٠ـی بانەمەڕ و دەربڕینی ئامادەیی ئێران بۆ گەڕانەوە بۆسەر مێزی دانوستان لەسەر ڕێککەوتنی وڵاتەکەی لەگەڵ وڵاتانی ١+٥، پێکهاتنی حکوومەتی عێراق دوای چەند مانگ ململانێ، هاتنە ئارای پرسی ئاڵوگۆڕی زیندانییەکان لە نێوان ئێران و ئەمریکا، کشانەوەی سیستمی بەرگریی موشەکیی ئەمریکا لە سعوودییە و ... ئەمانە هەموو ئاماژەن بۆ کۆمەڵێک ئاڵوگۆڕی نوێ لە سیاسەتی نێودەوڵەتی و ناوچەیی ئێراندا.

گوشارە پەیتا پەیتاکانی ئەمریکا بۆسەر ئێران، کوشتنی قاسم سلێمانی، قەیرانە نێوخۆییەکانی ئێران و شکستە سەربازی و ئەمنییەکانیان لە سووریە، وای کرد کە بالانسی هێز لەدژی ئێران بگۆڕدرێ و لە ئەنجامدا ئەم وڵاتە وەک دۆڕاوی هاوکێشەکان مل بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بدات.

جیا لەم خوێندنەوەیە، لێکدانەوەیەکی دیکەش ئەتوانێ ئەوە بێ کە بێژین خامنەیی ماندوو بووە لە ململانێ لەگەڵ ئەمریکا لە ناوچەکە. هەموومان وتارە توندەکانی خامنەییمان لە ماوەی یەک ساڵی ڕابردوودا لەدژی ئەمریکا لە بیر ماوە. لە ڕەدکردنەوەی وڵامی پەیامەکەی ترامپ کە بە ناوبژیوانیی سەرۆک وەزیرانی ژاپۆن بوو، ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک جێگەی متمانە نییە، وتوویژ لەگەڵ ئەمریکا وەک ژەهر وایە و ... ئەمانە کاکڵەی بەشێک لە قسەکانی خامنەیی بوون لەدژی ئەمریکا. تەنانەت ساڵێک و چەند ڕۆژ لەمەو بەر خامنەیی لە کۆبوونەوەیەک لەگەڵ بەرپرسانی حکوومەت ڕایگەیاند کە خەڵکی ئێران لەدژی گوشارەکانی ئەمریکا دەوەستنەوە و لەم ململانێیەدا ئەمریکا پاشەکشە دەکا و ئەوان دەیبەنەوە. ساڵێک دوای ئەم بانگەشەیەی خامنەیی ئەوەی لە دنیای واقیعییدا دەبینین، تەواو پێچەوانەیە و کۆماری ئیسلامی لە ئەنجامدا خەریکە کۆڵ دەدا.

٢٥ی بانەمەڕی پارەکە بوو کە خامنەیی وتووێژی لەگەڵ ئەمریکا بە ژەهر لەقەڵەم دا، ئەمساڵیش لە ١٩ی بانەمەڕدا تەواو پێچەوانەی ئەو دەم لە تویتێکدا بە پشتبەستن بە ئاشتیخوازبوونی ئیمامی دووەمی شێعەکان، داکۆکی لە وتوویژ و چارەسەری ئاشتیخوازانە دەکا. ئەم وەرسووڕانەی خامنەیی دەکرێ نیشانەی ئەوە بێ کە لە ململانێ لەگەڵ ئەمریکا ماندوو بووە و ئەگەر بە شێوەی چەند مانگی ڕابردوو درێژە بە ململانێ بدات، ئەوا نەتەنیا هیچ دەستکەوتێکی نابێ، بەڵکوو ڕەنگە قاسم سلێمانییەکانی دیکەشی لەسەر دابنێ. تەنانەت، لەم بارەوە پارلمانتارێکی دەوڵەتی یاسا کە لە هێڵی بەرژەوەندییەکانی ئێران‌دان، ڕایگەیاند ئێران لە ململانێ لەگەڵ ئەمریکا لە عێراق ماندوو بووە و ئەم جارە ئەمریکا لە ئاستی هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراقدا باڵادەستە.

بە کورتی، خامنەیی لە هاوکێشە ناوچەییەکاندا بەرامبەر بە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دۆڕاوە و هەروەها ئەنجامی ململانێیەکانی یەک ساڵی ڕابردووی ئێران لەگەڵ ئەمریکا تەواو پێچەوانەی چاوەڕانییەکانی بوون. بۆیە، لەم ڕێگاوە ڕایگەیاند کە لە درێژەدان بەم ڕێگایە بێئاکامە، ماندووە و لە بە ژەهر زانینی وتوویژ، پەژیوانە.

# دوای هەڵە گەورە سەربازییەکانی ئەم دواییانە، تاران دەیهەوێ خۆی بوێر نیشان بدا



و: کەماڵ حەسەنپوور

چەند حەوتوو لەمەوپێش دوای بەڕێکردنی یەکەم مانگی دەستکردی سەبازی، ئێران سەرنجی دنیای بۆ لای خۆی ڕاکێشا، بەڵام هێزە سەربازییەکانی هێشتا ئازاری ئەو هەڵە مەزنانە دەچێژن کە هێمای کۆماری ئیسلامی، کە زۆر وشیارانە هەوڵی داوە وەک دەسەڵاتێکی مەزنی ناوچە خۆی بنوێنێ، خەوشدار دەکەن.

کوژرانی 19 ئێرانی بە تەقەی مووشەکی خۆیان لە ڕۆژی دووشەممە، دووپاتبوونەوەی هەمان نموونەیە کە هێزی سەربازیی تاران چوار مانگ لەمەوپێش شەرمەزارانە فڕۆکەیەکی مەدەنییان خستە خوار و ١٧٦ کەسیان کوشت. ئەو دوو هەڵە کوشندە بەتوندی پێچەوانەی خۆ وەسفکردنی ئێران وەک وڵاتێک کە هاوشانی دژبەرەکانی لە خۆرهەڵاتی نێوەڕاست، وەک ئیسرائیل و عەرەبستانی سعوودییە، باسی ئەوەش ناکەین کە دەڵێ بەرپەرچی هەر هێرشێکی ئەمریکا بۆ سەر وڵاتەکەیان دەدەنەوە.

ئەوە ڕاستە کە ڕێبەرانی ئێران حەز ناکەن ددان بەوەدا بنێن، هەندێک لێکۆڵەر هۆشداری دەدەن کە ئێران لەوانەیە هەوڵ بدا بۆ پەردەپۆش کردنی هەڵە پڕ تێچووە سەربازییەکانی، عەرەبستانی سعوودی یا ئەمریکا تاوانبار بکا. دەستدرێژیی سەربازیی ئێران بە هەمان شێوە دەتوانێ لەوەوە سەرچاوە بگرێ کە ڕێبەران لە تاران بیانهەوێ ناکارامەیی خۆیان لە بەرامبەر بڵاوبوونەوەی کۆڤید-١٩ بشارنەوە، چونکە لە سەرانسەی خۆرهەڵاتی ناڤین وڵاتان، ئێرانیان بە بڵاوکردنەوەی ئەو پەتایە تاوانبار کردوە چونکە خەڵکی نەخۆش کە لەوێ ڕایان کردوە نەخۆشییەکەیان لە ئەفغانستان، پاکستان و وڵاتانی نزیکی ئێران بڵاو کردۆتەوە.

جەیمز فیلیپس، توێژەرێکی پلەبەرزی سیاسەتی خۆرهەڵاتی ناوین لە هەریتەیج فاوندەیشن گوتی: "ئەوە ڕێژیمێکی زۆر ئیدئۆلۆژیکە، پێموایە ئەگەری زۆرە کە ئێران بیهەوێ کاردانەوەی لەسەر نیشانە ئاشکراکانی ناکارامەیی بە بردنە سەری ئاستی تەبلیغات نیشان بدا تا ئەو بەڵگانەی کە دەریدەخەن کە بەڕاستی ئێران هێندەش خاوەن دەسەڵات و کاریگەر نییە کە بۆخۆی بانگەشەی بۆ دەکا."

ڕێزدار فیلیپس لە وتووێژێکدا لەگەڵ واشینگتۆن تایمز لە ڕۆژی سێشەممە گوتی: "زۆر وێدەچێ سینگ بێنێتە پێش و بگەڕێتەوە سەر هەمان قسە پڕوپووچە ئیدئۆلۆژیکەکانی پێشوو. ڕێژیم دەزانێ هێزی سەبازییەکەی لاوازە بەڵام هەوڵ دەدا بە گوتنی ئەوە 'ئێمە زیاتر لە ئێوەی خۆرئاوایی هەستیار ئامادەی قوربانی دانین' تۆڵەی خۆی بکاتەوە."

هەڵە سەربازییە کوشندەکانی ئێران زۆربەیان بە چەکی بەرهەمی نێوخۆیی قەوماون و لە کاتێکدایە کە بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ هەوڵ دەدا ئابلۆقەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لەمەڕ فرۆشتنی چەکوچۆڵی بیانی بە تاران، بە تایبەت لە لایەن ڕووسیە و چینەوە درێژ بکاتەوە. جارێ ماوە ئاشکرا بێ ئاخۆ هەڵەکان دەبنە هۆی بەهێزتر بوونی داوای واشینگتۆن. هێندێک لێکۆڵەر پێیان وایە ڕووداوەکانی ئەم دواییانە جەخت لەسەر هۆکارهێناوەی بەڕێوەبەرایەتی دەکەن و ئێران نە تەنیا ئەکتەرێکی نابەرپرسیارە، بەڵکوو لە ڕاستییدا تاران ناتوانێ کۆنترۆڵی هێزی سەربازیی خۆیشی بکا.

کاربەدەستانی پلەبەرزی بەڕێوەبەرایەتیی ترامپ حەوتووی ڕابردوو هۆشدارییان دا بە ڕووسیە، چین یا هەر وڵاتێک کە بیهەوێ پێش بە درێژکرانەوەی ئابلۆقەی سەر چەکوچۆڵ بگرێ، وڵاتە یەکگرتووەکان بەتەمای کاراکردنەوەی "سیاسەتی پەلەپیتکە"یە واتە ئابلۆقەی جیهانی لەسەر ئێران کە وەک بەشێک لە ڕێککەوتنی سەردەمی ئۆباما لەمەڕ بەرنامەی ئەتۆمیی ئێران هەڵگیران. سەرۆک کۆمار ترامپ ساڵی ٢٠١٨ لەو ڕێککەوتنە هاتەدەر، ئەگەرچی واژۆکەرانی دیکە، لەنێویاندا هاوپەیمانی سەرەکیی ئەمریکا لە ئورووپا، هەوڵیان داوە بیپارێزن.

گرژییەکانی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکان و ئێران دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، سەرەتای ئەمساڵ تا نزیکی شەڕ چوو، دوای ئەوەی کە میلیشیا بەکرێگیراوەکانی ئێران لە عێراق هێزە ئەمریکاییەکانیان کردە ئامانج و واشینگتۆن بە هێرشێکی ئاسمانی جوابی دایەوە و ژێنێڕاڵی پلەبەرزی ئێرانی قاسم سولەیمانیی کوشت. ئێران بە هێرشی موشەکی بۆ سەر هێزەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە بنکەی عەینولئەسەد هەوڵی دا تۆڵەی سولەیمانی بکاتەوە. دەرزەنێک هێزی سەربازیی ئەمریکا لە کاتی هێرشەکەدا تووشی شڵەژانی مێشک بوون.

ئەو کات، دەوڵەتی ئێران لانیکەم لە لایەن هاووڵاتییانەوە پشتیوانیی لێ کرا، چونکە زۆر لەوان لە بە ئامانجگیران و کوژرانی سولەیمانی لە لایەن وڵاتە یەکگرتووەکانەوە تووڕە بوون. بەڵام ئەو پشتیوانییە کاتێک ئاشکرا بوو سپای ئێران بە هەڵە فڕۆکەی ئۆکراینی، تەنیا چەند کاتژمێر دوای هێرش بۆ سەر هێزە ئەمریکاییەکان لە عێراق، خستبووە خوارێ، خێرا لە نێو چوو. لە کۆتاییدا ڕێبەرانی ئێران دوای ناڕەزایەتییە پەرەئەستێنە نێوخۆییەکان، داوای لێبووردنیان کرد.

هەڵەی تازە کە ئەم حەوتووە ڕووی دا کوژراوی کەمتری بەدواوە بوو، بەڵام لەوانەیە شەرمەزارییەکی مەزنتر بێ بۆ تاران. ڕۆژی دووشەممە لە کاتی ڕاهێنان لە کەنداوی عوممان، پاپۆڕی ئێرانی بە هەڵە مووشەکێکی بە پاپۆڕێکی پشتیوانی خۆیانەوە نا.

تەلەفزیۆنی ئێران لە زمان هێزی دەریایی گوتی: "ڕووداوەکە لە باشووری ئێران، لە بەندەری جاسک لەسەر کەنداوی عوممان لە کاتێکدا کە هێزی دەریایی ئێران دوانیوەڕۆی یەکشەممە خەریکی ڕاهێنان بوو ڕووی دا، لەو ڕووداوەدا ١٩ مەلەوان کوژران و ١٥ی دیکەش بریندار بوون." هێرشە هەڵەکە بۆ سەر هێزی خۆیان لە کاتێکی هەستیار بۆ تاران ڕووی دا، کە لەم چەند حەوتووی دواییدا جارێکی دیکە بووە هۆی وورووژاندنی وڵاتە یەکگرتووەکان، کاتێک بەلەمەکانی سپای پاسداران مانگی ڕابردوو پاپۆڕە شەڕکەرەکانی ئەمریکایان جاڕز کرد کە خەریکی ڕاهێنان لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا بوون. دۆناڵد ترامپ جوابی ورووژاندنەکانی دایەوە و بڕیاری دا کە: "تەقە لە هەر بەلەمێکی تۆپداری ئێرانی بکەن" وا هەڕەشە لە پاپۆڕەکانی ئەمریکا دەکەن.

دوای شەڕەنگێزییەکانی پێشووی ئێران، سەرۆک کۆمار ترامپ گوتی: "ئێران هەڵەی کردوە و ڕەنگبێ توانایی کۆنترۆڵی هێزی سەربازیی خۆی نەبێ." مانگی ژووئەنی ڕابردوو، دوای خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفڕۆکەوانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ئاوە نێونەتەوەییەکاندا لە لایەن ئێرانەوە، ڕێزدار ترامپ گوتی: "ئەگەری زۆرە کە کاربەدەستە پلەبەرزەکانی ئێران لە تاران فەرمانی ئەو هێرشەیان واژۆ نەکردبێ." ئەو کاتی سەرۆککۆمار گوتی: "بۆم دژوارە باوەڕ بکەم کە ئەوە بە ئانقەست بووە." هێندێک لێکۆڵەر دەڵێن ئەگەری هەڵەی ئەوتۆ هەیە و هێزی سەربازیی ئێران لەگەڵ کەموکووڕیی زۆر بەرەوڕووە.

ئابلۆقە ئابوورییەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا، ئابووریی ئێرانی تێک شکاندوە و هەروەها پەتای ڤیرووسی کۆرۆنا و دابەزینی نرخی نەوت هێندەی دیکەش بۆتە بەربەست لە دەسڕاگەیشتنی دەوڵەتی ئێران بە سەرچاوەی دارایی. بە بۆچوونی لێکۆڵەران، ئاکامی ئەو فاکتەرانە بووەتە هۆی تەرخانکردنی پارەی کەمتر لە لایەن تارانەوە بۆ چەکوچۆڵ و ڕاهێنان و بەرزبوونەوەی ئەگەری هەڵەی کوشندە.

ڕێزدار فیلیپس گوتی، "هێزی سەربازیی ئاسایی زۆر بەهێز نییە، باش ڕاهێنانی نەکردوە و پۆشتەو پەرداخ نییە. پێموایە ئەوان لە کارەکاندا پەلە دەکەن. بەپەلە کەڵک لە سیستەمی چەکوچۆڵ وەردەگرن بەبێ تاقیکاریی پێویست. بەشێکی زۆر لە مووشەکەکانیان بە باشی کار ناکەن. ڕووداوی نەخوازراوی زۆر لە هێندێک لە بنکە موشەکییەکانیاندا ڕوو دەدەن و خەڵک بە تەقینەوە دەکوژرێن. پێموانییە ئەوان بەو شێوەی لە ناوهێزە سەربازییە خۆرئاواییەکاندا باوە، تا ئەو ئاستە لە ڕێوشوێنە ئەمنییەتییەکان ئاگاداربن یا تاقیکاریی بکەن کە."

لەگەڵ ئەوەشدا، ئێران سەلماندوویەتی کە دەتوانێ زیان بگەیەنێ. جگە لە هێرش بۆ سەر بنکەی عەین ئەلئەسەد و خستنە خوارەوەی درۆنە ئەمریکاییەکە لە هاوینی ڕابردوودا، کاربەدەستانی وڵاتە یەکگرتووەکان، عەرەبستان و ئورووپا ئێرانیان بەوە تاوانبار کردوە کە بەرپرسی هێرشی موشەکیی و زیانگەیاندن بە کێڵگەی سەرەکیی نەوت لەناوخۆی عەرەبستانی سعودی لە ساڵی ٢٠١٩ بووە.

ئێران بەهەمان شێوە نیشانی داوە کە توانایی هەیەڕ پاپۆڕی بازرگانی کە هاتووچۆی کەنارەکانی دەکەن ڕاگرێ. بۆ وێنە، مانگی جولای ڕابردوو، ئێران پاپۆڕێکی نەوتگهەڵگری بریتانیایی ڕاگرت و سەرنشینەکانی بۆ ماوەی چەند ڕۆژ بە بارمتە گرتن.

درێژەی لاپەڕەی ٤

# هەوراز و نشێوی پێوەندییەکانی نێوان ئێران و تاڵیبان

ئەوەیە کە لای خۆی داناوە کە دوای چوونەدەرێی ئامریکا لە ئەفغانستان ئەم وڵاتە دەکەوێتە دەستی کۆماری ئیسلامی و ئێران دەتوانێ تەڕاتێنی تێدا بکا و ئەوێش بکاتە حەسارخەڵوەتی خۆی.

هەڵبەت ناکرێ لە ڕوانگەی مێژوییشەوە بایەخ بە تاڵیبان و ڕۆڵی ئەم هێزە لە گۆڕانکارییەکانی ئەفغانستاندا نەدرێ. ڕێکخراوی تاڵیبان کە زۆربەیان "پەشتوون"ن، تەنیا لە ئەفغانستان و پاکستان نیزیک بە ٤٥ میلیۆن کەس دەبن و بەکگراوندێکی شەڕ لەگەڵ سێ زلهێزی جیهانیان هەیە کە لە دووانیدا سەرکەوتوو بوون (لە سەدەی 19 لە دژی بریتانیا و لە سەدەی 20 لە دژی سۆڤییەت). ئەوان لە ئێستاشدا لەگەڵ ئامریکا لە شەڕ و پێکدادانێکی خوێناوی‌دان و ئامریکایان ناچار کردوە لەگەڵیان بێنە سەر مێزی دانووستان. ئەمەش ناکرێ لە خوێندنەوەکانی ئێراندا لەبەرچاو نەگیرابێ.

دوای دەستبەکار بوونی دەفتەری نوێنەرایەتیی تاڵیبان لە دۆحەی قەتەر، هەتا ئێستا 11 خولی دانوستان لە نێوان نوێنەرانی ئامریکا و تاڵیبان بەڕێوە چووە و لە خولی 11ی ئەم دانیشتنانەدا تاڵیبان و ئامریکا ڕێکەوتننامەیەکیان ئیمزا کرد. لە کاتێکدا کە دنیا بە گەشبینییەوە چاوەڕوانی بە ئەنجام گەیشتنی پرۆسەی ئاشتیی ئەفغانستان بوون، نوێنەری وەزارەتی دەرەوەی ئێران، محەممەدئیبراهیم تاهیریان سەردانی دۆحەی کرد. هەر حەوتوویەک دوای ئەم سەردانە توندوتیژییەکان لە ئەفغانستان پەرەیان سەند ومحەممەد ئەشرەف غەنی لە ڕاگەیەندراوێکدا فەرمانی بە هێزە چەکدارەکانی ئەفغانستان کرد کە لە حاڵەتی بەرگری بێنە دەرەوە و حاڵەتی هێرشکردنە سەر چەکدارانی تەڵەبان بە خۆیانەوە بگرن.

لە ئێستادا وێدەچێ بزووتنەوەی تاڵیبان وەک ئامرازێک کەوتبێتە دەستی کۆماری ئیسلامی و ئێران دەیەوێ ئادرەسی تاڵیبان لە دۆحە ڕا بگۆڕێ بۆ تاران؛ یان لانیکەم نوێنەرایەتییەکیش لە ئێران دابمەزرێنێ. بە پێچەوانەوە تاڵیبان لە پێوەندی گرتن بە ئێرانەوە مەبەستی ڕاگرتنی هاوسەنگیی خۆیەتی لە ناوچەکەدا و لە مێژووی خۆیدا ئەوەی سەلماندوە کە لە کاتی گەیشتنیان بە دەسەڵات و هێزمەندیی خۆیاندا هیچ هۆگرییەکان بۆ ئێرانی شیعە نییە. کوژرانی دە کەس لە بەناو دیپلۆماتە ئێرانییەکان لە بالیۆزخانەی ئێران لە مەزارشەریف و بانگهێشت نەکردنی نوێنەری کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ڕێکەوتننامە نێوان تاڵیبان و ئامریکا سەلمێنەری ئەم ڕاستییەن.

# کاڵای قاچاخ لەسەر پشتی پاپۆڕ و مەرگ بە کۆڵی کۆڵبەرانی کوردەوە



کەریم فەرخەپوور

گەندەڵی و خوێنڕشتن دوو پێناسەی سەرەکی بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامین کە لە ماوەی ٤١ ساڵە تەمەنی ئەم دەسەڵاتەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ باشتر و ڕوونتر ڕووی ڕاستەقینەی ئەم ڕێژیمەیان بۆ خەڵکی ئێران و جیهان دەرخستوە.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی کە بناغەی دەسەڵاتەکەی لەسەر خوێنە، لە چەند بواری دیکەشدا تەڕاتێن دەکا، وەک گەندەڵی، هەناردەی تێرۆر، ترانزیتی مادەی هۆشبەر و قۆرغکردنی هەناردە و هاوردەی کاڵا لە پاوانی ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانیدا. مەبەستی ئەم نووسینە ڕاوەستانێکە لەسەر ئەم بەشەی دوایی، واتە پاوانکردنی زۆربەی هاوردەکان، بەتایبەت هاوردەی ئەو کاڵاگەلەی بێتوو لایەنێکی دی و لە خاڵێکی سنووریی نارەسمییەوە هاوردە بکرێ، بەرچەسپی کاڵای قاچاغی لێدەدرێ.

قاچاغچی بوونی لایەنە سەربازی و ئەمنیەتییەکان شتێک نییە ئیدی بۆ کەس شاراوە بێ. لەگەڵ ئەوەی کە مەجلیسی شورای ئیسلامیی ئێران بەپێی کۆمەڵێک یاسا سزای بۆ هەناردە و هاوردەی کاڵا لە ڕێگەی قاچاخەوە پەسەند کردوە، بەڵام هەر لە ژێر سێبەری ئەم یاسایە و لە ڕێگەی پاسەوانانی یاساکە ساڵانە بە میلیارد دۆلار کاڵا دێتە نێوخۆی ئێران و لە بازاڕەکاندا قاڵ دەکرێتەوە.

لەم حەوتوویەشدا و لە کۆبوونەوەیەکی مەجلیسی شورای ئیسلامییدا ئەو باسە هاتەوە گۆڕێ کە سەتا ٩٥ی کاڵای قاچاخ لە ڕێگە ڕەسمییەکان، واتە دەروازە سنوورییەکان، شوێنە ڕەسمییەکانی وەک فرۆکەخانە و بەندەر و ئێسکەلەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە. کارناسانی ئەم بوارە باس لەوە دەکەن ئەم کاڵایەی کە بە قاچاخ دێتە نێو ئێران لەژێر چاودێریی بەرپرسانی گومرگ و بە ئیمزای ئەوان لە سنوورەکان دەرباز دەبێ و بڕیاری دەربازبوونی پێوەندیی هەیە بە قسەی خاوەن کاڵاکە _کە نیزیک بە تەواویان سەر بە مافیان دەسەڵاتن_ بڵێ چ جۆر کاڵایەکی بار کردوە و بەرپرسانی پێوەندیدار بە سەیرکردنێکی سەرەتایی کانتینێرەکان ڕێگە دەدەن کە کەلوپەلەکە بێتە نێو ئێران و لە زۆر حاڵەتدا بۆ ئەوەی کە گومرگی کەمتر بدەن ناوی کاڵا هەرزانەکان دەدەنە ئیدارەی گومرگ و زۆر بە سانایی ڕەت دەبن. دیارە بەشێک لەو کەلوپەلە کە هاوردە دەکرێ بە سازان لە گەڵ بازرگانانی دەرەوەی وڵات بە نووسینی فاکتۆرێک کە ئەو کاڵایە لە ڕێگەی ئێرانەوە دەچێتە وڵاتی سێهەم، تەنیا بە پلۆمپ کردنێک قەناعەت دەکەن و لەنێوخۆی وڵات بەکردنەوەی پلۆمپەکە کاڵاکە دادەگرن و کاڵایەکی سادە و هەرزانبایی لە سنوورەکانی ئێرانەوە بەرێی وڵاتی سێهەم دەکەن. ئەمە بەشێکە لەو کاڵایە کە لەژێر چاودێری کاربەدەستانی گومرگدا ڕەت دەبێ و بە سازان و گەندەڵی و بەرتیل وەرگرتن بێ هیچ گرفتێک دەرباز دەبێ.

بەشی دووهەمی کاڵای قاچاخ ئەو کانتینێرانەن کە بێ هیچ لێپرسینەوەیەک ڕاستەوخۆ لە ڕێگەی مافیای سپای پاسدارانەوە هاوردە و هەناردە دەکرێن. مافیای سپای پاسداران ئەمڕۆکە دەسەڵاتی یەکەمی وڵاتە و مەجلیس و یاسا ناناسێ و، لەژێر لوولەی چەکەکانیاندا بە کەیفی خۆیان لە سنوورەکانی ئێران تەڕاتێن دەکەن و بێ هیچ گومرگ و لێپرسینەوەیەک خەریکی بازرگانین بە سامانی گەل و دەستگرتن بەسەر ئابووریی ئێراندا. بازرگانیکردن بە مادە هۆشبەرەکانەوە ساڵانێک بوو کە باسکردنی بقە بوو و سپای پاسداران لەو ڕێگەیەوە توانی سەروەت و سامانێکی زۆر سەر یەک بنێ و، بە سەدان هەزار گەنج و لاوی ئێرانیش بخاتە چارەنووسێکی مەترسیدارەوە؛ هەروەها لە ڕێگەی گواستنەوەی مادە هۆشبەرەکانەوە بۆ وڵاتانی تر ببێتە هێزێکی مافیای چەکداری کە دەوڵەتێک بە یاسا پشتیوانی لێدەکا. سپای پاسداران کە حیساب و کتابی لای دەوڵەت دیار نییە و خۆی دەوڵەتێکە لەنێو دەوڵەتدا و نەک هەر باج ناداتە دەوڵەت و پارەکەی ناگەڕێتەوە خەزێنەی دەوڵەت، بەڵکوو هەر بەم پارەیە لە ڕێگەی پێکهێنانی هێز و میلیشیای چەکدار و تێرۆریست باج لە وڵاتانیش دەستێنێ. پێکهێنانی هێز و گرووپی تێرۆریستی لەسەر خوێن و ژیانی گەلانی ئێران یەکێک لە ئەرکە سەرەکییەکانی سپای پاسدارانە و بە پشتیوانیی شەخسی عەلی خامنەیی ساڵانیکە بۆتە بەڵای سەری گەلانی ناوچەکە و هۆی هەڵایسانی شەڕی براکوژی و نێوخۆیی لە وڵاتانی هاوسێ و هاوسنووری ئێران و وڵاتانی تردا.

لەگەڵ ئەوەی کە مەجلیسی ئێران باس لە هاوردەکردنی سەتا ٩٥ی کاڵای قاچاغ لە ڕێگە یاساییەکانی وڵات و لەسەر پشتی پاپۆرە زەبەللحەکان دەکا، بەڵام ڕۆژانە بەبەرچاوی هەموو جیهانەوە لە سنوورەکانی کوردستان کۆڵبەری کورد مەرگ لەکۆڵ لە بزنە ڕێگە و شاخە ئاستەمەکاندا لەژێر سێرەی لوولەی چەکەکانی تێرۆریستە ئینسانکوژەکانی سپای پاسداران و پاسەوانانی عەدڵی عەلیدا! بەدوای پاروە نانێکدا دەگەڕێ.

کوردستان لە حکوومەتە یەک لە دوای یەکەکاندا بەهۆی مافخوازی و داوا ڕەوا و ئینسانییەکانی گەلی کوردەوە بەردەوام کەوتۆتە بەر ڕق و قینی دژمنان و لە ماوەی ئەم ٤١ ساڵەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییشدا کەم ڕۆژ هەبووە خوێنی کەسێک یا کەسانێک لەسەر داوایەکی ئینسانی یا لەسەر پەیدا کردنی پاروە نانێ بەدەست جەللادەکانی بەندیخانە لە سێدارە نەدرێ، لە چیا و پێدەشتەکانی نیشتمانی باب و باپیرانی نەکوژرێ یا بریندار نەبێ، لەترسی چەتە و ڕێگرەکانی کۆماری ئیسلامی لەژێر بەفر و ڕنوودا ڕەق هەڵنەیی یا لە شاخە ئەستەمەکان نەکەوێتە خوار و گیان لەدەست نەدا.

هەنگاونانی کۆڵبەرانی کورد لە سەر گوریسی مەرگ و ژیان بۆ پارووە نانێکی سفرەی بەتاڵیان لە حاڵێکدایە کە تەنیا لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا 767 کەس لەوان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی دوژمنکارانە ڕێژیم. لەو 767 کەسە، 387 کەسیان بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە چەکدارەکانی ڕێژیم کوژراون و 380 کەسیشیان بریندار بوون. هەر لە ماوەی دوو مانگی بەهاری ئەمساڵیشدا 23 کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بەتۆمەتی پێبوونی باری قاچاغ! _ بری کۆڵی کۆڵبەرێک لەو بە میلیۆن تۆنەی ڕۆژانە لە ڕێگەی دەروازە سنوورییەکان، بەندەر و فرۆکەخانە ڕەسمییەکانەوە بە ئازادی! هاوردە دەکرێن_ دراونەتە بەر گوللە.*

تراژیدییەکە لەوەدایە کە ڕەوایە بۆ مافیا و بازرگانەکان بۆ بەرزکردنەوەی کۆشک و تەلارەکانیان و پڕکردنی حیسابە بانکییەکانیان بە پاپۆر و فڕۆکە کاڵای قاچاخ هاوردەی نێوخۆی وڵات بکەن، بەڵام بۆ کوردێک کە لە ڕووی ناچاری و بۆ بژیویی ژیان بە کۆڵ، بە تاریکە شەو و بەفر و سەرما ڕێگەیەکی سەخت و ئەستەم ببڕی نەک ناڕەوا، بەڵکوو چەکدارێکی ڕێژیم دەتوانێ لەسنوور هەم دادگا بێ و هەم دادوەر، هەم پارێزەر بێ و هەم جەللاد و هەر لە سنوور و لەسەر خاکە داگیرکراوەکەی خۆی حوکمی مەرگی کوردیک دەدا و هیچ کەسیش لێپرسینەوەی لێ ناکا و وەک بەرزەکی بانان بۆی دەردەچێ. لەوسەر پاپۆڕەکانی سپای پاسداران بە بارەوە و بە پڕی دەگەنە مەنزڵ و لەم لاش لاشەیەکی بێگیان، ڕادەستی بنەماڵە هەژار و ئاتاجەکەیەکەی دەکرێتەوە.

تراژیدییەکە لەوەدایە کە کۆڵبەر و کاروانچیی بێکار و بێ ئەنوای کورد لە کاتێکدا کەوکوژی دەدەرێتە بەر دەستڕێژ و سیلە لە سینگ و مێشکی دەگیرێ و لە سەر کۆڵەبارێکی چەند سەد هەزار تمەنی گیانی لێ دەستێندرێ، کە لە ساڵدا هەر بەپێی ئامارە ڕەسمییەکان و توێژینەوەکانی خودی مەجلیس پتر لە 36 میلیارد دۆلار کاڵای بە تەواو مانا قاچاغ لە بەندەر و فڕۆکەخانە و ئێسەکەلە و دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکانەوە دێتە نێوخۆی وڵاتەوە.



تراژیدییەکە لەوەدایە کە لە کاتێکدا دەرکی دەروازە سنوورییە ڕەسمییەکان تەنانەت بۆ کاری تاقەتپڕووکێنی "کۆڵبەر"یش بۆ خەڵکی بێکاری ناوچە سنوورییەکان داخراوە، کە دەرکی هەموو دەروازە و شوێنە ئاوی و ویشکایی و ئاسمانییەکان بۆ ناوەندە ئەمنیەتی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی کە گەورەترین کارتێلی قاچاغی کاڵا لە وڵاتن، ئاوەڵایە.

ڕاستی ئەوەیە کە کۆڵبەری کورد قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی ئابووریی کوردستان و بەئەمنیەتیکردنی ئەو بەشە لە وڵاتە. ئەو وڵاتەی لە سۆنگەی ڕوانگە ئەمنیەتییەکانی دەسەڵاتەوە کوردستان لە لایەک بە شێوەی سیستماتیک لە دواکەوتوویی‌دا ڕادەگیرێ و، لە لایەکی دی سەرچاوە سروشتی و کانزاکانی بە تالان دەبرێ.

ئەو نەهامەتییانەی ئەمڕۆکە بەسەر کۆڵبەرانی کورد دێ لە حاڵێکدایە کە بەهۆی هەلومەرجی داسەپاو بەسەر کوردستاندا بەشێکی بەرچاو لە ئابووریی کوردستان گرێدراوی بازرگانیی سەر سنوورەکان و کاری کۆڵبەرییە. لە حاڵێکدا کۆڵبەری کار نییە و ئەوە هەڵاواردن، نابەرانبەری، نەبووژانەوە و بێکاری و نەبوونی یەکە پیشەییەکانە بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیە. یان بە واتایەکی دی بەرهەمی زیاتر لە چل ساڵ هەژاری، بێکاری، هەڵاواردن و نایەکسانییە کە کۆماری ئیسلامیی ئێران بەسەر کوردستاندا سەپاندوویەتی.

***

* ئامارەکان لە ڕاپۆرتی وەرزانەی ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان وەرگیراون.

# بزووتنەوەی کورد لە قۆناغی دوای کۆرۆنادا



جەمیل سەرمەستی

لە نێوان دوو بەرەی دژبەردا هەوڵی سەرکەوتنی بەرەیەک بەسەر بەرەیەکی دیکەدا شتێکی چاوەڕوانکراوە. سروشتییە کە هەردوو لا هەموو هێز و توانای خۆیان بۆ سەرکەوتن بەسەر لایەنەکەی دیکەدا دەخەنە گەڕ و بەپێی بیرکردنەوە و ئازایەتی و هێز و توانای هەردوو لا و زۆر شتی دیکە وەکوو هەڵسەنگاندنی ئابووری، ژێئۆپۆلتیکی، کەشوهەوا و تەنانەت بواری دەروونی و ... تاکتیک و ستراتیژی خۆیان دادەڕێژن. بەڵام هەندێ کات هەلومەرج و بارودۆخگەلێکی چاوەڕواننەکراو و لەناکاو دێتە پێشەوە و لێکدانەوەکان دەگۆڕێن و لەوانەیە کاریگەریی ئەرێنێ و نەرێنیش لەسەر تاکتێک و تەنانەت ستراتیژییەکانیش دابنێن.

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد بە هۆی ئەوەیکە وڵاتەکەی لە نێوان چوار وڵاتدا دابەش کراوە و لە باتی دوژمنێک چواردەوری بە دوژمن گیراوە، لەوانەیە لە جیهاندا تەنیا کورد، ئەگینا هیچ نەتەوەیەکی دی لەوەها بارودۆخێکی سەخت و دژواردا نەبێ. نەتەوەیەک کە چوار دەوڵەت هەوڵی تواندنەوەی بدەن و سیاسەتی سڕینەوەی بگرنە بەر.

هەرچەند ئەم بارودۆخە شوێنی لەسەر چەندی و چۆنیی خەباتی نەتەوایەتیی کورد داناوە، بەڵام بەدرێژایی مێژوو ئەم گەلە بۆ سەندنی مافی خۆی لە داگیرکەران نەوەستاوە و لە خەبات و مافخوازیی خۆی بەردەوام بووە.

بێگومان دابەشکردنی کوردستان بەرژەوەندییەکانیشی لەنێوان پارچەکانی کوردستاندا دابەش کردوە و زۆر جاریش بەرژەوەندییەکان لە کات و قۆناغی جۆراوجۆردا هاوئاراستە نەبوون، یان لانیکەم دەتوانین بڵێین کە کورد خۆی نەیتوانیوە بەرژەوەندییەکانی یەک بخا. لە لایەکی دیکەشەوە بیر و بیرۆکەی جیاواز کەبەرچاوترینیان بیری چەپی کلاسیک و ئیسلامی سیاسی (شیعە و سوننی) زۆرجار لەبەرانبەر بیری مافخوازانەی هێزە نەتەوەیی و نیشتمانییەکاندا بوونەتە بەربەست.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بیری پێشکەوتووی مافخوازیی نەتەوەیی کە لە سەردەمی کۆماری کوردستان و لەسەر دەستی پێشەوای نەمر، قازی محەممەد دامەزرا و لەلایەن حیزبی دێموکراتەوە نەهادینە کرا؛ هەتا ئێستاش لەگەڵ زۆر هەوراز و نشێوی ڕێگا بەرەوڕوو بووە. ئەم وێژمانە لە بەرانبەر دوژمنە ناوەندگەرا و پاوانخوازە یەک لەدوای یەکەکانی نەتەوەکەماندا (پەهلەوی و کۆماری ئیسلامی) چۆکی دانەداوە. کاتێکیش وەڵامی ئاشتیخوازانەی بە گوولە و ئاسن وەڵام دراوتەوە، کۆڵی نەداوە و تاوی داوەتە چەکی بەرگری و قۆناغگەلی جیاوازی بڕیوە. ئەم بزووتنەوەیە لە ئێستادا خاوەنی ئەزموونی زۆر سەرکەوتن و شکانە و بە دەیان هەزار لە باشترین ڕۆڵەکانی کردوەتە قوربانی.

هۆکار بێ یان پاساو دەیان ساڵە حیزبە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵات بە ئازادی لەنێو خاک و خەڵکی خۆیاندا نین و ئەمەش خەساریشی یەکجار زۆر بووە، هەروەها شێوەی خەباتەکەش گۆڕانی بەسەردا هاتوە؛ بەڵام ئەمانە نەبوونە کۆسپ بۆ ئەوەی مەیدان چۆڵ بکەن. ئەم حیزبانە _ دیارترینیان حیزبی دێموکراتی کوردستان_ بە ڕاگرتنی ئاڵای خەبات و مافخوازی هەروا جیگای هیوا و هومێدی خەڵکی کوردستانن. هاوکات کاریگەری و شوێنی زۆر گرینگیان لەسەر ڕەفتاری سیاسیی خەڵک داناوە. ڕەفتاری سیاسی، ئەخلاق، بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و بڕیارگەلێک کە ئەم خەڵکە لە خەڵکانی بەشەکانی دیکەی ئێران و تەنانەت پارچەکانی دیکەی کوردستانیش جیا دەکاتەوە. نموونە ڕەفتاری خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی ڕووداوە سیاسی و نەتەوەییە چارەنووسسازەکان لە بەشەکانی دیکەی کوردستانیش کە پلەیەکی بەرزیان لە شعووری سیاسی و نەتەوەیی نواندوە. یان لە کاتی قەیرانە سروشتییەکاندا کە بەهۆی کەمتەرخەمی یان بێمودیرییەتی و بێموبالاتیی حکوومەتدا نموونەیەکی بەرزیان لە ئیرادەی خۆبەڕێوەبەری پیشان داوە، خۆبەڕێوەبەری لەنێو دڵی حکوومەتێکدا کە دەیان ساڵە هەوڵی ئاسیمیلە و تواندنەوەیان دەدا. ڕووداوەکانی نێو دڵی بوومەلەرزەکەی کرماشان و کۆرۆنا لە کوردستان، دوو نموونەی بەرچاو لەو خۆبەڕێوەبەرییەن. بێگومان ئەمەش کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بەردەوامیی خەباتی مافخوازانەی گەل و بزووتنەوەی سیاسیی کوردە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان لە جەمسەرە سەرەکییەکانیەتی.

بەو پێیە قۆناغی دوای کۆرۆنا دەتوانێ بۆ بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەرفەتێکی باش هەروەها چارەنووسسازیش بێ. بزووتنەوەی کورد بە خۆڕێکخستنەوە، بە تەبایی و هاوپەیمانیی هێزە سیاسییەکانی و کاری هاوبەش لە پرۆژەیەکی تۆکمەی یەکانگیردا دەتوانێ بەرگژەی زۆر جیدی بۆ کۆماری ئیسلامی لە کوردستان دروست بکا. بەتایبەت کە دوای قۆناغی دوای کۆرۆنا بۆ کۆماری ئیسلامیش بە سەرنجدان بە داڕمانی ئابووریی وڵات و پاشکەشەی بەناچاری ڕێژیم لە زۆر ستاتوی لە ناوچەدا، سەخت و دژوارە. بۆیە ڕۆژانێکی هەستیار و چارەنووسساز لەبەردەم بزووتنەوەی مافخوازیی کورد و جووڵانەوەی نارەزایەتیی گشتی لە ئاستی ئێراندایە.

بزووتنەوەی سیاسیی کورد دەبێ مەترسییەکانی سەر بزاوتی نەتەوەییش ببینێ [وەک ئەکتەرە نوێیەکان لە گۆڕەپانی سیاسیی کوردستان کە خاڵی هاوبەشی هەموویان دژایەتیی پرسی نەتەوەییە] و بێتوو لە ئێستاوە بە خەمی ئەو بابەتە گرینگەوە نەبێ، دوور نییە لە داهاتوو خەسار و زیانێکی قورس بەر ڕەوتی شوناسخوازی و نەتەوەیی کورد بکەوێ.

## هەگبەی شاخ وشۆڕش





برایم چووکەڵی

ناوچەی مەریوان هەر لە سەرەتای شەڕی داسەپاوی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بەسەر گەلی کورددا، شانبەشانی ناوچەکانی دیکەی کوردستان، بەشداریی لە خەباتی حەقخوازانەی ئەم گەلە کردوە و، باشترین و ئەمەگناسترین ڕۆڵەکانی خۆی پێشکەش بە بارەگای ئازادیی کورد کردوە. لەو مەڵبەندە جوانە زۆر ڕۆڵەی قارەمان گیانی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان دانا و خۆیان کردە قۆچی قوربانی و لە ئاسۆی هەرمانی کوردستاندا ئاڵای سەربەرزییان شەکاندەوە، یەکێک لە ئاڵاهەڵگران و پێشەنگانی ئەو قەتارە کوڕی قارەمانی چەمشاری سنە برایم ئەحمەدییە، کە لە «هەگبەی شاخ وشۆڕش»ی ئەم جارە یادی دەکەینەوە.

برایم ئەحمەدی چۆن بناسین؟ مێژووی لەدایکبوونی باسی ساڵی ١٣٣٩ لە ئامێزی ئاویەر و ئارێز لە گوندی «ئارەنان» دەکا، برایم لەو گوندە خنجیلانەیە چاوی بەدنیای ڕوون هەڵێنا. بەرەبەرە کە قۆناغی منداڵیی تێپەڕاند ڕەوانەی قوتابخانە کرا و پۆلەکانی سەرەتایی و ناوەندیی بە باشی بڕی، لە سەروبەندی خۆپیشاندانەکانی گەلانی ئێران پۆلەکانی دواناوەندیی دەخوێند کە ئەویش وەک لاوانی دیکەی کوردستان لە ڕیزی خۆپیشاندەراندا بوو. شەهید برایم هەر لە سەرەتای قۆناغی لاوەتییدا وەک کەسێکی تێگەیشتوو، بەهەست و ئازادیخواز بیری دەکردەوە و لەگەڵ ئێش و ئازارەکانی نەتەوەکەی دەژیا.

کاتێک دەسکەوتەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران و بە تایبەتی خەڵکی کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێزی کۆماری ئیسلامی، برایم ئەحمەدی بوو بە پێشمەرگە و لە سازمانی چریکی فیداییدا دەستی بە تێکۆشانی سیاسیی خۆی کرد، لە شەڕی نەورۆزی ساڵی ١٣٥٩ وەک کوڕە کوردێکی باش دیفاعی لێبڕاوانەی لە خەڵکی قارەمانی ئەو شارە کرد، پاش چەند ساڵ لەگەڵ چەند هاوڕێی هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی دێموکراتەوە و لە هێزی شەهیدانی زرێباری مەریوان ئەرکی پێشمەرگایەتیی دەست پێکرد. بە هەڵسووڕانی بەردەوام و بەڕێوەبردنی ئەرکەکانی سەرنجی فەرماندەران و بەرپرسانی بۆ لای خۆی ڕاکێشا، ئازایەتی و فیداکاریی برایم بوو بە هۆی ئەوە لە پاییزی ساڵی ١٣٦٣ وەک فەرماندەری عەمەلیات و جێگری هێزی زرێباری مەریوان دیاری کرا.

لەو مەسئوولیەتەدا وێڕای هاوسەنگەرانی لەو هێزە لە مەڵبەندی مەریوان دەرسێکی باشیان بە هێزی سەرکوتکەر دا و هەر ڕۆژێ لە شوێنێک شانازیی بۆ گەلەکەی تۆمار دەکرد، بە چەشنێک کە دوای ماوەیەک ببوو بە فەرماندەیەکی قارەمان و لێهاتوو، بۆیە لە ساڵی ١٣٦٤ وەک فەرماندەری هێزی زرێبار دیاری کرا. ناوبراو بە فەرماندەیی ڕێکوپێک و بەجێی توانی زۆر سەرکەوتنی بەرچاو بەدەست بێنێ. برایم ئەحمەدی کادرێکی تێگەیشتوو، لێزان، بە ئیمان، بە ورە، ماندوویی نەناس و وەفادار بە ڕێبازی شەهیدان و فەرماندەرێکی کارامە و بە بڕشت بوو. شۆڕشگێڕێکی لێبڕاو کە لە دژوارترین هەلومەرجەکاندا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی بەو پەڕی لێهاتوویی و دڵسۆزییەوە جێبەجێ دەکرد.

لەو ماوەیەی کە فەرماندەری هێزی زرێبار بوو، هەموو توانا و لێزانیی خۆی بۆ کاروباری نیزامی وەکار خست و ئاڵوگۆڕێکی بەرچاوی لەو هێزەدا پێک هێنا. ئەو خۆشەویستی خەڵک بوو، جێی متمانەی ئەویندارانی ئازادی و سەرجەم هاوسەنگەرانی بوو. بە لێوەشاوەیی هەموو پلەیەکی پێشمەرگایەتیی بڕی. برایم لە کاتێکدا بەرپرسایەتیی هێزی زرێباری وەستۆ گرت کە ئەو ناوچەیەی ئەو کاری تێدا دەکرد، بە ناسکترین هەلومەرجی سیاسی و ئەمنیەتییدا تێدەپەڕی و کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک ڕۆژانە پەلاماری دەدا. بە پشت بەستن بە ئیرادەی هاوڕێ پێشمەرگەکانی و لێوەشاوەیی خۆی لە بەرەکانی شەڕدا تەنگی بە هێزەکانی ڕێژیم هەڵچنیبوو. ڕۆژ نەبوو ڕۆڵە تێکۆشەرەکانی هێزی زرێبار بە فەرماندەیی برایم ئەحمەدی زەبری کاریگەر لە هێزەکانی دوژمن نەوەشێنن. حەماسەی جادەکانی سنە_مەریوان، سنە_کرماشان، حەسەناوا، تەوریوەر، ژاوەرۆ و شامیان نموونەیەکی چووکەن کە لە دەفتەری بیرەوەریی پێشمەرگەکانی ئەو مەڵبەندە بە فەرماندەیی «برایم ئەحمەدی»دا تۆمار کراوە.

لە بەهاری ساڵی ١٣٦٥ی هەتاوی لە سازماندەهیی نوێدا کە لە هێزی زاگرۆس پێک هات وەک فەرماندەری لک و جێگری هێز دیاری کرا، لەو پۆستەشدا وەک فەرماندەرێکی کارامە، خارا و، خاوەن ئەزموون و توانا ئەرکی پێ ئەسپێردراوی جێبەجێ دەکرد. شەهید برایم نەک پێشمەرگەی ئازا و فەرماندەی بەتوانا بوو بەڵکوو کادرێکی لێهاتووی سیاسی لە نێو کۆمەلانی خەڵک بوو. هەمیشە سیاسەتەکانی حیزبی لە نێو خەڵکدا بڵاو دەکردەوە. تێکۆشەرێکی نێو ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، کەسێکی بەئیرادە و خاوەن هەڵوێستی شۆڕشگێڕانە بوو. لەگەڵ ئەوەدا کە زۆر عاتفی بوو، سیمایەکی جیدی و ئیرادەیەکی پۆلایینی هەبوو. خەڵکی ناوچەکانی مەریوان، سنە، ژاوەرۆ و هەورامانی تەخت، لە نزیکەوە دەیانناسی و خۆشیان دەویست. بۆیە بۆ ناساندنی ئەو فیداکارە هەر ئەوەندە بەسە بڵێین، لە سەنگەرەوە دەستی پێکرد و لە ڕووی تەشکیلاتییەوە متمانەی تەشکیلاتی وەدەست هێنا.

لە کۆتاییدا برایم ئەحمەدی ڕۆژی ٥ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٥ لە شەڕێکی حەماسییدا لە ڕزاو گیانی پێشکەش بە بارەگای ئازادی کرد.

# لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی

## (ڕووبەڕوو بوونەوەی واقعبینانە لەگەڵ دیکتاتۆرەکان)

جین شارپ
و: مەنسوور مروەتی



**لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی ناڕازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە "دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بەچۆکدا بێنن یان دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن."**

**شارپ ئەگەرچی هیچکات سەردانی ئێرانی نەکردوە و لە نزیکەوە ئاگای لە دیکتاتۆریەتی ئێرانی نەبووە، بەڵام ناوی و "ماکس وێبر" لە کاتی دادگاییکردنە مەشهوورەکەی دەسبەسەرکراوانی ناڕەزایەتییەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی ١٣٨٨ لە ئێران کەوتە سەر زاران و حکوومەت و دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی دەسبەسەرکراوانییان بەوە تۆمەتبار دەکرد کە کاریان بە تیۆرییەکانی جین شارپ کردوە و ناوبراویان بە داڕێژەری ڕووداوەکانی پاش هەڵبژاردنەکانی ٨٨ زانی، ئیدیعا و تۆمەتێک کە شارپ هیچ کات نەیگرتە ئەستۆ و لە کاردانەوە بەو تۆمەتەی کۆماری ئیسلامی گوتی: "من هیچکات بە خەڵکی ئێرانم نەوتوە چی بکەن و چی نەکەن. ئەوە ئەوانن کەڵک لە بیرۆکەکانی من وەردەگرن و ئاساییشە کە دەسەڵاتی ئیدئۆلۆژیک و دیکتاتۆری ئێران ئەوەی پێ ناخۆشە."**

**جین شارپ دوو ساڵ لەوەپێش (٢٠١٨) لە ئامریکا کۆچی دوایی کرد، بەڵام بیرۆکە و تیۆرییەکانی ئەو چ ئێستا و چ لە چەند دەیەی ڕابردوودا ئیلهامدەر و ڕێنیشاندەری بە چۆکداهێنان و ئاڵوگۆڕ لە چەندین وڵاتی دیکتاتۆرلێدراودا بووە.**

### ڕووبەڕوو بوونەوەی واقعبینانە لەگەڵ دیکتاتۆرەکان

لەم ساڵانەی ڕابردوودا زۆرێک لە دیکتاتۆرەکان بە ڕیشەی نێوخۆیی یا دەرەکی لە بەرانبەر خەباتی ڕێکخراوی خەڵکدا ڕووخاون یا لەرزۆک بوون. تەنانەت دیتراوە دیکتاتۆرە زۆر بەهێزەکانیش کە بەڕواڵەت کەلێنیان تێ نەدەکەوت و خاوەنی زۆرترین هێز بۆ پاراستنی خۆیان بوون، لە بەرانبەر خەباتی ئاشتیخوازانەی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتیی خەڵکدا بە چۆکدا هاتن.

لە دەیەی ١٩٨٠ بەملاوە زۆر دیکتاتۆر لە وڵاتانی ئێستوونی، لاتوویا، لیتوانی، لەهستان، ئاڵمانی ڕۆژهەڵات، چێکۆسلواکی، ئیسلوونی، ماداگاسکار، مالی، بولیوی و فیلیپین لە بەرانبەر بزووتنەوەی ئاشتیخوازانە و ناتوندوتیژی خەڵکدا ڕووخان.

خەباتی ناتوندوتیژ لە نپاڵ، زامبیا، کورەی باشوور، شیلی، ئارژانتین، هائیتی، برزیل، ئۆرۆگوا، تایلەند، بولغارستان، مەجارستان، نیجریە و بەشێکی زۆر لە وڵاتە تازە سەربەخۆکانی سۆڤیەتی پێشووش یارمەتیی بە پێشوەچوونی بزووتنەوە دێموکراسیخوازەکان داوە.

سەرەڕای ئەمانە لەم ساڵانەی دواییدا چەشنێک خەباتی جەماوەری لە چین، برێمە و تەبەت دەستی پێکردوە کە هەرچەندە بەتەواوی سەرنەکەوتوە و نەبووەتە هۆی ڕووخانی دیکتاتۆر یان داگیرکەرانی ئەو وڵاتانە، بەڵام هەر نەبێ ڕواڵەتی بێبەزەییانەی ئەم ڕێژیمە سەرکوتکەرانەی خستە بەرچاوی هەموو جیهان و لە هەمان کاتدا ئەزموونێکی پڕبایەخیان لە خەباتی ناتوندوتیژ بە هەموو جیهان نیشان دا.

بێگومان ڕووخانی دیکتاتۆری لەو وڵاتانەی باسمان کرد هەموو کێشەکانی چارەسەر نەکردوە. هەژاری و تاوانکاری، ناکارامەیی و برۆکراسی و تێکدانی ژینگە وەکوو میراتی ئەو دیکتاتۆرە ئاژەڵسیفەتانە بەجێ ماوە. بەڵام بەهەرحاڵ ڕووخانی ئەم حکوومەتانە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی خەڵکێک کە تا ئەورۆ چەوسێنراونەتەوە، ڕێگەخۆشکەرە بۆ دێموکراسیی زیاتر و ئازادیی تاکەکەسیی زۆرتر و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی بەربڵاوتر.

### کێشەیەکی هەمیشەیی

لە چەند دەیەی ڕابرووردا مەیل بۆ ئازادی لە هەموو کۆمەڵگەکاندا و هەوڵ بۆ وەدەستهێنانی ئازادی لە جیهاندا زیاتر لە جاران پەرەی ئەستاندوە.

بەپێی ئاماری "ماڵی ئازادی" کە هەموو ساڵێ لێکۆڵینەوەیەک لە سەر دۆخی مافە سیاسی و ئازادیە مەدەنییەکان لە هەموو جیهاندا دەکا، وڵاتان بەمجۆرە پۆلێنبەندی دەکا.

لە ساڵی ١٩٨٣دا ٥٥ وڵات کراوە، ٧٦ وڵات نیمچە کراوە و ٦٣ وڵات داخراو بوون. بەڵام لە ساڵی ١٩٩٣دا ٧٥ وڵات کراوە، ٧٣ وڵات نیمچەکراوە و تەنیا ٣٨ وڵات داخراو ماونەتەوە. وەک دەبینین وڵاتە ئازاد و کراوەکان بەردەوام زیاتر بوون.

ئەم ڕەوتە دڵخۆشکەرە بە لێکدانەوەی بەشێک لە حەشیمەتی جیهان کە لە ژێر دەسەڵاتیی دیکتاتۆریدا دەژین باشتر خۆی نیشان دەدا.

لە ژانویەی ١٩٩٣دا ٣١% لە حەشیمەتی زیاتر لە 5 میلیارد کەسیی جیهان لەو وڵاتانەدا دەژیان کە لەم ریزبەندیەدا لە ڕیزی وڵاتانی نیمچەکراوەدا هەژمار دەکرێن، یانێ لەو وڵاتانەی کە ئازادییە سیاسیەکان زۆر بەرتەسکە و ئازادییە مەدنییەکان پێشێل دەکرێن. ئەم ٣٨ وڵات و ١٢ ناوچەیەی کە بە نیمچەکراوە دەناسرێن ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆریی سەربازی وەک (برێمە و سوودان)، پاشایەتیی نەریتخوازی سەرکوتکەر وەکوو (عەرەبستانی سعوودی و بۆتان)، حیزبی بەهێزی دەسەڵاتدار وەکوو(چین، عێراق و کورەی باکوور)، داگیرکەرانی بیانی وەکوو (تبێت و تیمووری ڕۆژهەڵات) و حکوومەتە کاتییەکان لە خۆ دەگرن.*

لە ڕۆژی ئەورۆدا زۆرێک لە وڵاتان خەرێکی گۆڕانکاریی خێرای ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسین. هەرچەندە ڕێژەی وڵاتانی کراوە لەم چەند دەیەی ڕابردوودا زیادی کردوە بەڵام هەمیشە ئەم نیگەرانییە هەیە کە لە ئەنجامی ئەم گۆڕانکارییانەدا هەندێ ناوچە ڕێگای پێچەوانە بگرنە بەر و تووشی جۆرێکی نوێ لە دیکتاتۆری ببنەوە.

گرووپە چەکدارەکان، کەسانی حەز لە کورسیی دەسەڵات و ئەو گرووپە سیاسییانەی خاوەن ئیدئۆلۆژییەکی تایبەتن، هەمیشە هەوڵ دەدەن بیروباوەڕ و داخوازییەکانی خۆیان بەسەر خەڵکی دیکەدا بسەپێنن. کوودەتا هەمیشە ڕووی داوە و لە داهاتووشدا هەر ڕوو دەدا. زۆرێک لە خەڵک هێشتا مافە بنەڕەتیەکانیان پێشێل دەکرێ و مافی بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکانیان پێ نادرێ و لە داهاتووشدا لێیان زەوت دەکرێ.

بەداخەوە هێشتا دەستمان لە ڕابردوو بەرنەداوە و کێشەی دیکتاتۆری قووڵ و ڕیشەییە. زۆرێک لە وڵاتان چەندین دەیە و تەنانەت چەند سەدە بە دەستی دەسەڵاتە ستەمکارەکانەوە چەوساونەتەوە. هەمیشە هەوڵ دراوە کە خەڵک خوو بە گوێڕایەڵیی بێ ئەملاولای ڕێبەران و دەسەڵاتداران بگرن.

لە حاڵەتی جددیتردا ڕێکخراوەکانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و تەنانەت ئایینییەکانی دەرەوەی دەسەڵاتی دەوڵەت لاواز کراون و تەنانەت خراونەتە ژێر ڕکێفی دەسەڵات و لەگەڵ ئەو ڕێکخراوە حکوومەتییانەی کە ئەرکیان کۆنترۆڵی کۆمەڵگەیە جێگۆڕکێیان پێکراوە. خەڵک لەم حکوومەتانەدا ئەتۆمیزە کراون، (لە یەکتریان هەڵبڕاندوون) بە جۆرێک کە نەیانتوانیوە متمانە بە یەکتر بکەن و تەنانەت بە حەز و دەسپێشخەریی خۆیان هەنگاوێک هەڵبگرن.

ئاکامەکەی پێشبینیکراوە، خەڵک متمانەیان بە خۆیان نامێنێ و هێزی بەرەنگارییان تێدا دەمرێ. خەڵک هێندە دەترسێن کە ناتوانن بێزاریی خۆیان لە دیکتاتۆر و تینوێتییان بۆ ئازادی، تەنانەت لای کەسوکار و نزیکانی خۆیان باس بکەن. خەڵک ناوێرن بیر لە بەرەنگارییەکی گشتگیر بکەنەوە و دەڵێن "مەگەر بەرەنگاری ئاکامێکی هەیە؟" خەڵک لە جیاتی بیرکردنەوە لەو پرسیارە پێیان باشترە بە کۆڵەمەرگی و بێهیوایی بە داهاتوو درێژە بە ژیانی خۆیان بدەن.

لە ڕۆژی ئەورۆدا ژیان و گوزەرانی خەڵک لە ڕێژیمە دیکتاتۆرەکاندا تەنانەت خراپتر لە ڕابردوویە. لە ڕابردوودا بەشێک لە خەڵک هەندێ جموجووڵیان دەکرد و جارجارە ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانێکیان وەڕێ دەخست، دەڵێی هەناسەیەکی نوێیان وەبەر هاتبۆوە. لە کاتی دیکەدا کەسانی سەربەخۆ یا گرووپە چووکەکان بۆ پشتگیری یا بانگەوازی بیروباوەڕی خۆیان بە شێوەی ڕواڵەتییش بوایە هەندێ جووڵەی بوێرانە بەڵام بێدەسکەوتیان دەکرد. ئەم چالاکییانە هەرچەند ڕەسەن و پڕشکۆ بوو، بەڵام بۆ سەرکەوتن بەسەر ترسی خەڵک و زاڵبوونیان بەسەر خووی گوێڕایەڵیی ئەوان بۆ دەسەڵات (دوو مەرجی بنەڕەتی لە خەبات دژی دیکتاتۆری) کاریگەرییەکی ئەوتۆیان نەبوو. ئەم جموجۆڵانە نەک نەدەبوونە هۆی سەرکەوتن و تەنانەت هیچ هیوایەکیشیان لە دڵی خەڵکدا دروست نەدەکرد، بەپێچەوانە، بەداخەوە لە هەندێ کاتیشدا دەبوونە هۆی کوشتن و بڕین و فشاری زیاتر بۆ سەر خەڵک.

### ئازادی لە ڕێگای توندوتیژییەوە

ئێستا پرسیار ئەوەیە لەم دۆخەدا دەبێ چی بکرێ؟

ئەو ڕێگاچارانەی لە یەکەم هەنگاودا بیرت بۆ دەچێ بەکەڵک نایەن. یاسای بنەڕەتی، یاسای دادوەری و ڕای گشتی زۆر بەئاسانی لە لایەن دیکتاتۆرەکانەوە پشتگوێ دەخرێن.

مرۆڤ بە دیتنی ئەو هەموو بێ بەزەیی و شکەنجە و بێسەرو شوێن کردن و کوشتنانە بەو ئاکامە دەگات کە تەنیا توندوتیژی دەتوانێ کۆتایی بە دیکتاتۆرەکان بێنێ. قوربانیانی تووڕەی دەستی توندوتیژییەکان و نیزیکانیان هەندێ جار سەرەڕای دیتنی ناهاوسەنگی، هەوڵ دەدەن بە کۆکردنەوە و ڕێکخستنی هێزەکانی دژبەری دەوڵەت و پڕچەک کردنیان بە هەموو توانایان دژی دیکتاتۆر خەبات بکەن. ئەم خەڵکانە بە ئازایەتییەوە و بە سەروماڵەوە خەبات دەکەن و تێچووی زۆریش دەدەن.

گەورەیی ئەم خەڵکە بێوێنەیە بەڵام ئەوەی دەیکەن هیچکات ئازادیی لێ بەرهەم نایە. ئەم شۆڕشە توندوتیژانە تەنیا دەست بە پەلەپیتکەی دیکتاتۆردا دێنن بۆ سەرکوتی زیاتر و دوایە خەڵک لە بێدەرەتانیدا بەجێ دەهێڵن.

بە هەر شێوەیەک کە چاو لە خەباتی توندوتیژ بکەین یەک شت بەڕوونی دیارە. ئەگەر خەباتی توندوتیژ هەڵبژێرین ئەوە پێمان لە گۆڕەپانێک ناوە کە دیکتاتۆرەکان تێیدا باڵادەستن. دیکتاتۆرەکان هەمیشە خۆیان بۆ بەکارهێنانی توندوتیژییەکی لە ڕادەبەدەر ئامادە کردوە. دێموکراتەکان هەرچەندە خۆڕابگرن لە کۆتاییدا مەجبوور دەبن لە بەرانبەر ڕاستیەکانی توندوتیژیی سەربازیدا بەچۆکدا بێن. دیکتاتۆرەکان هەمیشە لە ڕەقامێری جەنگی، چەکوچۆڵ، کەرەسەی ڕاگواستن و ڕادەی هێزی سەربازیدا باڵا دەستن. ئازادیخوازانیش سەڕای بیروباوەڕ و ئیرادەی پتەویان هیچکات شانسی سەرکەوتنیان نییە.

کاتێ کە شۆڕشە ڕزگاریخوازییە نەریتی و چەکدارییەکان کەڵکیان نامێنێ، هەندێک لە دژبەران پێداگری لەسەر خەباتی پارتیزانی دەکەن. بەڵام شەڕی پارتیزانییش تەقریبەن هیچکات بە قازانجی خەڵکی چەوساوە نییە و بەرەو دێموکراسییان نابا. خەباتی پارتیزانی ڕێگاچارەیەکی باش نییە، بەتایبەتی لەبەرئەوەی کە زۆر جاران زەرەر و زیانێکی زۆر وە خەڵکە ئازادیخوازەکە دەکەوێ. تەنانەت کاتێکیش کە تیۆری و ستراتیژیی ورد و دەقیق لە سەر ئامانج و ئامانەکانی بزووتنەوەی پارتیزانی بوونی هەبێ، یا تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەش‌ڕا پشتیوانی بکرێ، هیچ دڵنیاییەک نییە کە بزووتنەوەکە تووشی هەڵە نەبێ و بەلاڕێدا نەچێ.

شەڕە پارتیزانیەکان بەزۆری درێژخایەنن و زۆربەی کاتیش خەڵکی ئاسایی وێڕای چەرمەسەری و زیانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی زۆر، دەوڵەت مەجبووریان دەکا ماڵوحاڵی خۆیان بەجێ بهێڵن.

بزووتنەوە پارتیزانییەکان ئەگەر سەریش کەون، ڕژیمی نوێ بۆ تۆڵە کردنەوە لە پاشماوەکانی ڕژیمی پێشوو زۆر خراپتر لەوان ڕەفتار دەکا. ئەگەر لە کۆتاییدا پارتیزانەکان سەرکەون ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەییشتوو لەبەر گرینگیدانی زۆر بە هێزی سەربازی و لاوازی و لەبەینچوونی ڕێکخراوە کۆمەڵایەتیەکان لە ماوەی خەباتدا، دیکتاتۆرانەتر لە حکوومەتی پێشوو دەجووڵێتەوە. بۆیە دژبەرانی دیکتاتۆری دەبێ بیر لە ڕێگاچارەیەکی دیکە بکەنەوە.

***

* ئێستا هەندێ لەو وڵاتانەی باس کراون گۆڕانکارییان تێدا ڕووی داوە. (وەرگێڕ)

کوردستان
ژمارە: ٧٧٤
٣١ی بانەمەڕی ١٣٩٩ _ ٢٠ی مەی ٢٠٢٠

# «نون خ» وەک خۆی



عەلی لەیلاخ

بڵاوبوونەوەی مەجموعەی دوویەمی درامای "نون خ" لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییەوە ئەم جارە و جیاوازتر لە ساڵی ٩٨ کە بەشی یەکەمی ئەو درامایە بڵاوکرایەوە، نیوەڕۆک و لایەنە جیاجیاکانی کەوتە بەر باس و شرۆڤەی بۆ کرا.

بەشی هەرەزۆری ئەو سەرنجدان و هەڵسەنگاندنانە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە چوار دەیەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و هەبوونی سانسۆرێکی ڕەش بەسەر میدیا و ڕاگەیاندنەکانیدا دەرکەوتنی کورد چ وەکوو تاک و چ لە باری جۆراجۆر وەکوو مێژوو، هونەر، کولتوور و ... هەموو کات بە ستەمێکی ناڕەوا و بەشێوەیەکی پلاندارێژراو نیشان دراوە.

گەر بمانهەوێ بە کورتی ئاماژەی پێبدەین پێویستە ئاوڕێک لە سیاسەتی هونەری و سینەمایی کۆماری ئیسلامی (بە ناوی دیفاعی موقەدەس) بدەینەوە کە لە دەیەی ٦٠ـی هەتاوی بەچڕی هەموو جومگە هونەرییەکانی وەکوو ئەدەبیات، شانۆ، سینەما و ... گرتە بەر و گەیشتە ئاستێک کە لە دەورانی ئیسلاحاتدا هەر لە لایەن خودی کاربەدەستانی ڕێژیمەوە ڕەخنەی لێ گیرا.

لەو سەروبەندە هەتا فیلمەکانی "شور شیرین" بە دەرهێنەریی جەواد ئەردەکانی (١٣٨٨) و فیلمی "چ" بە دەرهێنەریی ئیبراهیم حاتەمیکیا (١٣٩٢) هەموو کات کوردستان لە ڕوانگەی دەسەڵاتەوە بە شوێنی ئاژاوەنانەوە و خەڵکی کوردیان بە دوو دەستە پۆلێنبەندی کردوە. دەستەیەک کە خەڵکی سڤیل و ئاساییین کە سەروماڵیان دەکەنە قوربانیی جمهووریی ئیسلامی و چەوساوەی دەستی بە گوتەی خۆیان (ضد ئینقلاب)ن و پاسدار و چەکداری ڕێژیم بە هێزێکی خەڵکی و ڕزگاریدەر نیشان دەدرێ.

دوای گەشەی ڕاگەیاندنەکان و بە تایبەتی کەناڵە ئاسمانییەکان و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان ئەو شێوە سیاسەتە نەیتوانی زیاتر لەوە دەوام بێنێ لە کاتێکدا هەر لە نێو دەسەڵاتدا ٨ ساڵەی شەڕی ئێران و عێراق دەنگی ڕەخنەگرانەی لێ بەرز بووەوە. پاش لاوازبوونی ئەو شێوە نواندن و نیشاندانی خەڵکانی غەیرەفارس بە تایبەتی کورد کە هەموو کات بۆ حکوومەتە ناوەندییەکان سەرئێشە بووە و بە تێبینیی سیاسی و ئەمنییەوە لە ڕاگەیاندنەکان باسیان کراوە.

لە پرۆژەی درێژخایەنی فەرهەنگی و خۆسەپێنەری ناوەند، کە لە چوارچێوەی جوغرافیای ئێران و مرۆڤی ئێرانی_شیعە سەرچاوە دەگرێ هەموو هەوڵە فەرهەنگییەکانی ناوەند ئەوەیە کە لە هەر ڕێگایەکەوە بۆی بلوێ گەلانی دیکەی نێو ئەو جوغرافیایە بە شارۆمەندی ڕەدە دوو نیشان بدرێ و نموونەی وا لە دەیان سریاڵ و فیلمی کورت و درێژی سینەمایی کە لە فیلتێری کۆماری ئیسلامییەوە ڕەت بووە دەبیندرێ.

کاتی خۆی ڕەخنەگرانی فیلمی "کاتێ بۆ مەستیی ئەسپەکان" کە زۆربەیان "قەڵەم بەمز" و سەر بە دەسەڵات بوون، دەیانگوت بەهمەن قوبادی بە فیتی دژبەرانی ڕێژیم دەیهەوێ بڵێ خەڵکی کورد لە سیستمی کۆماری ئیسلامییدا خەڵکێکی هەژارکەوتوو و چەوساوەن! ئەمە کورتەیەک بوو لە بنەما و ئەساسی چۆنیەتیی نیشاندانی خەڵکی کورد لە میدیاکانی کۆماری ئیسلامی کە خەڵکی کورد لە فیلمەکانی* "گلها و گلولەها"، "هراس" و "کانی مانگا" بوغزێکی خنکێنەریان لە گەروودایە.

لە تازەترین درامایەک کە بەرهەمی کەناڵی یەکی دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامییە و "نون خ"ی ناوە، دیسانەکە کوردستان و خەڵکی کورد چ وەکوو لۆکەیشن و چ وەکوو بابەتی فیلم و تا کاراکتەر و دەرهێنەر لە نێو میدیای نێوخۆ و دەرەوەی وڵاتیش خوێندنەوەی جۆراوجۆری بۆ کرا.

"نون خ" یازدەیەمین بەرهەمی ئەکتەر و دەرهێنەری کۆمیکی کورد "سەعید ئاقاخانی"یە کە خەڵکی شاری بیجاڕە و نیشتەجێی تارانە.

زۆربەی ڕەخنەگرانی بەشی یەکی "نون خ" باس لەوە دەکەن کە ناوەندە فەرهەنگییەکانی ڕێژیم کە لەژێر چاودێریی ناوەندە ئەمنییەکاندا کاروباری خۆی بەڕێوە دەبەن دیسانەکە بە کەلکوەرگرتن لە جوغرافیای کوردستان درێژە بە پرۆسەی سووکایەتیکردن بە کورد دەدەن. لەو درامایەدا خەڵکی کورد بە کۆمەڵێک مرۆڤی ساویلکە، پارەپەرست، گاڵتەجاڕ، شپرز و گوندی (بەمانای دواکەتوو) و ... پیشان دەدرێ و ئەوە بووەتە هەوێنی تەوس و تەنزێکی بێبنەما کە دوای بڵاوبوونەوەی چەند ئاڵقە زۆربەی خەڵکی کوردی تۆراند. هەر بۆیە دەرهێنەری ئەو بەرهەمە کە گوایە هەستی بەو شکست و خەسارە کردبوو، هەموو هەوڵی خۆی و ستافی ئەو درامایەی وەگەڕ خست هەتا لە وەرزی دووهەمی "نون خ" دا تا ڕادەیەک قەرەبووی ئەو خەسارە بکاتەوە.

خەسارەکەش بۆ ڕێژیم پشتتێکردنی بینەری کوردە لە تەلەڤیزیۆنی ڕێژیم کە بە میلیارد میلیارد هەزینەی بۆ دەکەن هەتا لەو ڕێگایەوە بۆمبارانی فەرهەنگیی خەڵکی کورد بکەن. وەرزی دووهەمی ئەو سریاڵە لە چەند خاڵدا، دەکرێ زیاتر سەرنج بدرێتێ:

زەمانێک ناوەندە ئەمنی و فەرهەنگییەکان کوردیان بە مرۆڤێکی دڕندە و سەربڕ باس دەکرد، ئێستاکە سەربەرزی و ڕووسووریی ئەو گەلە چەوساوە لە گەمارۆی دەسەڵاتدا نەماوە، هەر بۆیە ناتوانن وەکوو جاران بە ویستی خۆیان پێناسە بۆ خەڵکی کورد بکەن. بۆیەش جاروبار لە سریاڵگەلێک وەکوو "نون خ" ناتوانن بەتەواوی مافی فەرهەنگی و هونەری و مێژوویی کورد پێشێل بکەن. چون ئەوانیش بەو قەناعەتە گەیشتوون کە چیتر تەنانەت خەڵکی خۆیان بڕوایان پێ ناکا و دروشمە دژەکوردەکانیش ڕۆژ بە ڕۆژ سواوتر دەبن. ئەمەش بەجۆرێک دەتوانین ئاوای کورت بکەینەوە یەکەم مانەوە و بەردەوامی کوردە لە خەباتی فەرهەنگی و سیاسی و لە لایەکی دیکەش کۆمەڵگەی بژاردە و نوخبەی کوردیش کاریگەرییەکی پۆزتیڤیان لەسەر ئەو ڕەوتە داناوە. ئەگەر لە پارتێکی ئەو سێریاڵەدا کورد مرۆڤێکی



هەڕەمەکی و ساویلکە و بەدوورە لە شارستانییەت، بەڵام لە ئاڵقەیەکی دیکەدا جوامێریی خەڵکی کورد نەشاردراوەتەوە.

خاڵێکی دیکە باسی زمانی دەق و تێکستی ئەو بەرهەمەیە کە بەتوندی لە لایەن نووسەران و قەڵەمبەدەستانی کوردەوە ڕەخنەی لێگیرا. وەکوو باس کرا شوێنی سازکردنی ئەو بەرهەمە نیزیک شاری دینەوەری دێرین لە کرماشانی زێڕینە کە هەموو کات ئەو پارێزگایە شوێنێکی هەستیار بووە بۆ حکوومەتەکان و یەکێک لەو ڕێگایە کە دەسەڵات هەوڵی زۆری بۆی داوە بواری زمان و کولتوورە. ناوەندە فەرهەنگی و ئەمنییەکانی ڕێژیم زۆر باش دەزانن لە سایەی ڕەشی زمانی هێژمۆنیخوازی فارسییدا دەتوانن هەرچەشنە چرۆی سەرهەڵدان و مافویستیی گەلی کورد لەو بەشە گرینگە لە کوردستان سیس و ژاکاو بکەن. بۆیە بەوردی و پلاندارێژراو کاری بۆ دەکەن و هەوڵی سەرەکییان ئەوەیە هەموو کات سنوورێکی زمانەوانی لە نێوان کرماشان و ناوچەی ئەردەڵان و بە تایبەتی موکریان وەکوو ناوەندێکی گرینگ بۆ سیاسەتی کورد ساز بکەن. بێگومان "زمان" لەو سریاڵەش هێڵی سووری ڕێژیمە و زمانی ناوچەی دینەوەر و کرماشان تەنیا تا ئاست "گیان" وتنێک بێگیان کراوە.

ئەگەر بە شێوەی هەڵسەنگاندن باسی "نون خ" بکەین نە تەنیا لە ڕەهەندی هێرشبەرانەوە دەبێ باس لە خاڵە بەرچاوەکانی ئەو سریاڵەش بکەین. لە بیرمان نەچێ ئەو سریاڵە وەکوو زۆربەی چالاکییەکانی دیکە لە سێبەری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا ساز کراوە. هەر بۆیە نابێ نیشانە بەهێزەکانیشی نادیدە بگیردرێ.

یەکەم لە چەند سکانس لەو سریاڵە کە باس لە بوومەلەرزەی کرماشان دەکرێ بۆ نواندنی بەشێکی چووکە لە نەهامەتییەکانی ئەو کارەساتە ئەو دراما تەنزە پاڵ بە تراژدیاوە دەدا و بە ئاوازی دڵهەژێنی "بێبراری بێبراری بێبراری کوشتمی" خەمساردی و خۆدزینەوەی بەرپرسانی نابەرپرس باس دەکرێ!

باس کردن لە بەهێزی و جێگەی متمانەیی ڕێکخراوە مەدەنییەکان کە لە کارەساتی بوومەلەرزەی کرماشان کە شاکارێکیان نواند لە مرۆڤایەتی و نیشتماندۆستی لە چەند سکانسی ئەو سریاڵە نیشان لەوەیە کە خۆبەڕێوەبەریی خەڵکی کورد و پێشەنگایەتیی کوردستان لە چالاکیی مەدەنی و ڕێکخراوەکانی "مردم نهاد" بووەتە ئەمری واقیع و حاشاهەڵنەگرە و ڕاست ئەمەش بە زیانی دەسەڵاتی تۆتالیتێری کۆماری ئیسلامییە.

کاریگەریی بژاردەی کورد و هەوڵدان بۆ باشتر دەرکەوتن و جوانتر نیشاندانی کوردستان بە پێی ئیمکان و ئیزنی دەسەڵات دەتوانێ وەکوو هەوڵێکی باش سەیر بکرێ و جێگەی خۆیەتی کە شێوەی هەڵوێست گرتن بەرانبەر بە بژاردەی کوردی نێوخۆی وڵات و تەنانەت نێو دامودەزگای ڕێژیم بە جۆرێک نەبێ کە بە دوودەستی بخرێنە باوەشی حاکمیەتەوە. دەبێ هەڵسوکەوت و ڕەفتاری فەرهەنگی و هونەری و سیاسیی بژاردەی کورد بە وردی و بەدوور لە هێرش کردن و ناوزڕاندن هەڵسەنگێندرێ و پێیان بگوترێ کە دەسەڵاتەکان دێن و دەچن ئەوەی کە بە جوانی لە ئاوێنەی مێژوودا دەمێنێتەوە. دەروەستبوون بە خەڵک و کەرامەتی هونەری و مرۆڤایەتی و نیشتماندۆستییە و ئەو نیشتمانەش بەشی ئەوانیشی بۆ خزمەت تێدایە.

یەکەم لەو درامایەدا باس لە شوێنێکی گرینگ لە کوردستان دەکرێ، بەڵام ڕوون نییە کوێیە و چ شارێکە لەوێدا. باس لە خەڵکی شار دەکا بەڵام بە لۆکەیشن و فەزایەکی گوندییە کە هەر زوو دەنگی کۆمەڵگەی کوردی بەرز کردەوە. بەڵام ئەوەیکە بۆ وردبوونەوەی زیاتر خودی دەسەڵاتیش ناچار بووە و لە هێندێک شوێن یان مل بە هەبوونی کۆمەڵێک تایبەتمەندیی کولتووریی کورد بدەن یان بە جۆرێک بۆ سەرنجڕاکێشانی بینەر چاوپۆشی لە ڕوانگەی دەرهێنەرەکەی بکەن.

بەکارهێنانی دەنگی کەڵە هونەرمەندانی کورد وەکوو سەید عەلی ئەسغەری کوردستانی، حەسەن زیرەک، مەزهەری خالقی، ناسری ڕەزازی، شەهاب جەزایری، حشمەتوڵڵا لورنژاد هەتا حوسێن سەفامەنش کە لە ڕوانگەی جۆراوجۆرەوە تەتەڵە کرا. بەشێک لەسەر ئەو باوەڕەن کە دیسان ناوەندە ئەمنی و فەرهەنگییەکانی ڕێژیم لە پیلانێکی دیکەدا ویستیان بە ئیزندان بە بڵاوبوونەوەی دەنگی ئەو هونەرمەندانە بە تایبەتی ڕەزازیی شۆڕشگێڕ بڵێن کە پیرۆزییەکانی ئێوە تا ئاست تەوس و تەنزێکی فرۆفیشاڵ بۆ ئێمە نزمە و لە لایەکی دیکەش خەڵکی کورد و بینەرانی ئەو سریاڵە تووشی سەرسووڕمان بکەن. بەڵام بە ڕای قەڵەمبەدەستانی دیکە، کورد لە سیستمی کۆماری ئیسلامی و ناسیۆنالیزمی کوردی دوای چوار دەیە نە تەنیا نەتوێنراوەتەوە، بەڵکوو بە هۆی خەباتی فرەچەشن و هەروەها هەبوونی ماس میدیا چیی تر دەسەڵات ناتوانێ بە ڕوانگەی دەیەی ٦٠ـەوە سەیری کورد و فەرهەنگ و هونەری کوردی بکا.

بێگومان کوردبوونی دەرهێنەر و بەشێکی بەرچاو لە ستافی ئەو سێریاڵە لە بەکارهێنانی مووسیقییەکی جوان و ڕازاوە و ڕەسەنی کوردی بێکاریگەر نەبووە، بەڵام ڕەخنەی ئەوەش دەگیردرێ کە نەدەبوو سامانی بەنرخی مووسیقیی کوردی لە تەنزێکی بێنرخ بە مەبەستی مووسیقیی مەتن و دەقدا بڵاو بکرێتەوە.

لە گەنگەشە و هەڵسەنگاندنی ئەو سێریاڵە بەشێکی دیکە باس لەوە دەکەن کە دەرکەوتنی کورد و هێما کوردییەکان لەو سێریاڵە ئەویش لە دەنگ و ڕەنگی کۆماری ئیسلامی شتێکی نوێیە و نابێ بە دەمارگرژییەوە سەیری بکرێ و دنیای تەنز بێسنوورە! لە بەرامبەر ئەو قسانەشدا وڵام هەیە کە ئەساسەن کێشە نییە کە لەو سێریاڵە تەنزەدا کورد بووەتە سووژە، بەڵکوو پرسیار ئەمەیە کە بۆچی لە سەرجەم سریاڵی هاوشێوەدا مرۆڤی فارس بە تایبەتی بە بنزاراوەی فارسیی تارانی، مرۆڤێکی باڵادەست و فەرهەنگ بەرزترە و سەروگەردنێک لە خەڵکانی دیکە سەرترە؟ ئایا ئەوە ناڕاستەوخۆ باس لە سیکلی دەسەڵاتداریی فارس لە ئێران ناکا؟ یا بە جۆرێک بانگەشە بۆ سانترالیزمێکی فەرهەنگی و زمانی ناکا؟ ئایا خەڵکانی غەیرەفارس بە تایبەتی کورد زیاتر تووشی خۆبەکەم زانین ناکا؟ هەروەها ئەگەریش ئاسایی بێ، لەگەڵ شۆخی کردن بە خەڵکی کورد بە تێچووی میلیاردی، با جارێکیش لە ئاستێکی کەمیشدا بووبێ فیلم یان بەرهەمێکی سەنگین و ڕەنگین لەسەر مێژوو، فەرهەنگ، هونەر و شۆڕش و کەسایەتییەکانی کوردیش بەبێ چەواشەکاری ساز بکرێ. بەڵام وا دیارە ئەگەر

***




# دەستنیشان کردنی بەهای مافە مرۆییەکان



شاڕۆخ حەسەنزادە

**١. دەستنیشان کردنی بەهای مافە مرۆییەکان لەسەر بنەمای پشتیوانی لە کەرامەتی مرۆڤ لە بەستێنی ژیانی کۆمەڵایەتیدا**

ئەم لێڕوانینە ئامانجەکەی ئەوەیە کە، دەبێ ماف بەستێنی وەدیهاتنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان لەبار بکا و ئەم ئارمانجانەش بەپێی بناخەی بەشداری پێکردنی هەرچی زۆرتری کۆمەڵانی خەڵک بۆ پرۆسەی کۆمەڵایەتی دابین بکا. هەتا بەم شێوازە کەرامەت و مەزنایەتیی ئینسان پارێزراو بێ. بەپێی ئەم پلانە بەشێک لە بیردۆزانی مافەکانی مرۆڤ هەوڵیان داوە، سیستەمێکی کۆک و پۆشتە لە نۆرم و ڕێسا مافە مرۆڤیەکان دابڕێژرێ («لاسوڵ چێن و مەک دۆگاڵ») کە لەسەر بنواشەی پاراستنی گەورەیی ئینسانەکان بێ. ئەم شێوازە بە باشترین جۆر لەلایەن ئەم خودانهزرانە بە کەلکوەرگرتن لە هەموو جۆرە بەشەکانی زانستی کۆمەڵایەتی، هەر لە ئابوورییەوە هەتا زانستە ڕامیارییەکان و دەروونناسی و ئەو بۆچوونەی کانت کە بەهێزترین بەرگری خۆی لێکردووە، بۆ جیلی دووهەم و سێهەم دەبێتە بنەما. چونکە کەرامەتی ئینسانی و بێڕێزی نەکردن و سووکنەکردنی ئەوە کە دابینکردنی کۆمەڵایەتی، ستاندارده تەناهی و ئاسوودەییەکان، دەست وێڕاگێشتن بە لانیکەمی ئاشتی، پەروەردە و ڕاهێنانی مرۆڤ تەوەر و... بۆ شارۆمەندانی خۆی دەخولقێنیت.

سیستەمی دەوڵەتی لیبراڵ و لانیکەمی ناچارەن ناتوانێ پاڵپشتی بەستێنی مافەکان مرۆڤ بێ؛ بەڵکوو حکومەتی مافی مرۆڤی، دەوڵەتی مرۆڤتەوەر و کەرامەتییە کە دەتوانێ لە قەوارەی سیستەمێکی ئاسایشی یان شێوازێکی تر بگاتە چلەپۆپەی خۆی. ئەو دەوڵەتە بەر لەوەیکە سیاسی و ئابووری بێ، لایەنی ئەخلاقی هەیە. کۆمەڵناسی، ماف وەک کۆمەڵێک ڕێسا پێناسە دەکا کە خاوەن ماکەی بەهێز بوون و کۆنترۆڵ بزانێ کە تایبەت بە مەبەستی وەدیهاتنی ئامانجە کۆمەڵایەتییەکان بێ، هەر بۆیە لەم نیزامە هزرییە، دەبێ سیاسەتدانەران و توێژەران ئەو بەها دیارانە دەست نیشان بکەن و ماف وەک پردێک و خزمەتێک بۆی وێنا بکەن. ئەوان باس لە ٨ جۆرە بەها و ئەرزش دەکەن کە لەسەر یەک گەورەیی و کەرامەتی مرۆڤ لەسەر هەڵدەچنرێ:

١) **دەسەڵات**، دەبێ بزانین بە چ ڕادەیەک ئەندامانی کۆمەڵگە لە گۆڕانی دەسەڵات بەشدار دەبن.

٢) **سامان**، هەتا چەندە ئابووریی تەکووزی دەکاتە سەر پاشەکەوت و سەرمایەدانان؟ بۆ ئاستی بەرەوسەرێی هەڵکشانی تێچوو؟ بە دەمژمێر؟ کاری کەمتر؟ یان بە چ شێوازێک دەبێ؟

٣) **ڕێزگرتن**، ئایا پێگەی کۆمەڵایەتی تاک بۆ چۆنیەتیی ڕەوشی بنەماڵەیی بۆ کاتی لەدایک بوونی دەگەڕێتەوە؟ یان باقی تایبەتمەندییەکانی تر، جیا لە شیاو بوونی تاک؟

٤) **ئاسوودەیی**، ئەو سیاسەتانەی لەهەمبەر کۆنترۆڵی زاوزێ، پاراستنی بەساڵاچووان، بەرگری لە خەڵک لەبەرامبەر ڕووداوەکان، نەخۆشە و لەکار کەوتن، پێش گرتن بە توندوتیژی کەسی و گشتی، ساخلەمی، ئاسایش و ئاسوودەیی، هەتا چەند بۆ خزمەتی خەڵکی بووە؟

٥) **شارەزایی**، شاندی سیاسی کۆمەڵگە هەتا چەندە لە ڕەخسانی دەرفەت بۆ دۆزینەوە و ڕاهێنانی کارامەیی جێ پەسندی کۆمەڵایەتی بۆ هەمووڵایەک پابەندە؟ ئایا دەستوێڕاگێشتنی گشتی و بەرامبەر بە پێداویستییەکانی پەروەردە بوونی هەیە؟ ئەو شارەزایی و کارامەییەی تاکەکانی کۆمەڵگە؛ دەستنیشان و هاوکاری کراون؟

٦) **تێڕوانین**، کۆمەڵگە هەتاچەند یارمەتی کۆکردنەوە و ڕاگواستنی زانیارییەکان دەکا؟ بۆ میناک ئایا ئازادی چاپەمەنی، لێکۆڵینەوە و ڕاپۆرتەکان دابین کراوە؟ هاوکارییە ئەرێنییەکانی وەک هاندان و کەڵک وەرگرتن لە سەرچاوەکان هەتا چەند کراوە؟

٧) **پەرستن**، شاندی سیاسیی کۆمەڵگە چ ڕادەیەک پشتیوانی لە ئازادی پەرستن و پرۆپاگەندەی دینی دەکات؟

٨) **خۆشەویستی**، چەندە پشتیوانی لە بنەماڵە و باقی دامەزراوە خزمایەتییەکان و یەکیەتیی خێزانی کراوە؟

ئەو بیرمەندانەی باسمان کردن؛ تەوفیرێکی زۆر لە نێوان داواکاری هاوبەش و فرەی مەردم بۆ بەها مرۆڤایەتییەکان لەلایەک و هەروەها «حەشیمەت، سەرچاوە و ڕێوشوێنی جێگیر» وەک «هۆکارگەلی ژینگەیی» دەست وێڕاگێشتنیان لەلایەکی تر دادەنێن. ئەم جیاوازییە بە هۆی بەرهەمی کورتماوە بووە و بەرژەوەندی هاوبەشی زاف لە بەهای مەزنایەتی هەروەک بەرژەوەندی تایبەت کە لە ئاکام هۆکارگەلی مەیل و ئینتیما خۆیا دەبێت. بە باوەڕی ئەوان، ئاکامی کۆتایی گەیشتن بە کۆمەڵگەی جیهانییە کە لەوێدا دابەشکردنی دیموکراتیک، بایەخ و بەهاکان هان دەدرێن، سەرجەم سەرچاوەکان بە هاوسەنگی وبێ جیاوازی لەبەردەستن و پشتیوانی لە کەرامەتی ئینسانی وەک بەرزەئامانج دەبێتە هێڵی سەرەکی کۆمەڵایەتی.

**٢. لە بواری ئۆلی**

لە کتێبە پیرۆزەکانی هەر سێک ئۆلی سامی (جوولەکە، کریستیان و ئیسلام) بەڕوونی باسی بەخشینی کەرامەت و مەزنایەتی مرۆڤ؛ لە ئالی خواوە کراوە. پلەی تایبەتیی مرۆڤ لە نێوان خولقێنراوەکان وەک بوونەوەرێک کە خوا بە باشترین شێواز خەلقی کردوە و لە ڕۆح و هەناسەی خۆی پێداوە، هێزی بیر کردنەوە، زانست و دەستەڵاتی پێداوە و لە بان فریشتەکانی ڕۆنیشاند، لە سەرچاوە ئۆلییەکان باسیان کراوە.

**درێژەی هەیە**

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 774 20 May 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com

# لە پێوەندی لەگەڵ هێندێک هەوڵی پڕ لە هەڵەدا!

**خەڵکی خۆشەویستی کوردستان!**
**ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان!**

ماوەیەکە هێندێک کەس و لایەن خەریکی هەڵدانەوەی قەتماغەی کۆنەبرینی نێو بزووتنەوەی کوردستان و باسکردن لە کۆمەڵە ئەزموونێکی ماوەبەسەرچووی شەڕی خۆبەخۆی نێوان حیزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانن. لەم هەوڵە پڕ لە هەڵەیەدا کە جیا لە دڵخۆشکردنی دوژمنان و شێواندنی بیروڕای گشتیی خەڵک بۆ ماوەیەکی کاتی، هیچ دەسکەوتێکی لێ دەستەبەر نابێ، بە مەبەستی جۆراوجۆر و بە ناڕەوا و بەلاڕێدابەرانە قسە لە هەڵوێست و سیاسەتەکانی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرانی ئەم حیزبە دەکرێ کە لێرەدا نەک بە مەبەستی وڵامدانەوەیان، بەڵکوو تەنیا بۆ دڵنیاکردنەوەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان، ئەندامان و تێکۆشەرانی حیزب، کورتە ڕوونکردنەوەیەک بە پێویست دەزانین.

١_ حاشا لەوە ناکرێ کە لە مێژووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەشدا هێندێک ئەزموونی تاڵ و پڕ ژان هەن کە پێویستە بۆ دووبارە نەکردنەوەیان دەرسیان لێ وەربگرین. بۆیە هێنانەوە بەر باسیان تەنیا بە مەبەستی کولاندنەوەی برینەکان و هێرشکردنە سەر لایەنەکان، نەک دروست نییە، بەڵکوو هەڵە و نابەرپرسیارانەیە.

٢_ لە هێنانەئارای ئەم باسانەدا زۆر جار بە ناڕەوا و بوختان پێکردن، ناوی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ڕێبەرانی دێتە ئاراوە کە ئەمە شێوازێکە لە بێپرنسیپی و، حیزبی دێموکراتی کوردستان لە سەر بنەمای باوەڕمەندبوون بە زەروورەتی یەکڕیزی و تەبایی نێوان حیزب و لایەنەکانی کوردستان، وروژاندنی ئەم باسانە – ئەویش بۆ مەبەستێکی تایبەت کە بێگومان خزمەت بە قۆناغی ئێستای خەباتەکەمان ناکا – بەهەڵە و نابەجێ دەزانێ.

٣_ حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر وەک لە ڕابردوودا ڕایگەیاندوە، خۆی لەم قسە و باسانە بێبەری دەکا و هاوکات پەنابردن بۆ بڵاوکردنەوەی هەر بەڵگە و دیکۆمێنتێکی پێوەندیدار بە قۆناغە پڕ لە ژان و خەسارەکانی نێو بزووتنەوەی کوردستان _ بەمەبەستی بیرهێنانەوەی شەڕ و ئاڵۆزیی نێوخۆیی بە مەرامی ناکۆکی نانەوە_ مەحکووم دەکا.

یەکگرتوویی و یەکڕیزی ڕەمزی سەرکەوتنی خەباتمانە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**کۆمیسیۆنی تەشکیلات**
**٢٣ی بانەمەڕی ١٣٩٩**

# دوو سێمیناری سیاسی_تەشکیلاتیی سکرتێری گشتیی حیزب لەگەڵ ئەندامانی حیزب لە دەرەوەی وڵات



لە وڵاتانی سوئێد و نۆرویژ دوو سێمیناری سیاسی_تەشکیلاتیی بۆ سکرتێری گشتیی حیزب پێکهات. لەم سێمینارانەدا کە لە ڕێگەی ئینتێرنێت و بە شێوەی ئانلاین بەڕێوە چوو، بەڕێز خالید عەزیزی کۆمەڵێک باس و بابەتێکی سیاسی و تەشکیلاتیی لەگەڵ بەشێک لە ئەندامانی دەرەوەی وڵات هێنایە بەرباس.

خالید عەزیزی بە سەرنجدان بە دۆخی نێوخۆیی کۆماری ئیسلامی و هەروەها هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکان باسی لە هەلومەرج و ئەگەرەکانی داهاتووی ئەم وڵاتە کرد و گوتی: «لە داهاتوویەکی نزیکدا و بە تایبەتی دوای هەڵبژاردنی سەرۆککۆماریی ئەمریکا، ئەگەری ئەوە هەیە کە ئاڵوگۆڕێکی جیددی لە ئێران بێتە ئاراوە کە دەبێ ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان و هێزەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەرنامە و پلانی خۆمان هەبێ و هەوڵ بدەین بە یەکڕیزیی نێوماڵی خۆمان و هەروەها هاوکاری لەگەڵ حیزب و ڕێکخراوەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هێزە سەرانسەرییە ئێرانییەکان، سەنگ و قورسایی کوردستان دەرخەین.»

سکرتێری گشتیی حیزب پاشان بە گرینگیدان بە چالاکییەکانی نێوخۆی وڵات ڕایگەیاند: « ئێمە نابێ تەنیا وەک هەواڵ چاو لە تێکۆشانی خەڵک لە نێوخۆی وڵات بکەین و دەبێ بە گرینگیی زیاترەوە بڕوانینە ئەو تێکۆشانەی لەوێ دەکرێ، ئەوێ دەنگی بەهێزی ئێمەیە. ئێمە دەبێ گرینگیی نێوخۆی وڵات کە بەخۆشییەوە حیزبی ئێمە زۆری سەرنج دەدا، وردتر بەرنامەڕێژی بۆ بکەین، بە جۆرێ کە بیهێنینە ئاستێکی سەرەوەتر. هەموو پرۆژە و گرینگیی کاری ئێمە وەک حیزبی دێموکراتی کوردستان نێوخۆی وڵاتە.»

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا باسی لە گرینگیی هەبوونی هاوئاهەنگی لە نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەوڵدان بۆ گەشەپێدان و چالاک کردنی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران کرد و وتی: «پێویستە بۆ پێشگیری لە سستبوونی هەنگاوەکانمان هاوکارییەکانمان چڕتر بکەینەوە.»

# کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە مەبەستی تاوتوێی چەند بابەتێکی کاریی ناوەند و هەڵسەنگاندنی بارودۆخی سیاسیی ئێران و کوردستان کۆبوونەوەیەکی پێکهێنا.

لەم کۆبوونەوەیەدا کە ڕۆژی چوارشەممە، ٢٤ی بانەمەڕ بە بەشداریی هەیئەتەکانی حیزبەکانی ئەندام لە ناوەندی هاوکاری و لە ڕێگەی سکایپەوە بەڕێوە چوو، وێڕای باس و هەڵسەنگاندنی بابەتە ڕۆژڤەکانی ئێران و کوردستان، بڕیار لەسەر چەند بەرنامەیەکی کاری و مەیدانیی ناوەندی هاوکاری درا.

لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا بەڕێز عومەر باڵەکی، ئەندامی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بەرپرسایەتیی دەورەیی ناوەندی هاوکاریی لە ئەستۆیە، باسێکی گشتیی لەسەر دەستووری کاری کۆبوونەوەکە و ئەم مژار و بابەتانە کرد کە ناوەندی هاوکاری پێویستە بە بەرچاوڕوونیی زیاترەوە کاریان لەسەر بکا.

لە بڕگەی یەکەمی کۆبوونەوەکەدا چەند بەڵگەنامە و پرۆژەیەکی کاریی ناوەند لە لایەن بەشدارانەوە هەڵسەنگێندرا و بۆ بڕیاردان لەسەریان بۆ کۆبوونەوەکانی داهاتووی ناوەند داندرا.

ئێرانی دوای کۆرۆنا و بەرپرسایەتیی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی و ناوەندی هاوکاری لە فازی نوێی نارەزایەتییەکان و خەباتی سیاسی و مافخوازیی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران و کوردستان، تەوەری سەرەکیی باسەکانی ئەم کۆبوونەوەیە بوو.

ناوەندی هاوکاری لەو بارەیەوە ڕای وابوو کۆرۆنا ئێستاش پرسی جیدیی کۆمەڵگەی ئێرانە و بڕیاری حکوومەتی ئێران بۆ ئاساییکردنەوەی بارودۆخەکە بۆ ئابووریی دارماوی دەگەڕێتەوە کە توانای بەرگەگرتن لەبەرامبەر ڕێکارە بنەڕەتییەکانی وەک قەرەنتینە و ڕێگری لە کۆبوونەوە و هاتوچۆی نییە.

ناوەندی هاوکاری بە وەبیرهێنانەوەی کەمتەرخەمی و خۆدزینەوەی ڕێژیم لە بەرپرسایەتییەکانی لە پێوەندی لەگەڵ دابینکردنی پێداویستییەکانی خۆپاراستن و ڕێگری لە تەشەنەسەندنی کۆرۆنا بۆ خەڵک و پێڕاگەیشتن و چارەسەری پزیشکی بۆ توشبووانی کۆرۆنا، تیشکی خستە سەر ئەوەی هەتا ئێستاش هەوڵەکانی ڕێژیم بۆ کەلکوەرگرتن لە بارودۆخی کۆرۆنا بۆ لابردنی سزاکانی سەر خۆی درێژەی هەیە. ناوەندی هاوکاری ڕای وایە کە ڕێژیم ئەمجارەش نەیتوانی وەڵامدەری قەیرانە سروشتییەکان بێ، بەڵام لە دڵی ئەو قەیران و



نەهامەتییانەشدا کە بەرۆکی کۆمەڵگە دەگرن و بەهۆی بێکیفایەتیی بەرپرسانی ڕێژیمەوە زیان و خەسارەکانی بۆ خەڵک چەند قات دەبن؛ ڕێبەرانی ڕێژیم تەنیا مانەوە و بەرژەوەندییەکانی خۆیان بۆ گرینگە. وەک چۆن ئەمجارەش بە بەبارمتەگرتنی خەڵک ویستیان بە کەلکاوژوو لە پەتای کۆرۆنا دەسکەوتی سیاسی و ماڵی بۆ ڕێژیمەکەیان دەستەبەر بکەن.

ئەندامانی ناوەندی هاوکاری لە درێژەیان باسەکەیاندا، لەپێناو بەردەوامیی خەباتی سیاسی و ئەو بەرگژانەی دەبێ بۆکۆماری ئیسلامیی دروست ببن، کۆمەڵە ئەرک و ڕاسپاردەیەکی بۆ ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی لە ئاستی ئێران و بەتایبەت ناوەندی هاوکاری لە کوردستاندا دەستنیشان کرد.

کۆبوونەوەی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستان پاش تاوتوێی چەند خاڵی دیکە لە پێوەندی لەگەڵ کار و ئەرکەکانی داهاتووی ناوەند، کۆتایی پێهات.

بەرلەماڵاوایی

# هونەری ناڕازیی هۆنراوەکانی «هادی یەزدانی»


هەردی سەلیمی

یەکێک لە دەرهاویشتەکانی دەسەڵاتە تۆتالیتێرەکان، سەرهەڵدانی هونەری ناڕەزایەتیدەربڕە. ئەم جۆرە لە دەسەڵاتانە بەباشی ئاگاداری کاریگەریی بەرچاوی هونەر لەسەر هەست و نەست و چۆنیەتیی بیرکردنەوەی مرۆڤەکان و بە دوای ئەودا ئاکاریانن؛ هەر بۆیە بە شێوەیەکی تەواو سیستماتیک هەوڵی دەستبەسەردا گرتنی دەدەن و لەم سۆنگەیەوە هەموو ناونیشان و سەرچاوەی دەستپێڕاگەیشتنەکان دەبەنەوە لای خۆیان. کۆماری ئیسلامیش کە دەسەڵاتێکی ئیدئۆلۆگە بەدەر لەم ڕێسایە نییە بە تایبەت بە سەرنجدان بەوەی کە هەر دوو ڕێبەری ئەم ڕێژیمە جیا لە پێگەی ئایینییان ئیدعای ئەدیببوون و هۆگری بە ئەدەبیات و بە تایبەت شێعریان –وەک لکێک لە لکەکانی هونەر کە مەبەستی ئەم بابەتەشە– هەبووە و هەیە.

لێرەدایە کە ڕۆڵی هونەرمەندانی سەربەست و دەرووەست خۆ دەردەخا، ئەرکی سەر شانی ئەم هونەرمەندانە تێراو کردنی ڕۆحی توونیی ئەو کەسانەیە کە بە دەم بانگەوازی دەسەڵاتەوە ناچن و لەوەش دەگەڕێن دەرد و ئازارەکانیان لە شوێنێکدا بنوێندرێ. بێجگە لەوەی کە هەست بە پێویستیی ڕەنگدانەوەی ئازارەکانی ئەو کەسانە دەکرێ و پێویستیشە هونەرمەندان لەم حەز و پێویستییە تێبگەن و لە باشترین و گونجاوترین کاتدا پەیامە تاکییەکان بە گشتی بکەن. سەرەکیترین بنەمای بەدیهاتنی کارە هونەرییەکانیان ناڕەزایەتی لە دۆخی ئاراییە، بە بۆنەی ئەوەشەوە کە بەرەوڕووی سیستمێکی داخراون؛ بە ناچار دەبێ بۆ دەورلێدانەوەی سانسۆر و زەبروزەنگەکان پەنا ببردرێتە بەر سەمبولەکان. هەرچەندە لەم ساڵانەی دواییدا ئێمە شایەدی ئەوە بووین کە هونەرمەندان لە ئێران بە ڕاشکاوی و ڕاستەوخۆییەکی بوێرانەتر لە پێشوو هەستی خۆیان دەربڕیوە.

هونەری ناڕازی بە تایبەت لە جۆری شێعرییەکەی هەڵگری چەند تایبەتمەندیی دیاری وەک ناڕەزایەتیدەربڕین بەدژی زوڵم و زۆر، نافەرمانی لە بەرامبەر ڕێسا زاڵەکان، باس لە دەرد و ئازاری مرۆڤ، هەست بە پێویستیی گۆڕانی دۆخ، وشیارکردنەوەی خەڵک، هاندانی هەر ئەو خەڵکانە بەرەو خولقانی گۆڕانکاریی بنەڕەتییە. لەم بەشەدا شاعیران ناونیشانی شاری ئاواتەکانی خۆیان کە لەوێدا هیچ باسێک لە ناعەداڵەتی، زوڵموزۆر، گرتن و کوشتن و ... نییە، بە خوێنەر و بەردەنگەکانی خۆیان دەدەن و، بۆ گەیشتن بەم شوێنە کە پڕاوپڕ لە ئاسایش و ئارامشە تووی سەرهەڵدان و هیوا لە خاکەکەیدا دەچەنێن و، هەڵگرتنەوەی بەرهەمەکەشی دەسپێرن بە خەڵکانی هەڵوەدای ئازادی و یەکسانی.

بەم پێشەکییەوە دەمەوێ چەند پارچە شێعرێکی شاعیری تازە کۆچ کردوو «هادی یەزدانی» بێنمەوە کە بە بوێرانەترین شێوە ڕەخنەی لە ئاکارەکانی کۆماری ئیسلامی گرتوە:

لە شێعری «چراغی کە خورشید میستود»دا کە نزیک بە ساڵێک لەمەوبەر و بە بۆنەی ساڵڕۆژی تێرۆری شەهید دوکتور قاسملوو هۆنیوەتی، لە پێشەکییە کورتەکەیدا پێشکەشی کردوە بە «دوکتور کە ئەم ڕۆژانە نەبوونی، ناخۆشتر لە هەر کاتێکی ترە»؛ بە داخەوە هەر لەم کورتە دێڕەدا ڕاستییەکی تاڵمان وەبیر دێنێتەوە و لەوە ئاگادارمان دەکاتەوە کەسایەتییەکی گەورەتر لە ئاستی بیرکردنەوەمانمان لەدەست داوە. ناوی شێعرەکەش کە ڕوونە و هێمای ڕووناکایی ئەم تاریکە ڕێیەی خەباتی چەندین ساڵەی گەلی کوردە. لە بەشی دووەمی شێعرەکەیدا ئاماژە بە دووربینیی دوکتور قاسملوو و ئاستی نزمی تێگەیشتنی زۆر یەک لە ڕۆڵگێڕانی ئەو کاتی گۆڕەپانی سیاسەتی ئەم وڵاتە دەکا و لە زمانی ئەوەوە پرسیار دەکا «سەفەری دێموکراسی بە نەعلەین* کوا دەبێ؟! دانیشتنی مینبەر و وتوویژ لە کوێدا هاتوە؟!» لە درێژەیدا باسەکە دێنێتەوە سەر ڕووناکاییەکە و بە بەکاربردنی هێمای چرا و خۆر و، هێمای شەمشەکوێرە و کەمتیار و قەلەڕەشەش بۆ دوژمنانی و هەروەها لە دوایین بەشیشدا بە پێناسەی یار و هاوڕێی گەل، پێگەی ڕاستەقینەی دوکتور قاسملوو دەردەخا.

شێعرەکانی ئەم دواییانەی «هادی یەزدانی» ڕوو لە دەرد و ئازارە دیارەکانی کۆمەڵگە بوو و، لەسەر هەر کام لە ڕووداوەکان هەڵوێستێکی نواندوە. لە ڕاستییدا لەم ژانرە لە شێعر وشە، چەکی پڕبایەخی شاعیر و گەورەترین سەرمایەیەکە کە دەتوانێ لەدەستیدا هەبێ. هادی یەزدانی لەم دەورە لە شێعرەکانیدا کەمتر ڕووداوێکی دیار و دڵتەزێنی ئێران هەیە کە باسی لێ نەکردبێ و خەمێکی لێ نەخواردبێ؛ سفرەی ڕازاوە و ڕەنگینی ئاغا و ئاغازاکان و دەستی بەتاڵ و تەزیو و گیانی لە خوێن هەڵکشاوی کۆڵبەرانی سەر سنوور، بۆنی بێنزین و بارووت و خوێن و گۆشتی گیانبەختکردووانی خەزەڵوەر، «ماسییە ڕەشە بچکۆلەکان»ی سەدی قشلاخی سنە کە هەڵوەدای گەیشتن بە دەریا بوون، ئەو ئازادی لە چوارچێوەی ناو و ئیرادەی بیست و پێنج ساڵ خۆڕاگریی «محەممەد نەزەری»، مافخوازیی «محەممەد حەبیبی»، مانگرتنەکانی «سمایل بەخشی» و «سپێدە قولیاندا» دەبینێتەوە و، جاری واش هەیە لە بەژنی کورت و ئیرادەی بەرز و قەندیلیی «زارا محەممەدی»دا بەدیی دەکا.

لە «دوایین ڕاپۆرت»یدا دۆخی جیهان خراپتر لەوە دەبینێ کە هەواڵ و ڕاپۆرتی لەسەر بڵاو بکاتەوە و ئەم خراپییە ئەوەندە کاریگەر بووە لەسەر حاڵەتی دەروونیی کە پێکەنینیش کۆچی کردوە لەسەر لێوی و ڕادەسپێرێ ڕادیۆکە بکوژێننەوە با گوێیان لێ نەبێ؛ بەڵام سەرەڕای هەموو ناخۆشی و خراپییەکانیش بەردەنگی دڵنیا دەکاتەوە کە هیچ کات گوێی لە وشەیەکی هیوابڕاوانە لە زمانی ئەمەوە نابێ و هیوای بە گۆڕان هەر ماوە.

***

* جۆرە سەرپاییەک کە زیاتر مەلایانی شێعە لە پێی دەکەن.